# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧١ ■ دووشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٣ _ ٢٠ی مەی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:**

## حەق وابوو ڕەئیسی لە مەحکەمەی خەڵکیدا دادگایی و بە سزای کردەوەکانی گەیشتبا

بێگومان ویستی سەرەکیی خەڵکی ئێران ئەوە بوو ئیبراهیم ڕەئیسی وێڕای جینایەتکارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی پێش مردن سەبارەت بە هەموو ئەو جینایەتانەی کردوویانە ڕاپێچی دادگا بکرێن و سزای تاوانەکانیان وەربگرن. بەڵام بەداخەوە لەسۆنگەی دەسەڵاتی ڕەشی ئیستبدادەوە هەتا ئێستا ئەم ماف و دەرفەتانە لە کیس خەڵکی ئێران دەچن...

خەڵکی ئێران کە قوربانیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامین شایانی بەدیهاتنی دادپەروەری و گەیشتن بە مافەکانیانن، بەڵام ئەوەش لەگرەوی بەرەوپێشچوون و تیندانی خەبات، گەشەی بزووتنەوەی نارەزایییەکان و سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی و دادگاییکردن و سزادانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەدایە. ئەرکێک کە دەبێ هەمووان لەسەری بەردەوام بین. (لە لاپەڕەی ٣دا بیخوێنەوە)

# جەللاد مرد

# مەرگی ئایەتوڵڵای ئێعدام پەروەندەی جینایەتەکانی داناخات

◆ سەروتار

## تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا

**عەلی بداغی**

لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی ئێستادا کە ئێران لای وایە بەلای بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا شکاوەتەوە، تەنیا چین و ڕووسیە وەک هاوبەشی ئابووری و هاوپەیمانی سیاسیی خۆی شک دەبات. لەنێو وڵاتانی ناوچەشدا کۆماری ئیسلامی زۆرترین چاوەڕوانیی ئەمەگناسیی لە سووریە و عێڕاق هەیە، چونکی خۆی بە ڕزگاریدەری سەرەکیی بەشار ئەسەد لە تەنگژەی بەهاری عەرەبی و شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە دەزانێت و هەروەها لای وایە عێڕاق سەبارەت بە لەکۆڵکردنەوەی مەترسیی داعش قەرزباری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەڵام مێژووی ڕووداوە هەستیارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆستی ستراتیژیکی نەبووە و نییە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەسەر ئەوە پێداگری کردوە کە بەناو پاراستنی تەواوەتیی ئەرزی بۆ ئەو هێڵی سوورە و لەسەر جوغرافیای سیاسیی ئێران تەعاروفیان لەگەڵ کەس نییە؛ کەچی پێوەندیدار بە پرسی سێ دوڕگەکەی ئەبوومووسا و تۆنگی گەورە و بچووک تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕووسیە دوو جار و چین جارێک ڕوویان لە ئێران وەرسووڕاندوە و دۆێنێ و پێرێش نۆرەی سووریە بوو پشت لە ئێران بکات و دەنگی بخەنە پاڵ دەنگی ئیمارات، لایەنی بەرانبەری ئێران لەو داوایەدا. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریە کە یەکێک لە بەشدارانی سیوسێهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی بوو کە ڕۆژی پێنجشەمم، ٢٧ی بانەمەڕ لە مەنامەی بەحرەین دەستی بە کارەکانی کرد، ڕۆژی هەینی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەی ئیمزا کرد کە لە یەکێک لە بڕگەکانیدا داگیرکاریی ئێران بەسەر سێ دوڕگەی ئەبوومووسا، تۆنبی گەورە و بچووک مەحکووم کرابوو. هەروەها داوا کرابوو کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گوشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تا خاوەندارەتیی ئەو سێ دوڕگەیە بداتەوە بە وڵاتی ئیمارات.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسکردن لەوە نییە کە ئاخۆ ئیدیعای ئێران یان داوای وڵاتی ئیمارات لەسەر خاوەنێتیی ئەم دوڕگانە کامیان ڕاست یان چەوتن، بەڵکوو مەبەست سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە نەیهێشتووە ئەم وڵاتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەتا ئێستاش هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی هەبێت.

مەحموود چەهارباغی، فەرماندەی تۆپخانەی سپای پاسداران لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨دا و لە وتارێکدا ئاشکرای کرد کە خامنەیی لە کاتی بەڕێکردنی...

درێژە بۆ ل ٢



## قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە!

لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە شەپۆلێکی دیکە لە فشارهێنان بۆ خەڵکی کوردستانی ساز کردوە و بە بیانووی جۆراوجۆری بێبنەما، ڕۆژانە خەریکی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنیی کوردستانن. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەبێ هیچ مۆڵەتێکی یاسایی خەڵک لەسەر کارەکانیان، لە ماڵەوە و لەسەر شەقامەکان دەستبەسەر دەکەن و ڕەوانەی گرتووخانەکانیان دەکەن و بەبێ ئەوەی مافی داکۆکیکردن لە خۆیان پێ بدرێت یان مافی وەکیلگرتنیان هەبێت، حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێنن

ئەم ڕەوتە لە گرتن و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان و جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناوەندە ئەمنیەتییە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەرخەری ترسی کۆماری ئیسلامی لە چارەنووسی نادیاری خۆیەتی. چارەنووسێک کە لەلایەک بە هۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و ئەمنیئەتییانەوە کە بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی خۆیەوە تووشی بووە و لایەکی دیکەوە بە هۆی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانەوە، ڕوو لە فەوتان و لەنێوچوونە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە دۆخ و هەلومەرجی نالەبار و نادڵخوازی خۆیان لە ئاستی نێوخۆی و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بەباشی تێدەگەن، ترس و دڵەڕاوکێی خۆیشیان لە ڕەفتار و هەڵوێستی ڕۆژانەی خەڵک کە نیشان لە بوونی بزووتنەوەیەکی مافخوزانەی بەرهەڵستاریی خەڵکە، ناتوانن بشارنەوە. بەڵام سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران کە ڕێژیم بە هەموو هێزیەوە هەوڵی بۆ دەدات و لێی بەردەوامە، نەتەنیا نیشانەی هێز و «ئێقتدار» نییە، بەڵکوو ڕاست بە مانای ترسەنۆکی و لەرزۆکییەتی.

ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا و ڕەفتارە جەماوەرییەکانی دیکەی وەک بایکۆتی دوایین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ١١ی ڕەشەممەی ڕابردوو و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی کوردستان و بەرەنگاریی ژنانی ئێران لە سەر شەقامەکان و بێدەنگنەبوونی چالاکانی سیاسی و کەسانی ئاکادمیک و زانکۆیی بەرانبەر بە ڕێژیم و بەردەوامیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە نارەزایەتیدەربڕین، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە، ئەم سەرکوتکارییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهیچ شێوەیەک نە دەتوانێ پاشەکشە بە بزووتنەوەی بەرینی مافخوازانەی گەلانی ئێران بکات و نە هیچ دەسکەوتێکی دڵخوازی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە.


**دیپلۆماسیی تەناهی و تێڕوانینی نێوان حکوومەتەکان**
ئازاد مستۆفی
٣

**کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
سمایل شەرەفی
٤

**زاراوەسازی لە وەرگێڕاندا، کێشە و گرفتەکان و چارەسەر**
مەسعوود بابایی
٦

**لە هەموو لایەکەوە دژی ژنان**
ئاسۆ مینەبەری
٩

**زینوێ بەتەم، ئاوێنەیەک بەرەو نیشتمانم**
قادر عەلیخا
١١

دریێژەی سەروتار

## تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا

٠٠٠ قاسم سولەیمانی بۆ سووریە پێی گوتوە پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریەم لە تۆ دەوێ بۆ ئەوەش دەستت بە هەموو شتێک ئاوەڵایە. هاوینی ڕابردوو لە کاتی هەککردنی بەڵگەنامەکانی نەهادی سەرۆککۆماریدا دەرکەوت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٥٠ میلیارد دۆلار پووڵ و سامانی وڵاتی ئێرانی لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بەفیڕۆ داوە. چوار ساڵ پێشیش لە خەرمانانی ١٣٩٩دا حیشمەتوڵڵا فەلاحەتپیشە، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی نیشتمانیی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی گوتبووی لە دە ساڵی ڕابردوو یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد پتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار بووە، بەڵام وەڵامدانەوەی بەشار ئەسەد ئەوەیە کە دەبینین!

خۆ جیا لەو پشتکردنەی ئێستای بەشار ئەسەد لە بڕیارنامەی کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیدا، کاتی هێرشی مووشەکیی ئیسڕائیل بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دەمیشق (١٣ی خاکەلێوە)ش ئەوە گوترا کە بەشار ئەسەد لە سەودایەکدا لەگەڵ ئەمریکا و ئیسڕائیل، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی فرۆشتوە و زانیاریی ورد و دەقیقی دانیشتن و شوێنی کۆبوونەوەکەی فەرماندەکانی سپای پاسداران لەلایەن ڕێبەرانی دەمیشقەوە بە ئیسڕائیل دراوە. هەر ئەوکات ماڵپەڕی "تسنیم" و "بولتن نیوز"ی نیزیک لە سپای پاسداران حاشایان لەوە نەکرد کە لە سووریە خیانەتیان لێ کراوە، بەڵکوو تەنیا پاکانەکەیان بۆ بەشار ئەسەد ئەوە بوو کە لەوانەیە زانیارییەکان لەلایەن کەسانی پلەخواری سوپای سووریەوە دزەی کردبێت و بە ئیسڕائیل درابێت!

پێوەندیدار بە چین و ڕووسیەش لە قۆناغە ناسکەکانی مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا قەت پشتی کۆماری ئیسلامییان نەگرتوە. چین و ڕووسیە وێڕای وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئیمزای "بەڵێ"یان بۆ هەر پێنج بڕیارنامەکەی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران و سەپاندنی سزای قوورسی ئابووری بەسەر ئەم وڵاتەدا کردبوو. بەتایبەت ڕووسیە نەک هەڵوێستەکانی ئەم دوو دەیەی ڕابردووی لە شوڕای ئەمنییەت و لە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دژی بەرژەوەندییەکان ئێران، لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیشدا بە تەواوی پشتی سەدامی گرتبوو و گەورەترین و گرینگترین سەرچاوەی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ عێراق بوو. ڕووسیە دواتریش لە ڕووداوەکانی قەفقاز، هەرێمی دەریایی خەزەر، گواستنەوەی وزە بۆ ئەرمەنستان، بەرجام و تێوەگلاندنی ئێران لە شەڕی ئۆکراین و زۆر ڕووداوی دیکەدا پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران بڕیاری داوە.

وڵاتی چینیش کە هەموو کاتێک خۆی وەک پشتیوانی سیاسی و ئابووریی ئێران پیشان داوە، لەڕاستیدا پتر لەوەی لە کاتە هەستیارەکانی وەک پرسی بەرجامدا پشتی ئێران بگرێت، بەتایبەت لە پرسی گەمارۆکانی سەر ئێراندا هاوهەڵوێستیی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا بووە. چین هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠ میلیارد دۆلار پارەی دەسبەسەرداگیراوی ئێرانی لە بانکەکانیدا گل داوەتەوە و نەوتی ئەم وڵاتەش بە داشکانێکی خەیاڵی دەکڕێ و لەبری پوڵ و دراو، کاڵای بێکوالیتیی جۆراوجۆری دەداتێ. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە کۆشکی هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە لە گرژی و ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکادا پکەن جامینی ئێرانی بوێت، بەڵام قەت ئەوە وەڕاست نەگەڕاوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر لە ساڵدا بڕی مامەڵە و سەودای ئێران لەگەڵ چین لە ساڵدا ٢٠ میلیارد دۆلار بێت، سەودای چین و ئەمریکا لەگەڵ یەکتری سەرەڕای شەڕی ئابووریی نێوانیان سەروو ٥٠٠ میلیارد دۆلارە. کەواتە چین تەنیا وەک بازاڕێکی بەکارهێنان و دەرفەتێک بۆ قازانجی زیاتر چاو لە ئێران دەکات و لەوە بەولاوەتر هیچی دیکە نییە. وەک چۆن زۆر بە خشکە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانی پێشوو لە وەبەرهێنان لە مەیدانی نەوتیی "یادئاوەران" و مەیدانی گازیی "ئازادەگان" چووە دەرێ و بەوە دەیان میلیارد دۆلاری زیان لە ئێران دا. چین لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ٦٤ میلیارد دۆلاری لە کەرتی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەبەرهێنان کردوە کە پشکی ئێران تەنیا سەتا ٤ی و ئەویش لە قۆناغی سەرکەوتنی بەرجامدا بووە و ئەوەی دیکەی هەمووی بۆ وڵاتانی ڕکەبەری ناوچەیی ئێران وەک عێراق، ئیمارات و عەرەبستان بووە، تەنانەت ئەندامەتیی ئێران لە "پەیمانی شانگهای"یش نەیتوانی پێشی کشانەوەی چین لە کەرتی وەبەرهێنانی نەوت و گازی ئێران بگرێت.

دوای چین و ڕووسیە دەمێنێتەوە ئەو میلیشیا و گرووپانەی ئێران دەیانژێنێت و ئەوانیش هەم خۆیانی پێ دەوڵەمەند و تەیار هەم جاروبارە شەڕی نیابەتی بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن کە ئەوانیش ناتوانن هەتا سەر گوێڕایەڵ و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئێران بن؛ هەر وەک پێشتریش لە وەرسووڕانی حەماس لە ئێران لە ڕووداوەکانی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بینیمان.

ئێران لە ئێستادا لە هەموو ڕکەبەرەکانی ناوچەیی بەجێ ماوە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە. بۆ نموونە پاکستان جیا لەوەی هێزێکی ئەتومییە کەچی بەو حاڵەش لەژێر چەتری پشتیوانیی ئەمریکادایە؛ تورکیە ئەندامی ناتۆیە و وڵاتانی عەرەبییش جیا لە هاوپەیمانییە جۆراوجۆرەکانی نێوان، پشتیوانیی ئەمریکا و ناتۆشیان هەیە و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی تاکلایەنەش پەیماننامەی نیزامییان لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی هەیە. بەڵام سیاسەتی دەرەکی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو وڵاتەی لە لێکگرێدانی بە هێز و دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا بێبەش کردوە. بێمتمانیی خەڵکی نێوخۆی وڵاتیش بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە دەستی ڕێژیمی لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە کورت کردووەتەوە، سروشتییە کە هیچ وڵاتێک ناچێتە نێو پەیمانی ستراتیژیی سەربازی و ئابووری لەگەڵ وڵاتێک کە لە شەرعییەتی خەڵکی و سیاسیی لایەنی بەرانبەری دڵنیا نەبێت.

د. عەلی عەبدیلزادە:

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە UNPO نوێنەرایەتیی هەموو کورد دەکات



**ئاماژە: ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٢٢ و ٢٣ی بانەمەڕ لە وڵاتی ئاڵمان، نۆزدەهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO)، بە بەشداریی د. عەلی عەبدیلزادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕێکخراوەیەدا، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لەم کۆنگرەیەدا وێڕای ڕاپەڕاندنی دەستووری کاری کۆنگرە لەسەر پێشنیار و ڕەشنووسێکی ئامادەکراوی هەیئەتی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بڕیارنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەتی لەسەر کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەسەند کرد. هەروەها لە بەشی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی نوێی کۆنگرەدا د.عەلی عەبدیلزادە لەلایەن کۆنگرەوە بە زۆرینەی دەنگ دووبارە وەک ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرایەوە. "کوردستان" بۆ زیاتر باسکردن لە کاروباری تازەترین کۆنگرەی (UNPO) وتووێژێکی ئاسۆ مینبەری لە "کوردکاناڵ" لەگەڵ د. عەلی عەبدیلزادەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**ڕێکخراو UNPOبەگشتی چ جۆرە ڕێکخراوێکە و کار و چالاکییەکانی چوارچێوەکەی چۆنە؟**

ڕێکخراوە نەتەوە بێدەوڵەتەکان یا باشترە بڵێم نەتەوە بێنوێنەرەکان ساڵی ١٩٩١ دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە ئەوکات و ئێستاش دوو ئامانجی سەرەکیی بۆ خۆی داناوە. یەکەم ئامانج ئەوەیە ببێتە پردێکی پێوەندیی لەنێوان نەتەوەکان یان ئەو گەلانەی زوڵمیان لێ دەکرێ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەنگی ئەوان بگەیێنێتە ناوەندەکانی بڕیار لە کۆمەڵگەی جیهانی وەک کۆڕی گشتیی UN و ڕێکخراوەکانی تری جیهانی. دووهەم ئامانجی ئەو ڕێکخراوەیە ئەوەیە پلاتفۆرمێک بێت بۆ هاودەنگی و هاوسۆزی لەنێوان گەلان و نەتەوەکانی زوڵملێکراو لە جیهاندا. ئێمە لە ڕێگەی UNPOوە دەرفەتمان زۆرە کە هاوسۆزی بەرانبەر بە یەکتر دەرببڕین و هاوکات بتوانین لەو ئەزموونەی یەکتری لە خەبات دژ بە زوڵم و زۆر شت فێر ببین و کەڵک وەربگرین. بۆیە ڕێکخراوی نەتەوەکانی بێدەوڵەت یا بێنوێنەر، لەسەر ئەو دوو ئامانجە سەرەکییە دامەزراوە و هەتا ئێستاش هەر لەو ئاستەدا کار دەکات.

**حیزبی دێموکرات یەکێکە لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە. دەمهەوێ تۆزێکیش لەسەر ئەوە قسەمان بۆ بکەی حیزبی دێموکرات لەکەیەوە لەم ڕێکخراوەیەدا بووەتە ئەندام؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە دەنگی کورد بەتایبەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیێنێتە ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و هەر بۆیەش حیزب دێموکرات لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵی داوە لە ڕێگای بۆ نموون ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ دەنگی کورد بگەیێنێ بە ناوەندیی بڕیاردەر لە جیهاندا. هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا و لە بوارەکانی دیکەشدا ساڵی ٢٠٠٧ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی بوو بە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا چالاکانە دەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەیاندوە بە ناوەندەکانی بڕیاردەر لە جیهان و لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات لەم ڕێکخراوەیەدا.

**پێشتریش ئاماژەت بەوە کرد کە بوون لەم ڕێکخراوە دەتوانێ دەرفەتێکی زۆر باش بێت، دەمهەوێ بزانم تا چەند وەکوو حیزب دێموکرات توانیوتانە لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن وەکوو نوێنەری نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد؟**

بێگومان ئێمە وەک نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدا بووین کە لە ڕێگای ڕێکخراوی UNPO دەنگی خۆمان بگەینین بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. چالاکییەکانی ئێمە جۆراوجۆر بوون، بۆ نموونە توانیومانە کۆبوونەوە پێک بێنین لە ئاستی پاڕلەمانی ئورووپا و لە ئاستی ناوەندەکانی دیکەی جیهانیدا و لەو شوێنانە باسی دۆخی کورد لە ئێران بکەین. زۆر جار بووە ڕاپۆرتی تایبەتیمان نووسیوە بۆ UN و بەشێوەیەکی وردتر باسمان لە دۆخی کورد لە ئێران کردوە و هەوڵمان داوە بەرپەرچی چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. هەروەها لە زۆر دەرفەتی دیکەشدا توانیومانە کار بکەین UNPO وەک پردێکی پێوەندی بۆ ئێمە وا بووە و توانیومانە لەو ئەزموونە گرینگانەی نەتەوەکانی دیکە لە خەبات و چالاکی بەرانبەر زوڵم و زۆری هەیانە کەڵک وەرگرین، لێیان فێر بین و هاوکات ئەو ئەزموونانەی خۆشمان هەمانە بیدەین بەوان. هەر لە درێهژەی ئەو هەوڵانە تێکۆشاوین ببین بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیەوە و لەوێدا نەتەنیا دەنگی کورد بەڵکوو دەنگی نەتەوەکانی تریش باشتر بگەنین بە ناوەندیی بڕیاردەری جیهان.

**کەوابوو گرینگی هەبوونی حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەیەدا تەنیا لەبەر خۆی نییە، بەڵکوو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییشە؟**

بێگومان بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی کوردە و لەهەمان کاتیشدا وەک باسم کرد ئێمە بە پەرۆشەوە دەڕوانینە ئەو زوڵم و زۆرە و ئەو سەرکوتەی بەرانبەر بە نەتەوەکانی تری جیهانیش دەکرێ. بۆیە پێمان وایە خەباتی ئێمە و خەبات بۆ ئازادی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەستە بە خەبات و چالاکی تێکۆشانی نەتەوەکانی تر لە بەشەکانی دیکەی جیهان کە ئەوانیش وەک ئێمە خەبات دەکەن بۆ دەستبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان. بۆیە هەوڵمان داوە دەنگی ئەوانیش بین نەک تەنیا دەنگی کورد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوپێوەندییەکی پتەو لەگەڵ نەتەوە بێدەوڵەتەکانی دیکەشدا دروست بکەین.

**ئەگەر بکرێ باسی تازەترین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیەکان بۆ بکەن و بفەرموون بەتایبەت سەبارەت بە پرسی کورد چی باس کراوە؟**

دیارە لە دەرفەتێکی ئاوا کورتدا لەوانەیە مەجال نەبێت هەموو ئەو وردەکارییانە باس بکەم بۆیە تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرینگ دەکەم. یەکەمیان ئەوە کە لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا باسی ستراتێژی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ چالاکیی دوو ساڵی داهاتوو کرا. لەو پێوەندییەدا کە چۆن دەتوانین پرسی ئەو نەتەوانەی ئەندامن لەو ڕێکخراوەیەدا زیاتر بەرز بکەینەوە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئێمەش چالاکانە لەو باسانەدا بەشداریمان کرد. باسێکی گرینگ کە لەو پێوەندییەدا کرا لەبارەی مافی چارەی خۆنووسین بوو کە بە شێوەیەک هەموومان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، چونکە پێمان وایە مافی چارەی خۆنووسین نەکهەر ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ تەنیا وڵاتی سەربەخۆت هەبێت، بەڵکوو دەتوانێ لە سادەترین مافەکانەوە دەست پێ بکات هەتاکوو سەربەخۆیی. بۆیە ئەوە شتێکە کە هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە پێکەوە لەسەری کۆکن. لە دەرفەتێکی تری کۆنگرەکەدا باسی ڕەوش و خەبات و کار و چالاکی و ئەو زوڵم و زۆرەی بەرانبەر ئەندامانی ڕێکخراوەکە کرا. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکمان پێشکەش کرد لەسەر ڕەوشی نالەباری مافی مرۆڤ و کوشت و کوشتارەی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکات کە بەخۆشییەوە لەلایەن کۆنگرەوە بایەخی پێ درا. بەشێکی تری کاری کۆنگرە تەرخان کرا بوو بۆ ئەو بڕیارنامانە کە لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە هاتبوو. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەشنووسێکمان پێشکەش بە کۆنگرە کرد کە بەخۆشییەوە بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا و دەکرێ بڵێم لەو بڕیارنامەیەدا کە پەسندکرا چەند شتی گرینگی تێدا بوو. یەکیان ئەوە بوو کە کۆنگرەی نەتەوەکانی بێدەوڵەت پشتیوانیی خۆی بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دووپات دەکاتەوە و پێی وایە خەباتی ئێمە بۆ دێموکراسی یا بۆ گەیشتن بە ئازادی بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانمان گرینگە و پشتیوانی لێ دەکا. لە بەشێکی دیکەدا هاتووە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەبواری لەسێدارەدانی چالاکانی مافی مرۆڤ، چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەگشتی مەحکووم دەکات و لە کۆماری ئیسلامی دەکات بە زووترن کات زیندانییانی سیاسی ئازاد بکات. هەروەها لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەکە کرا لەو بەشەدا ئەمن وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی متمانەی کۆنگرەم بۆ ئەندامەتی لە دەستەی سەرۆکایەتیدا وەرگرت و ئەوەش بێگومان دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی.

**تا چەند ئەمە دەتوانێ بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ بێت یان بۆ پرسی نەتەوەیی کە کەسێکی کورد لە بەشی سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوەیەدا بێت؟**

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ئەندامەتی لەم ڕێکخراوەیەدا بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ڕەوشی نالەبار و زوڵم و سەرکوت بەرانبەر بەو گەلانەی تری جیهان کە دەکرێن. بۆیە لەو پێوەندییەدا هەوڵمان داوە چالاکانە بەشدار بین و یەکێک بین لە ئەندامانی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە بۆوەی بتوانین دەنگی خۆمان و گەلانی تریش بە جیهان بگەیەنین. بێگومان پێگەی حیزبی دێموکرات وەک ئەندامێکی سەرۆکایەتی ئەوەندەی تر گرنگتر دەنوێنێ و گرینگییەکەشی لەوەدایە کە ئێمە ئەوە لە چەندین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیەدا خۆمان کاندید کردوە و متمانەی ئەوەمان پێ دراوە و دووبارە و سێ بارە ببینە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی. ئەمە نیشان دەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەیەکی بەهێزی هەیە لەنێو گەلانیتر کە ئەوانیش وەک ئێمە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن و بە مافە دێموکراتییەکانیان بگەن.


**ئەم وتارەی وەک نوێنەری حیزب پێشکێشتان کرد تا چەند گرینگە لە بەرزکردنەوەی ئەم دەنگە لە UNPO دا و باس کردن لەو کێشانەی لە ئێراندا هەیە. ئایا ئەمە ئەتوانێ ئاکامێکیشی بەدوادا بێت بۆ ئێمە؟**

ئەمن پێم وایە بەرزکردنەوەی دەنگی کورد لەو کۆنگرەیەدا و هێنانەبەر باسی ئەو گیروگرفتانە و ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە لە ئێراندا دەکرێ بەرانبەر بە کورد و نەتەوەکانی دیکە زۆر گرینگە. یەکەم ئەوە کە بێگومان وەک زانیارییەکی گشتی دەدرێ بەو نەتەوانە کە ئەوانیش لە کەناڵەکانی خۆیان و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا باسی دەکەنەوە و بەو شێوەیە دەتوانین ئەو زوڵم و زۆر و سەرکوتەی کە لە ئێران دەکرێ زیاتر لەنێو نەتەوەکانی تری جیهاندا لەقاویان بدەین. لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکی باشە بۆ ئێمە کە بە کۆماری ئیسلامی بڵێین ڕێکخراوی جیهانیی وەک UNPO هەیە کە بەردەوام بە دواداچوون دەکات بۆ ڕەوشی نەتەوە بندەستەکانی ئێران.

**ئێوە ئێستا وەکوو نوێنەری گەورەترین نوێنەری بێ دەوڵەتی کورد لە UNPO لە دەستەی سەرۆکایەتیدان، ئایا خۆتان ئامادە کردوە بۆ ئەو ئەرکە قورسە؟**

بێگومان کاتی دەوێت و وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی لەم شێوەیە قورسە. بەڵام ئێمە بەردەوام کۆبوونەومان هەیە و بەردەوام کار و چالاکییەکانی سکرتاریەتی UNPO دەبەینە پێشێ و پشتیوانییان دەبین بۆ چاکتر بەڕێوەبردنیان. بۆیە بوونی ئێمە لەو ئاستەدا زۆر گرینگە و وەک پێشتر باسم کرد نەکهەر وەک نوێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو تاقە دەنگێکی کوردین لەم ڕێکخراوەیەدا و بۆمان گرینگە دەنگی کورد بگەیێنینە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆمان دەکرێ. بۆیە ئەندامبوونمان لە دەستەی سەرۆکایەتیدا پێگەیەکی بەهێزترمان پێ دەدات بۆ گەیاندنی دەنگی نەتەوەکەمان بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی.

# دیپلۆماسیی تەناهی و تێڕوانینی نێوان حکوومەتەکان


ئازاد مستۆفی




دیپلۆماسیی تەناهی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی ڕێگەی دیپلۆماسی و دانوستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەتییەکان و بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی نێوان وڵاتان. ئەمەش بریتییە لە بەشداریکردن لە گفتوگۆ و دانوستان و ڕێککەوتن لەسەر مودیرییەتی ململانێیەکان و ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی گرژییەکان و بەهێزکردنی متمانە و هاوکاری لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ئەمنییەتی دوولایەندا. لە دیپلۆماسیەتی تەناهییدا وڵاتان پێکەوە کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی بواری هاوبەش لەسەر پرسەکانی وەک کۆنترۆڵکردنی چەک، پەرەنەدان بە چەکی کۆمەڵکوژ، هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، چارەسەرکردنی ململانێیەکان، ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی و سەقامگیریی ناوچەکە. ئەمەش زۆرجار پێویستی بە هەوڵی دیپلۆماسی هەیە لە ڕێگەی لینکی دوو لایەنە یان چەند لایەنە، وەک دانوستانی نێوان وڵاتان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ، یان کۆبوونەوەی ئەمنییەتی ناوچەیی.

ئامانجی دیپلۆماسیی تەناهی بریتییە لە دروستکردنی متمانە لەنێوان وڵاتان و زیادکردنی شەفافیەت لە چالاکییە سەربازییەکان و پێشخستنی گفتوگۆ و هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییەتییەکانی هاوبەش. دیپلۆماسیی تەناهی هەوڵ دەدات ئەگەری ناکۆکی کەم بکاتەوە و بەرەوپێشبردنی چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان بە بەهێزکردنی پەیوەندی و هاوکاریی کراوە، چارەسەر بکات. بەگشتیی دیپلۆماسیی تەناهی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئاسانکاریی دیالۆگ و دروستکردنی متمانە و بەرەوپێشبردنی هاوکاریی نێوان وڵاتان بۆ مامەڵەکردنێکی کاریگەر بەرامبەر هەڕەشە و دەستدرێژیی ئەمنییەتی.

ئەمنییەتی سنوورەکان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان هۆکاری گرێدراوی یەکترن کە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر کارلێکەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێ هەیە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی مێژووی ململانێی سەربازییان هەیە. ئەم بابەتە بەدواداچوون بۆ داینامیکی وردی چۆنیەتیت داڕشتنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەم وڵاتانە، پرسی ئەمنییەت و پاراستنی سنوورەکان دەکات. بەوتەی "بێری بووزان" شارەزای ئەمنییەتی ستراتیژی، "دوژمنی مێژوویی و پرسە خاکییە چارەسەرنەکراوەکان دەتوانن دووڕیانێکی ئەمنییەتیی بەردەوام دروست بکەن کە هەر لایەنێک ئەوی دیکە وەک هەڕەشەیەک دەبینێت". هەر لەمبارەیەوە زانای سیاسی "ڕۆبەرت جی ئارت" بۆ ئەم پرسە قووڵتر دەڕوانێت و دەڵێت: "ئاسایشی سنوورەکان تەنیا پەیوەندی بە سنوورە فیزیکییەکانەوە نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە بەڕێوەبردنی پەیوەندیی و تێڕوانینەکانی نێوان حکومەتەکانەوە".

## گرنگی ئەمنییەتی سنوورەکان

ئەمنییەتی سنوورەکان لە چوارچێوەی وڵاتانی دراوسێ کە مێژووی ململانێی سەربازییان هەیە، زۆر گرینگە. بۆ ئەم وڵاتانە، دەستەبەرکردنی سنوورەکانیان تەنیا پرسی یەکپارچەیی خاک نییە بەڵکوو لایەنێکی ژیانی بەرگری و سەروەریی نیشتمانییە. ڕێوشوێنی ئەمنییەتی سنوورەکان، لەوانەش سەقامگیریی سەربازی، پاسەوانیی سنوور و سیستەمی چاودێری بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردن و هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ دەکرێن. بەڵام بەدواداچوون بۆ ڕێوشوێنی توندی ئەمنییەتی سنوورەکان دەتوانێت بەبێ ئاگاداریی گرژییەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێ پەرە پێ بدات. ڕەنگە پەرەسەندنی میلیتاریزەکردن بەدرێژایی سنوورە هاوبەشەکان وەک دنەدانێک یان هەڕەشەئامێز هەست پێ بکرێت کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کاردانەوەکان و زیادبوونی بێمتمانەیی. جگە لەوەش، ناکۆکی لەسەر دیاریکردنی سنوورەکان یان دروستکردنی بەربەستی سنوورەکان دەتوانێت ببێتە خاڵی وەرچەرخانی قەیرانە دیپلۆماسییەکان و زیاتر پەیوەندییەکان گرژتر بکات. زانای سیاسی "ستیڤن م. واڵت" لەمبارەوە دەڵێت: "ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەکانی سنوورەکان دەتوانن وەک قەڵغانێکی بەرگری و دەربڕینێکی ڕەمزی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کار بکەن، گرژییەکانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێ توندتر یان کەم بکەنەوە".

## ڕۆڵی هاوکاریی ئەمنییەتی

سەرەڕای دوژمنایەتییە مێژووییەکان و ئەگەری ناکۆکی لەسەر خاک، زۆرجار وڵاتانی دراوسێ دان بە سوودە هاوبەشەکانی هاوکاریی ئەمنییەتی لە چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییەتییەکانی هاوبەشدا دەنێن. دەستپێشخەرییەکانی هاوکاریی تەناهی کۆمەڵێک چالاکیی بەرفراوان لەخۆ دەگرن، لەوانە هاوبەشکردنی زانیاری، ڕاهێنانی سەربازیی هاوبەش، ڕێککەوتنەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکان و ڕێوشوێنی دروستکردنی متمانە. بەهاوکاریکردن لەپرسە ئەمنییەکان، وڵاتانی دراوسێ دەتوانن توانای بەکۆمەڵیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە زیاد بکەن.

بەڵام تا چەند هاوکارییە ئەمنییەتییەکان کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێ هەیە، پەیوەستە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە. نەبوونی متمانە، جیاوازیی ئەولەوییەتەکانی ئەمنی و ڕەچاوکردنی سیاسەتی نێوخۆیی ڕەنگە ڕێگریی لە هاوکاریی مانادار بکات. جگە لەوەش، هۆکارە دەرەکییەکانی وەک بەشداریکردنی ئەکتەرەکانی لایەنی سێیەم یان ڕکابەرییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان دەتوانن هەوڵەکان بۆ بنیاتنانی هاوبەشیی ئەمنییەتی ئاڵۆز بکەن.

## کەیسی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە لە توێژینەوەکانی کەیسی تایبەت، تێڕوانینێکی بەنرخ دەدات سەبارەت بە یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئاسایشی سنوورەکان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێ. بۆ نموونە، ناکۆکییە درێژخایەنەکانی سنووریی نێوان هیندستان و پاکستان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان هەبووە کە بە قۆناغەکانی گرژیی دەناسرێتەوە و ناوبەناو هەوڵی ئاشتەوایی دەدرێ. سەرەڕای هەندێ هەوڵ بۆ باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، پرسە خاکییە چارەسەرنەکراوەکان و نیگەرانییەکانی ئەمنییەتی سنووربەزاندن بەردەوامن و ڕێگریی لە پێشکەوتنی دیپلۆماسی بەردەوام دەکەن. "سومیت گانگولی" زانای سیاسی دەڵێت: "لە دۆخی هیندستان و پاکستاندا، ململانێی کشمیر وەک بەربەستێکی هەمیشەییە لە بەردەم پێشکەوتنی دیپلۆماسییەکی مانادار، ئەمەش سووڕێکی نائەمنی و دوژمنایەتی درێژە پێ دەدات".

بە هەمان شێوە نیمچە دوورگەی کۆرە دیمەنێکی ژێئۆپۆلیتیکی ناوازە دەخاتە ڕوو کە بەهۆی دابەشبوونی بەردەوامی نێوان کۆرەی باکوور و باشوورەوە لە قاڵب دراوە. ناوچەی داماڵینی سەربازیی کۆرە کە زۆر بەهێزە، وەک هێمایەکی بەهێزی دوژمنایەتی چەسپاوی نێوان هەردوو کۆرەیە کە ئاسۆی بەشداریکردنی دیپلۆماسی مانادار دەخاتە پەراوێزەوە. هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی گرژییە سنوورییەکان و بەهێزکردنی هاوکارییە ئەمنییەتییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە کاتێکدا مەترسی بەردەوامی پەرەسەندنی ململانێکان لەئارادایە. "سکۆت دی. ساگان" پسپۆڕی ئاسایشی ستراتیژی لەمبارەوە دەڵێت: "ناوچەی داماڵینی سەربازیی کۆریا، کۆی ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردنی ئاسایشی سنوورەکانە لە چوارچێوەی ململانێیەکی درێژخایەندا و جەخت لەسەر پێویستی بەشداریکردنی دیپلۆماسیی بەردەوام و ڕێوشوێنی دروستکردنی متمانە دەکاتەوە".

## ڕۆڵی هاوکاریی تەناهی

سەرەڕای دوژمنایەتییە مێژووییەکان، وڵاتانی دراوسێ زۆرجار لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی تەناهیی هاوبەشدا، دان بە سوودە هاوبەشەکانی هاوکاریی تەناهی دەنێن. بەپێی وتەی "ژۆزێف ئێس. نای جۆنیۆر" زانای سیاسی کە ڕای وایە "هاوکاریی تەناهی ڕێگە بە دەوڵەتەکان دەدات ئامانجە ئەمنییەکان بەدەست بهێنن کە بەتەنیا ناتوانن بەدەستی بهێنن. هەروەها وابەستەیی یەکتر بەهێزتر دەکات و ئەگەری ململانێش کەم دەکاتەوە".

## تۆمەتلێدانی نەیاران بە هەڕەشەی ئەمنی

ڕێژیمە داگیرکەر و تۆتالیتارییەکان بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەتییەکان دەتوانن لێدوانی ڕەوای نەیاران لەگەڵ کردەوەی تیرۆریستی یان تێکدەرانە تێکەڵ بکەن. ئەم مەسەلەیە ڕێگەیان پێ دەدات بەمەبەستی بێدەنگکردنی دەنگی نارەزایەتییە ڕەواکان ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە لەدژی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بگرنە بەر و پاساو بێننەوە و وەک هەڕەشەیەکی وجودی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی پێشانی بدەن. بێگومان بە هۆی هەبوونی هەموو دەسەڵاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و میدیاییە کان، بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکان بەئاسانی دەتوانێت ڕاستییەکان پشتگوێ بخات.

## تێکدانی چارەسەریی ئاشتیانە

بە پێشخستنی نیگەرانییە تەناهییەکان لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا، هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی ململانێ و نارەزایەتییەکان کە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نێوان ئەو وڵاتانە هەوڵ و پەرەی پێ دەدەن، تێک دەچێت. لەبری ئەوەی حکوومەتەکان پەرە بە گفتوگۆ و چارەسەریی ئاشتیانە بدەن، پەنا بۆ ڕێوشوێنی ئەمنی توندڕەو دەدەن کە گرژییەکان زیاتر دەکات و توندوتیژی و سەرکوتکردن درێژە پێ دەدرێت. لە پرەنسیپدا، لە کاتێکدا ڕەنگە پەیماننامەکانی نێوان وڵاتان لەسەر بنەمای ئاسایش ئامانجیان بەرەوپێشبردنی سەقامگیری و هاوکاری بێت بەڵام دەتوانن ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانە سەرکوت بکەن کە هەوڵ دەدەن تەحەدای پاوانخوازی بکەن، دیموکراسی بەرەوپێش ببەن، یان هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بدەن. زۆر گرنگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و دیپلۆماتکاران هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییە تەناهییەکان لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ دابنێن، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ڕێککەوتنە دیپلۆماسییەکان لەسەر حیسابی ئازادییە بنەڕەتییەکان و بەها دیموکراتییەکان نایەتەئاراوە.

## ئێران و ڕۆڵی سوپای پاسداران لە دیپلۆماسیی تەناهییدا

لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ناکرێ ڕۆڵی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەتییەکان لە داڕشتنی کارلێکە دیپلۆماسییەکاندا پشتگوێ بخرێت. ئەم پرسە لە هیچ شوێنێکدا وەک ئێران دیارتر نییە، وڵاتێک کە لە چەقی گرژییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان‌دایە. تێگەیشتن لە کارکردنی ئاڵۆزیی نێوان ئامێری سەربازیی ئێران و کردەوە دیپلۆماسییەکانی ئێران بۆ تێگەیشتن لە داینامیکی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیی زۆر گرنگە. پێداویستییە ستراتیژییەکانی ئێران بە قووڵی لەگەڵ ئامێرە سەربازیی و ئەمنییەتییەکانی ئێران تێکەڵاون. سوپای پاسدارانی ئێران لە دیپلۆماسیەتی تەناهیی وەزارەتی دەرەوەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

چەمکی دیپلۆماسیی تەناهی کارلێکی ئاڵۆزی نێوان دەسەڵاتی سەربازیی و مانۆڕی دیپلۆماسی لەخۆ دەگرێت. ڕێبازی ئێران بۆ دیپلۆماسییەتی تەناهی بە تێکەڵەیەک لە دروستکردنی گرژی و قەیران لە ناوچەکەدا تایبەتمەندە، چونکە هەوڵی ڕێنماییکردنی تۆڕی شیعەگەری و کێبڕکێی بنیاتنانی بلۆک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدات. بێگومان تا ئێستا دامودەزگا سەربازیی و ئەمنییەتییەکانی ئێران، بەتایبەتی سوپای پاسداران ڕۆڵێکی نەرێنییان لە زیادەڕۆییکردن یان پێچەوانەکردنەوەی ڕوانگەی دراوسێیەکان بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئێران و هەروەها دەستێوەردانەکانی ئێران لە دۆخی سیاسی-ئەمنیی جیهان و ناوچەکدا ڕۆڵێکی نەرێنییان هەبووە کە بووەتە هۆی کشانەوەی سەرمایەی ماددی و مرۆیی لە ئێران. پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، وێنەی ستراتیژی دیپلۆماسی فراوانتری ئێرانە کە هەوڵ دەدات یاسا نێودەوڵەتییەکانی دراوسێیەتی باش پشتگوێ بخات و لە دراوسێیەتی کەڵکی خراپ وەربگرێ بۆ نفووز و دەستێوەردانی کاروباری سیاسی درواسێیەکانی و خوڵقاندنی قەیران و وەڕێخستنی شەڕی تائیفی و مەزهەبی.

ڕێژیمی ئێران پێی وایە کە بە مووشەکهاویشتن و تیرۆر و تۆقاندن و بە چاوی سووک ڕوانین بۆ دراوسێیەکانی لە ناوچەکەدا دەتوانێت تەناهی و ئەمنییەت بۆ خۆی بکڕێت بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرانە و ئەدای لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بێگومان داوێنی ڕێژیمی ئێران دەگرێتەوە.

# ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

# حەق وابوو ئیبراهیم ڕەئیسی لە مەحکەمەی خەڵکیدا دادگایی و بە سزای کردەوەکانی گەیشتبا



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی بانەمەڕ، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حوسێن ئەمیر عەبدوللاهیان، وەزیری دەرەوە و چەند کەسی دیکە لە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم بەهۆی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێری هەڵگریان کوژران. کاردانەوەکان بە بەربوونەوەی هێلیکۆپتێری هەڵگری ڕەئیسی و شاندی هاوڕێی و کوژرانیان زۆر و جۆراوجۆر بوون، بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگ و جێی بایەخدانە، شادی و خۆشیدەربڕینی خەڵکی ئێران سەبارەت بەو ڕووداوە بوو.

ڕەنگە ڕووداوی هاوشێوە وەک پێشتریش ڕوویان داوە لە داهاتووشدا بۆ بەرپرسانی وڵاتان ڕوو بدەن، بەڵام لەو وڵاتانەی دەسەڵاتی سیاسی متمانە و شەرعییەتی خەڵکیی هەیە و دەسەڵاتداران هەڵبژاردەکانی ڕاستەقینەی خەڵکن، لە ئەگەری ڕووداوی لەو چەشنەدا خەڵک داوای سلامەتی و پارێزراوبوونی بەڕێوەبەرانی وڵاتەکەیان دەکەن. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم بابەتە پێچەوانەیە. ئەوەش لەسۆنگەی کەلێن و دابڕانی زۆری نێوان خەڵک و حاکمییەت، دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سیاسەتە دژیگەلییەکانی ئەو ڕێژیمەیە کە کۆمەڵگەی وڵاتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووریدا تووشی قەیران و تێکڕمان کردوە. بۆیەشە خەڵک نەکهەر بەدژیان ڕادەپەڕن، بەڵکوو لە حاڵەتێکی لەمجۆرەشدا هیچ بەپەرۆش نین و بە مردنیان خۆشحاڵن. ئەم ڕووداوەش بۆ بیروڕای گشتی تازە نەبوو، وەکوو پێشتریش خەڵکی سیاسی و بەهەڵوێستی ئێران لە کاتی کوژرانی قاسم سولەیمانیدا کارڕناڤاڵی شادییان وەڕێ‌خستبوو.

ئیبراهیم ڕەئیسی یەک لە بەرپرسە مرۆڤکوژ و بێزراوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. کاربەدەستێک کە ناوی ئاوێتەی جینایەت، سەرکوت، ئێعدام، کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئێران ببوو. ڕەئیسی یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ بوو کە گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی بە فەرمانی خومەینی هەزاران کەس لە زیندانییانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمیان لەسێدارە دا. هاوکات دەورانی سەرکۆمارییەکەشی بە یەکێک لە ڕەشترین سەردەمەکان لە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی دادەنرێت. لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا بە هەزاران کیژوکوڕی لاوی ئێران بەتایبەت زۆرتر لە کوردستان لە ماوەی دەوڵەتی ڕەئیسیدا کوژران، یان بریندار و کەمئەندام کران و هەزاران دایک و باوک جەرگسووتاو و سەدان منداڵ لە نازی دایک و باوک بێبەش کران. دەیان هەزار مرۆڤی ئازادیخواز خرانە بەندیخانەوە کە دەیان کەسیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا و هەزاران کەسیان حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپا. بۆیە ئاساییە لەوەها حاڵەتێکدا خەڵک کە دەرەتانی دادگاییکرانی ئەو بکوژانە و جێبەجێبونی دادپەروەری لە کۆماری ئیسلامیدا نییە، لە ناچاری شایی و خۆشییان لەدڵدا بگەڕێ و ئەو پیخۆشبوونەش دەربڕن. هاوکات ئاواتی ئەوە بخوازن کە نەکهەر ئیبراهیم ڕەئیسی، بەڵکوو سەرجەم دەسەڵاتبەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی سێبەری شووم و ڕەشیان لەسەر وڵات و خەڵکی ئێران نەمێنێ و خەڵک لەو دۆخەی کە تێیدان ڕزگاریان ببێت.

بێگومان ویستی سەرەکیی خەڵکی ئێران ئەوە بوو ئیبراهیم ڕەئیسی وێڕای جینایەتکارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی پێش مردن سەبارەت بە هەموو ئەو جینایەتانەی کردوویانە ڕاپێچی دادگا بکرین و سزای تاوانەکانیان وەربگرن. بەڵام بەداخەوە لەسۆنگەی دەسەڵاتی ڕەشی ئیستبدادەوە هەتا ئێستا ئەم ماف و دەرفەتانە لە کیس خەڵکی ئێران دەچن.

خەڵکی ئیران کە قوربانیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامین شایانی بەدیهاتنی دادپەروەری و گەیشتن بە مافەکانیانن، بەڵام ئەوەش لەگرەوی بەرەوپیشچوون و تیندانی خەبات، گەشەی بزووتنەوەی نارەزاییەکان و سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی و دادگاییکردن و سزادانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەدایە. ئەرکێک کە دەبێ هەمووان لەسەری بەردەوام بین.

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٣**

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# (کورتە وێنایەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

(١١-١)





سمایل شەرەفی

**پێشەکی**

زۆرێک لە بیرمەندانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە قسەیان کردوە. ئەرەستوو کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەوڵەتشار دەشوبهێنێ و لە ڕوانگەی ئەوەوە پۆلیس کۆمەڵگەیەکی سیاسیی خودموختار و سەربەخۆیە کە ژیان تیایدا، هەم ناسنامەی سیاسی و هەم ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەیە، کە لە ئاکامدا دەوڵەت و کۆمەڵگە ماهییەتێکی یەکسان و هاوبەشیان پێ دەبەخشرێ. بەڵام لە سەدەی ١٧ بەملاوە و دوابەدوای پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەم ڕوانگەیە گۆڕانی بەسەردا هات و پێگەی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەجیا لە یەکتر پێناسە کرایەوە.

بیرمەندانی چاخی ڕۆشەنگەری لە سەدەی ١٧ تا ١٩ی زایینی وەک (تۆماس هابز، جان لاک، چالێرز مۆنتسکیۆ، ژان ژاک ڕۆسۆ و ئامانۆئێل کانت) و هەروەها بیرمەندانی بواری ئابووریی سیاسی، وەک؛ ئادام ئیسمیت و ئادام فریگسن، هەوڵیاندا بە یارمەتیوەرگرتن لە مەفهوومی کۆمەڵگەی مەدەنی، زەروورەتی لێک جیاکردنەوەی (دەوڵەت و کۆمەڵگە) لێک بدەنەوە. (سبزەای، ١٣٨٦: ٧٦).

لە درێژەی ڕەوتی پێکهاتنی دەوڵەت – نەتەوەکان و ئاشنایی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە چەمک و واتاکانی پێوەندیدار بە قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی جەماوەر و بەکارهێنانی بەرانبەر بە دەسەڵات بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی، بوو بە باس و خواسی کۆمەڵناسان و وەک یەکێک لە تێمە سەرەکییەکان لە ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرنجی تایبەتی دەخرێتە سەر.

قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، سەرەڕای لە ئارادابوونی بزووتنەوەیەکی سیاسیی گشتگیری لەمێژینەی دژ بە داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی، بابەتێکی نوێ و تازەیە. سەرەڕای تازەبوون و ئەمنیەتیبوونی ژینگەکەی، دیاردەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نێوەڕۆک و تێمی سەرەکیی ئەم نووسینەیە، هەم توانیویەتی بە خێرایی گەشە بکات و هەم کاریگەریی خۆی لە سەر کۆمەڵگە دابنێ.

لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری جیددی و ئاکادێمیک زۆر کەم کراوە و ئەو کارانەش کە کراون زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بابەت و وتاردان کە تایبەت پڕژاونەتە سەر چالاکییەکانی فەرهەنگی، خوێندکاری، ژینگەپارێزی و مەسەلەی زمان کە بە شێوەی بڵاو لەم ساڵانەی دواییدا لە گۆڤارەکانی وەک "زرێبار"، "ڕۆژەڤ"، "تیشک"، ڕۆژنامە و بڵاوۆکەکانی دیکەدا بڵاوبوونەتەوە یان لە پێگەکانی ئینترنێتیی وەک ماڵپەڕ و وێبلاگەکاندا وتووێژیان لەسەر کراوە.

بۆ ئەم نووسینە لە دوو شێواز و مێتۆدی "کتێبناسی" و "وتووێژی تایبەت" کەڵک وەرگیراوە؛ لە یەکەمیاندا تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئەسڵی باسەکە (کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ەوە هەبوو، سەرچاوەکان کەم و نابەردەست بوون. هەر خودی سووژەکە بە هۆی تازەبوونیەوە کەمی لە سەر گوتراوە. ئەوەشی کە لەسەر نووسراوە، نەپڕژاوەتە سەر لایەن و ڕەهەندەکانی بابەتەکە. بۆیە، وتار و بابەتە نووسراوەکان سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڵاو و گشتین.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمایەسییە لێرەدا هەوڵ درا دوای گەڵاڵەکردنی هێندێک پرسیار کە وڵامەکانیان بتوانێ کەلێن و کەلەبەری بابەتەکە پڕ بکاتەوە، لە گەڵ هێندێک کەسی شارەزا و جیاواز وتووێژ بکرێت. ئەم کەسانە کە پێکهاتوون لە کەسانی ئاکادێمیک و مامۆستای زانکۆ، شارەزا لە زانستەکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفە، چالاک لە بزاڤە مەدەنییەکان و کەسانی سیاسیی شوێندانەر و کاربەدەست لە حیزبەکان (دێموکرات و کۆمەڵە)، هەرکام بە جۆرێک بەستراوەییان بە بابەتەکەوە هەیە و ئامانجدارانە دیاری کراون.

لەبەر ئەوەی ئیمکانی دیداری ڕاستەوخۆ لەگەڵ زۆرێک لەم بەڕێزانە نەبوو، وتووێژەکان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نووسراوەوە ئەنجام دراون. هەڵبەت، بە هۆی تازەیی بابەتەکە و پێویست بە بیرکردنەوەی زیاتر لە سەر بابەتەکە، هەموویان خوازیاری ناردنی پرسیارەکان بە نووسراوە بوون.

پێویست بە ئاماژەپێدانە کە لەنێو دەقی بابەتەکەدا لەو شوێنانەی کە ڕێفرێنس بە نێوەڕۆکی وتووێژی هەرکام لەو کەسانە دەدرێ کە وتووێژیان لە گەڵ کراوە، ئەم شێوازە لەبەرچاو گیراوە:

لە ڕێفرێنسی یەکەمدا ئاماژەی تەواو دەدرێت و لەوانی دیکەدا تەنیا ئاماژە بە شۆرەت (نازناو) و ژمارەیەکی دیاریکراو کە لە ڕێفرێنسی یەکەمدا دیاری دەکرێت، دەدرێت. بۆ نموونە وەک: (ڕەهبەر مەحموودزادە، وتووێژی تایبەتیی خۆم: ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەندانی ١٤٠٠. لەوانی دیکەدا بە "مەحموودزادە، ٥" ئاماژەی پێ دەکرێ).

لێکۆڵینەوەکە سەرەتا بە وێنایەکی گشتی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکات. ئامانج لەم کارە لە درێژەی بابەتەکەدا دەردەکەوێت کە ئەویش سەلماندنی جۆرێک لە پاشخانی هاوبەشی مێژوویی‌یە کە لە درێژەی بەرەوپێشچوونی هەر دوو ڕەوتی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی سیاسیدا لە چوارچێوەی گوتاری "شوناسخوازیی نەتەوەیی"دا یەک دەگرنەوە و وەک دوو باڵی* "بزووتنەوەی بەرەنگاریی مافخوازانەی جەماوەری"ی کوردستان هەرکام بە شێوازی جیاواز و لە بەستێنی خۆیدا کار دەکات.

لە بەشێکی دیکەدا، هەوڵ دراوە خوێندنەوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخرێتە بەرچاو. تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی مەدەنی لەگەڵ بەستێنی شۆڕشگێڕی، گوتار و کارکردی ئەم بەستێنە لە سەر کۆمەڵگە و بە گشتی باس کردن لە سەر دۆخی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نێوەڕۆکی ئەم بەشە لە بابەتەکە پێک دێنن.

قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و ئەو بەستێن و زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە ئەم بزووتنەوەیە تێیدا بیچمی گرت، لە گەڵ گەیشتنی بە قۆناغی خۆناسین و گوتارسازی کە توانی کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە دابنێ، لەم نامەیەدا بە وردی باسیان لە سەر کراوە.

ڕوانینی دەسەڵاتی زاڵی داگیرکەر بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک و جێگە و پێگەی ئەم دیاردە و بزاڤە لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەیی و جەماوەرییەکە و لە لای حیزبەکان، دەتوانن سەلمێنەری زۆرێک لەو ئیدیعایانە بن کە لەم نامەیەدا جەختیان لە سەر کراوەتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە چوارچێوەی ڕوانینە گشتییە ئەمنیەتییەکەی خۆیەوە لە بزووتنەوەی مەدەنی و چالاکانی ئەم بوارە دەڕوانێ، سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمار. لەلایەکی دیکەوە دەرک و پشتیوانیی حیزبەکان لە خەباتی مەدەنی – هەرچەند بە درەنگەوە – کاریگەریی لە سەر متمانەی خەڵک بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەباتە سەرێ و ئەمەش دەتوانێ ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ گەشە و بەرفراوانبوونی ئەم کۆمەڵگەیە.

بۆ باس لە سەر هەموو ئەم ڕەهەند و لایەنانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ دراوە ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز بخرێتە بەرباس و نێوەڕۆکی نامەکە دوورە لە هەر لاگیری و دەمارگرژییەک.

### کورتە وێنایەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕەوتی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٨-١٩١٤) و پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە هۆکاری ڕێکخراونەبوونی وشیاریی نەتەوەیی و دەستێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە، نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێبەش کرا و نیشتمانی کوردان لە ئاکامی ڕێکەوتننامەکانی "سایکس – پیکۆ" (١٩١٦) و لۆزان (١٩٢٣)دا، دوای لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، بە سەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیە، عێراق و سوریەدا دابەش کرا (شەرەفکەندی، ٢٠١٢: ٦٥).

دوای پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەکانی تورک و عەرەب و ئێرانی (فارس)، کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، هەوڵی ئاسمیلەکردنی درا. ناسیۆنالیستەکانی پالەوی، ئاتاتورکی و، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان و دواتریش بەعسییەکانی - ئەفلەقیی عێراقی و سووری بە ڕەچاوکردنی توندوتیژانەترین سیاسەت، هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان دا (عەبباس‌زادە، ١٣٨٧: ٣٩).

لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆڤینیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیمی پەهلەوی و نەتەوەکانی غەیری فارس خرانە ژێر توندتروتیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی، مێژوویی و فەرهەنگیی ئەم نەتەوانە بەرنامەیەکی داڕێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس بوو. دەستێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی گەلێک ڕێوڕەسمی نەتەوەیی، تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی، هەمووو بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێراندا تەنیا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە (قاسملوو و حەسەن‌زادە، ٢٠٠٢: ٢٤).

هاوکات لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕەزاخانی میر پێنج و بیچمگرتنی دەوڵەت – نەتەوەی فارس – ئێرانی(١٩٢٦)، بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ (١٩١٩ – ١٩٣٠) لە هەوڵی دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. سمکۆ پێش لە دەسپێکی پرۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتی فارس، بە بێ ئەوەی چاوی تەماح بە مەبەستی سڕینەوەیان ببڕێتە سەر پێکهاتەکانی دیکەی دەوروبەری خۆی، "ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی کرد کە یەکەمین خوێندنگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات کردەوە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی – فارسی بڵاو کردەوە و کوردیی کردە زمانی فەرمیی قەڵەمڕەوی حوکمڕانییەکەی و ڕاپەڕینەکەی بوو بە بناغەی دژایەتیی نێوان گێڕانەوەی فەرمی و نیوە فەرمیی دەوڵەت (دەوڵەت - نەتەوەی فارس – ئێرانی) و گێڕانەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە ئێران" (سلێمانی، ٢٧٢٠: ٤٣٥). جووڵانەوەی سمکۆ کە تا ساڵی ١٩٣٠ هەر مابوو، ببوو بە کۆسپێک لە سەر ڕێگای ڕەزاخان کە دەیهەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی لە ئێران پێک بێنێ. بۆیە پاش دانانی پیلانێک لە ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ (١٩٣٠ی زایینی) دا، سمکۆ لە لایەن سەرهەنگێکی لەشکری ئێرانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆ و ناجوامێرانە کوژرا (قاسملو و حەسەن‌زادە، ٢٠٠٢: ٢٣).

لە درێژەی هەوڵدان بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی دەوڵەت - نەتەوەی فارس - ئێرانی و چڕکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان لە ناوەند لەسەر ئەساس و بنەمای ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە و یەک لەوان کورد و ڕاکێشانی زەین و بیری تاکەکانی کۆمەڵگەکان و تەسلیمکردنیان بە "تەبەعییەت" و پێڕەوی لە بیری ئێرانی و "ئێراندۆستی" و ئەرکیان بەرانبەر بە پاراستنی ئەم تاکە وڵاتە و تاکە نەتەوە، پرۆسەی "سەربازگیری" و سەربازیکردنیان بە "ئیجباری" بەسەر لاوانی کوردستاندا دەسەپاند. "ئەمنیە" لە گوندەکانی کوردستان حاکمی بێ‌ئەملا و ئەولای گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک بوون و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بە تەواو قەدەغە کرا. بەرانبەر بە هەموو ئەم زوڵم و زۆریانە لە هێندێک ناوچەی کوردستاندا ڕاپەڕین و نارەزایەتیی سەریان هەڵدا کە وێڕای سەرکوتکردنیان، هەستی کوردایەتییان لە کوردستان لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز کرد کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەماڵ لە تورکیە بە تەواوی پووچەڵ بوو (قاسملوو و حەسەن‌زادە، ٢٠٠٢: ٢٤).

لە ئاکامی ڕیزبەندیی وڵاتانی زلهێز و کاریگەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٣٩ – ١٩٤٥) و هاتنە ناوەوەی لەشکری سووری سۆڤییەت لە باکوور و لەشکری سەربازانی ئەمریکا و بریتانیا لە باشوور بۆ نێو خاکی ئێران، و بە گشتی تێکچوونی دیکتاتۆریی ڕەزاشا، هێندێک ئازادیی دێموکراتی لە ئێران پەیدابوون و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە و پەرەیان گرت. لە کاتێکدا کە لەشکری سوور هاتبووە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەشی باکوور تا شاری ورمێ لەشکری سوور جێگیر ببوو، ناوچەی موکریان و بە تایبەت شاری مەهاباد لەو وەزعە دوور بوون. ئەوە بوو کە یەکەم ڕێکخراوێکی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە بە "کۆمەڵەی ژ-ک" ناوی دەرکرد، لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە شاری مەهاباد دامەزرا. کە دوای سێ ساڵ (١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی) حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر هەمان بناغە دامەزرا و تەنیا دوای چەند مانگ لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆککۆماریی پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی نەتەوەیی بۆ کورد دامەزرا ( قاسملوو، ١٣٦٧: ٦٥ و ٦٧ ).

بە پێکهێنانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرئەنجام دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، بزووتنەوەی نەتەوایەتی و مافخوازانەی کورد قەوارەیەکی ڕێکوپێکی خاوەن پلان و بەرنامە بەخۆوە دەگرێ. بەپێچەوانەی ڕابردوو، خواستەکانی بزووتنەوەی کورد ڕوون و بە دامەزراوە دەکرێن و لە ژێر کاریگەریی هۆکاری دەرەکیدا قەوارەی بزووتنەوە لە خێڵ و عەشیرەوە دەگۆڕدرێ بۆ حیزب و ڕێکخراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زیاتری هێز و دیاریکردنی خواستی ڕوون و فۆرموله کراو (مەولودی، ١٣٨١: ١٦٣).

پێکهاتنی حیزب و ڕێکخستنی بزووتنەوە لە چوارچێوەی قەوارەی حیزبدا کە هێز و پتانسێلی جەماوەر لە پێناو دەستەبەرکردنی ویست و خواستەکاندا ڕێک دەخات، دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی (نەوزەری، ١٣٨١: ٥٣).

هەڵگرتنی دیسکۆرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی مودێڕندا بە ناوی حیزب و بە جەماوەریکردنی خەبات لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا کە لە لایەک بەردەوامیی هەیە و لەلایەک گشتگیربوونی خۆی سەلماندووە، سەلمێنەری نێوەڕۆکێکی مەدەنی‌یە کە لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خاوەن ڕۆڵ و کاریگەریی‌یە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەساسدا ماهییەتێکی مودێرن و مەدەنی هەیە کە بناغەکەی بۆ پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەوەی دیکە واتە شوناسی کوردبوونی خۆی لەگەڵ هۆڤییەتی ئێرانی دەگەڕێتەوە کە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد وڵامدانەوەیەک بوو بە ڕەفتار و بیرکردنەوەی نیزامی حاکمی ئەو کاتی لە ئێران (وەلی، ٢٠١١: ١١٢).

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی، بە تەبەعییەت لە مەرامنامەی حیزبەکان و ماهییەتی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، نێوەڕۆکی مەدەنیانەی خۆی پاراست. تەنانەت، سەرەڕای هەڵوێستی سەخت و توندوتیژی دەسەڵاتی نوێ لە تاران دژ بە کورد، مقاومەتی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە جۆری نافەرمانیی مەدەنی و بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە بوو. بزووتنەوەی کوردی سەردەمی "پاش شۆڕشی ١٩٧٩" خۆی بەسەرچاوەگرتوو لە خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی گشتی و کەمپەینەکانی نافەرمانیی مەدەنی پێناسە دەکات کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێیدا بەشدار بوون. ئەم چالاکییانە بە دوو هۆکار ئەنجام دەدران، یەکەمیان بەرەنگاری لە بەرانبەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دووهەمیان بەرەنگاری لەمەڕ قایلکردنی ڕێژیم بۆ بە فەرمی ناسینی "شوڕا" هەڵبژێردراوەکانی شارەکان کە لە شارە جیاکانی کوردستاندا پێک هاتبوون (حەسەنیان، ٢٧٢٠: ٤٥١).

***

*) لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبەکان‌دا ئەم دوو باڵ و بەستێنە بە "خەباتی مەدەنی و شۆڕشگێڕانە" و "خەباتی شار و شاخ" تەعبیر کراوە.




# دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاردا

**ب. باوان**

ڕوانینێکی سەرپێی لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێمان دەڵێ قەیران و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاڵۆزییەکان لەو ناوچەیە هەر دێ و زیاد دەکەن. سووریە پاش ١٣ ساڵ شەڕی نێوخۆیی بووەتە گۆڕەپانی شەڕی ڕاستەوخۆ و نیابەتیی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لەگەڵ یەکتری. ئەفغانستان، لوبنان، یەمەن و عێڕاقیش چ لەڕووی قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی و چ لەڕووی ئابوورییەوە دۆخێکی شپرێو و ناسەقامگیریان هەیە و شەڕی نوێی ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش کە لە ساڵی ڕابردووەوە بە هێرشی حەماس دەستی پێ کردوە، ئەوەندەی دیکە دوورەدیمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی سیناریۆ ناڕوونەوەکانەوە لێڵ و نادیار کردوە. خاڵی جەوهەری لە دڵی ئەو هاوکێشانەدا ئەوەیە لە هەموو ئەوانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هۆکاری خوڵقانی دۆخ و هەلومەرجی قەیرانەکانە و، هەم لەو نائارامی و ناسەقامگیرییانە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەلک وەردەگرێت.

لە نێوخۆی ئێرانێشدا کۆماری ئیسلامی بە پێکهێنانی نیزامێکی سیاسیی تەواو یەکدەست و میلیتاریستی لە بەرانبەر ویستی گۆڕانخوازیی خەڵکدا شمشێری لە ڕوو بەستووە. ئاڵقەی داخراوی دەسەڵات لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەنگاو بە هەنگاو بە بەربڵاوکردنی کەشی داخراوی سیاسی و فەرهەنگی، بەرگرتن بە ڕکەبەری و هاوبەشیی سیاسی، ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ لادانی خودییە غەیرەخودییەکانی کات و ئێستایان، خالسسازی و تەنگکردنەوەی پتری ئاڵقەی خودییەکان لە قووچەکی دەسەڵاتدا، پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە ئۆرگانە نیزامی، ئەمنییەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەری و سەرکوتی هەرچەشنە مافخوازی و داوایەکی ڕەوای خەڵکی ناڕازیی وڵات بوونەتە هۆی ئەوەی کەلێنەکانی نێوان حاکمییەتی سیاسی و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگە بەرفراوانتر لە هەر کاتێک بن. تەنانەت سەرکوتی خوێناویی خەڵکی دژبەر و ناڕازی، پشتکردن لە هەموو شێوازە ڕەواکانی وەرگرتنی شەرعییەتی سیاسی و بەڕێوەبەریی نێوخۆی وڵات و بردنەپێشێی سیاسەتی دەرەکیی وڵات لەسەر بنەمای قازانجە ئایدۆلۆژییەکانی تاقمێکی زۆر بچووک وایکردوە حاکمییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی نەک وەک نیزامێکی سیاسیی داخراو و دیکتاتۆری، بەڵکوو وەک دەسەڵاتێکی مافیایی دەربکەوێت.

بابەتەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی جیهانی و بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتان زۆر باش دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران ماکە و سەرچاوەی هەموو بشێوی، قەیران و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەیە؛ هەروەها لە کاتێکدا لانیکەم لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لەدوای بزووتنەوەی ژینا و هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەوە هیچ شک و گومانێک بۆ کەس نەماوەتەوە کە ئەو ڕێژیمە هیچ شەرعییەتێکی خەڵکی و سیاسیی نییە؛ کەچی هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی لە سووری باتڵی "گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم" لەڕێگەی "دانوستانی بنیاتنەر- وتوویژی ڕەخنەگرانە- سەپاندنی گەمارۆکان" نەترازەوە، بێئەوەی کەمترین قازانجیان لەو ستراتیژییە دەست کەوتبێت. بۆ نموونە ئەمریکا و ئوروپا گەمارۆی نەوتییان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لە ڕێگەی هەرزانفرۆشکردن و پێدانی سەتا ٩٠ی نەوتەکەی بە چین یان دەورلێدانەوەی ئەو سزایە لەڕێگەی وڵاتانی وەک مالیزی و سەنگاپوور و دەڵاڵە نێوخۆییەکانی وەک بابەک زەنجانییەکانەوە توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر لە کاریگەریی ئەو گەمارۆیانە کەم بکاتەوە. نموونەیەکی دی سەپاندنی گەمارۆکانی شوڕای ئەمنییەت، یەکیەتیی ئوروپا و ئەمریکا لەسەر بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کەچی بینیمان کۆماری ئیسلامی بە دەورلێدانەوەی ئەو سزایانەش هەم توانیویەتی بەرنامە ئەتومییەکەی بگەیەنێتە دوا هەنگاوی دروستکردنی بۆمب و هەم لەڕووی تێکنۆلۆژی و چەکوچۆڵی چەشنی درۆن و مووشەکەوە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر هەموو وڵاتانی ناوچە.

دنیای چەندجەمسەری و پێکدژیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە نەبوون یان لاوازبوونی میکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکە پشتگوێخرانی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی گەلان لە مامەڵەی زلهێزە جیهانییەکان لەگەڵ حاکمییەتی سیاسیی نادێمۆکراتیکی ئەو وڵاتانەدا، دەرفەتی بە نیزامە سیاسییەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە دەسەڵاتی خۆیان بە سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی بەهێز بێڵنەوە. ئەوەندەش کە بۆ سەپاندنی گەمارۆکان لەدژی ڕێژیم دەگەڕێتەوە، سزا و گەمارۆکان ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەئاکام بگەیەنێ و بگرە قورسایی و زیانەکانی زیاتر لەسەر شانی خەڵکی وڵات بووە، ئەگەرچی ئەمە بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی دانارنێت.

قووڵبوونەوەی قەیرانەکان و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو خۆشبینییەی دروست کردبوو کە وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا پێداچوونەوە بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی هەتا ئێستای خۆیاندا بکەن و چیتر ئامرازەکانی گوشاریان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە سەپاندنی گەمارۆکاندا سنووردار نەکەن. لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران جۆرەها سزا و گەمارۆی لەسەر بووە، وەک دەستبەسەرداگرتن و بلۆکەکردنی دارایی، گەمارۆخستنەسەر پیشەسازیی نەوت و گاز، ڕێگری لە کڕین و فرۆشتن و ساتوسەودای ئابووری، گەمارۆکانی پێوەندیدار بە چەکوچۆڵ و تێکنۆلۆژیی مووشەکی، قەدەغەکردنی سەفەری کاربەدەستان بۆ وڵاتان و جۆرەها سزای دی. بەڵام دوای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل کە دەکرا خاڵی وەرچەرخان لەو ستراتیژییە بووبا، دیسان دەبینین ئەمریکا، بریتانیا، وڵاتانی یەکیەتیی و ئوروپا و کانادا پێکەوە و بەجیا گەمارۆ و سزای نوێی دیکە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێننەوە. خۆ ڕاستە دوو دەیە گەمارۆ و سزادان کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا تەریک خستووەتەوە، بەڵام هەروەک گوترا نەیتوانیوە نە ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێژیم لەهەمبەر خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی جیهانی بگۆڕێت و نە لە وەستاندنی بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ڕێژیم و ئەجێندای میلیشیاسازی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەدا سەرکەوتوو بێت.

جا بە سەرنجدان بەوەی کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی وڵاتدا خەڵک و لە دەرەوەی سنوورەکانیدا ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەی بەبارمتە گرتوە، کاتی ئەوە گەیوەتێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمدا چیی دی دیکە تەنیا خۆی بە پەروەندە ئەمنیەتییەکانی وەک بەرجام و بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیم سەرقاڵ نەکات کە هەتا ئێستا ستراتیژییەکی ناکام بووە. کۆمەڵگەی جیهانی بە خستنەبەرچاوی ئەو ڕاستییەی کە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت نە ئێران و نە ناوچە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیانەوە نابینن، پێویستە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە جۆری مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بکات، ئەویش کۆتاییهێنان بە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و لاکردنەوە و پشتیوانیی جدی و بەکردەوە لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لەو ڕێژیمە و ڕووخاندنی، و هێنانەسەرکاری نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و حاواوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی.

# گۆڕبزربوونی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور سەرەڕای تێپەڕبوونی ٤ ساڵ بەسەر تیربارانکردنیدا

سەرەڕای تێپەڕبوونی ٤ ساڵ بەسەر بێسەروشوێنکردنی تەرمی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، بەندکراوی سیاسیی کوردی لەسێدارەدراوی خەڵکی شنۆ، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا لەبارەی شوێنی بەخاکسپاردنی تەرمی ناوبراو هیچ وڵامێکیان بە بنەماڵەکەی نەداوەتەوە.

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٩، لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ تیرباران کرا. هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، بەندکراوی سیاسیی کورد لە ماوەی دەسبەسەرکران و لێپرسینەوەدا سەرەڕای ئەشکەنجە جۆراوجۆرەکان لە هەموو مافەکانی خۆی لەوانە دەسپێڕاگەیشتن بە پارێزەر و چاوپێکەوتن و پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەری بوو و لەژێر ئەشکەنجەدا دانپێدانانی زۆرەملێی لێ وەرگیرا. ناوبراو وەک بەندکراوێکی سزادراو بە لەسێدارەدران جێبەجێکردنی سزاکەی هاوکات لەگەڵ پێشێلکردنی توندی مافەکەی بوو، چونکی بە نهێنی و بەبێ مافی دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی و تەنانەت بەبێ ئاگاداری پارێزەرەکەی لە سێدارە درا.

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور ڕۆژی شەممە ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٩ لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێوە بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا و دوو ڕۆژ دواتر واتە٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٩ سزای لەسێدارەدانی ئەم بەندکراوە سیاسییە لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ جێبەجێ کرا.

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور پێش جێبەجێکرانی سزاکەی بۆ ماوەی پێنج مانگ لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەری کرابوو و ناوەندە ئەمنییەتی و دادوەرییەکان پاش چەند حەوتوو لە پێنەدانی زانیاری سەبارەت بە ناوبراو بە بنەماڵەکەی و بە شێوەی نهێنی تیربارانیان کرد. ناوەندە ئەمنییەتیی و دادوەرییەکانیش پاش بەدواداچوونی باوک و هاوژینی ئەم بەندکراوە سیاسییە کوردە پێیان ڕاگەیاندن کە لە گۆڕستاندا بە دوای "هیدایەت"دا بگەڕێن.

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور لە ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥دا، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شنۆ دەسبەسەر کرا و بۆ ماوەی ٧٤ ڕۆژ لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ بە مەبەستی وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ ئەشکەنجە درا. ئەم بەندکراوە سیاسییە ٤٩ ڕۆژ پاش "دەرگیریی سپای پاسداران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی قەرەسەقەل سەر بە شاری شنۆ" بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی ناوبراو دەسبەسەر کرا. هیدایەت عەبدوڵڵاپوور پاش کۆتاییهاتنی هەموو لێپرسینەوەکان لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای ورمێ، لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٥دا بۆ بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ڕاگوێزرا.

لە کۆتاییدا ئەم بەندکراوە سیاسییە لە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٩٥ لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ورمێوە بە تۆمەتی "بەغی و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"دا بە لەسێدارەدران سزا درا و بەپێی دادنامەی دەرکراو، هیدایەت عەبدوڵڵاپوور لە داداگادا بەرگریی لە خۆی کرد و ڕایگەیاند: "تۆمەتەکەم قەبووڵ نییە و لە شنۆ لەژێر ئەشکەنجەدا بووم و هەموو شتێکم بە لێپرسەکە گوتووە". ئەم سزایە لە ڕۆژی یەکی ڕەشەمەی ١٣٩٥دا لە بەندیخانەی ورمێ بەم بەندکراوە سیاسییە ڕاگەیەندرا.

پاش لەسێدارەدانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، بەندکراوی سیاسیی کورد، ١٤ کەس لە کارناسانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەسێدارەدرانی نهێنیی ناوبراویان مەحکووم کرد.

بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ یان Enforced disappearance لەو جیانیەتانەیە لە بەپێی "کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە هەموو کەسەکان لە بەرنابەر بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ" لە ٢٠ی دێسامبری ٢٠٠٦دا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا و وەکوو تاوان ناسرا و لە یاسای نێونەتەوەییشدا وەکوو "تاوان دژی مرۆڤایەتی" پێناسەی بۆ کراوە.



هیدایەت عەبدوڵڵاپوور؛ لەدایکبووی ٥ی بەفرانباری ١٣٦٩ بوو. ناوبراو کوڕی ئەبووبەکر و مەرجان، خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بە ناوەکانی "سیروان و کوردستان" بوو. منداڵەکانی لە کاتی لەسێدارەدرانی باوکیاندا، تەمەنیان ١٢ و ٦ ساڵ بوو.

# زاراوەسازی لە وەرگێڕاندا، کێشە و گرفتەکان و چارەسەر



مەسعوود بابایی

پێناسە باوەکانی وەرگێڕان لەگەڵ ئەوەی دەتوانن تا ڕادەیەک ئەرکی وەرگێڕان بۆ ئێمە شی بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئەگەر هێرمێنۆتیکی لێی بڕوانین، وەرگێڕان جۆرێکی دیکەی ڕاڤەی دەروەستە. هەر وشەیەک کە وەری دەگێڕین ئاراستەیەکی ڕاڤەیی هەیە کە دەبێتە مایەی "تێگەیشتن". هەڵبەت ئەم ڕایە کاتێک ڕاستە کە ئێمە لەجێی زاراوەی "Translation" کەڵک لە وشەی "Interpretation" وەربگرین کە واتای "وەرگێڕان"یش دەگەیەنێت. لەم ڕوانگەوە دەمهەوێت بڵێم وەرگێڕان جۆرێک لە ڕاڤەی دەروەستە کە "وشە" لەبەرانبەر "وشە" و ڕستە لە بەرانبەر ڕستە و واتای فەرهەنگی (لیکسیکۆن) و ئیدیۆمی و پراگماتیکاڵ بەشێوەی هاوگوێرە دادەنێتەوە. هەموو تێگەیشتنێک ڕاڤەیەکە و هەموو ڕاڤەیەکیش تێگەیشتنێکی نوێیە کە لە زماندا ڕوو دەدات.

وشە لە پرۆسەیەکی ڕاڤەکردندا دێتە نێو زمانەوە. هەموو زمانێک لە زەیندا پەژراوە و پێوەندیی مانایی خۆی لەگەڵ ژینگە و سروشتدا ڕێک خستوە. گوێزرانەوەی پاژەکانی جیهانی ماددی و سروشتی لە ناولێناندا بەرەنجامی ڕاڤەن کە دیاردەی ماددی و سروشتی لە یەکەی واتاییدا جێ دەکاتەوە. لەم ڕوانگەوە هەموو ڕاڤەیەک لە چەمکێکدا کە یەکەیەکی دەنگی – واتاییە جێگیر دەبێت. بەم شێوەیە دەتوانین بێژین سەرهەڵدانی زمان بەرهەمی ڕاڤەیەکە کە لە جیهانی کۆدە زمانییەکاندا وەرگێڕدراوە. بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، "وەرگێڕان" چەشنێکی ڕاڤەییە.

بەڵام "وەرگێڕان" دەقاودەق نییە؛ چونکە ڕاڤە خودی دیاردە نییە. وشە بەرەنجامی ڕاڤەیەکە بۆ دیاردە. هەر بۆیە مەودایەکی پڕنەکراوە لەنێوان "ناو" و "دیاردە"دا هەیە. بەگوێرەی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، کە وابوو وەرگێڕانی دەقاودەق نەلواوە. وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕانی دەقاودەق نییە. دانانی وشەیەک لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم، هاوتاکردنەوەیە نەک دەقاودەقکردنەوە. لەبەر ئەوەی هەمیشە لە وەرگێڕاندا "دالەنگاندن" ڕوو دەدات. ئەم دالەنگاندنی واتایە پێوەندیی بە "ئاوەزمەندی" و "زەینییەتی فەرهەنگ"ەوە هەیە کە ئەو زمانە لەنێو ئەو فەرهەنگەدا ئافرێنراوە. ئەزموونی فەرهەنگی لە بەرەنجامی وەرگێڕاندا دەگوازرێتەوە، لەم پرۆسەیەدا هەندێ لە ماناکان دەکەون، چونکە ناگوازرێنەوە و ئێمە دەرۆستی گواستنەوەیان نایەین. ئێمە ناوی ڕەنگەکان لە ئەزموونێکی ڕاڤەییی هاوتاکردنەوەی وشەکانی نێو فەرهەنگی زمانیمان وەردەگێڕین، بەڵام ناتوانین هەستی دەروونناسانەی ڕەنگێکی دیاریکراو لەنێو فەرهەنگێکدا بگوازینەوە. بەپێچەوانەوە هەستی دەروونناسانەی خۆمان بەسەر وشە وەرگێڕدراوەکەدا بار دەکەین. ئەمە هەمان ئەو مانایەیە کە لە ڕەوتی وەرگێڕاندا دەکەوێت. وەک شینگێڕێک لە پرسەی کابرایەکی بێگانەدا! ئەو بۆ مردووی خۆی دەگری، بەڵام وا دەردەکەوێت فرمێسکەکانی بۆ مردووی ئەم ماڵەیە!

مەبەست ئەوەیە بەشێک لە واتا – چەندیش وەرگێڕێکی کارامە بین – دەکەوێت. هەر بۆیە وەرگێڕانی دەقاودەق بێمانا و مەحاڵە، چونکە ئەگەر دەقاودەق بێت پێی ناگوترێت وەرگێڕان

جیاوازی لەنێوان نووسین و وەرگێڕان لەوەدایە کە بێجگە لەوەی کایەی ئازادی وشەیی تێدایە و نووسەر ئازادیی دەستچنکردنی وشەکانی هەیە، "کایەی ئاشنای وشە"یە؛ بەم واتایە کە زمان، زمانحاڵی زەینی نووسەرە. "بیرۆکەکان"ی نووسەر بەرەنجامی خوێندنەوە و کنەی نووسەرن کە لە فەزای ئاشنای فەرهەنگی زمانی خۆماڵیی نووسەردا کە دەکرێ بۆ گەیاندنی "بیرۆکە"ی نووسەر کەڵک لە "ژینگەی ئاشنای زمانی خۆماڵی" وەربگیردرێت. لە دۆخی نووسیندا، داڕشتنەوەی ئازادانەی دەق دەرفەت بۆ پاراویی دەق دەڕەخسێنێت. لەنێو ئەو نەتەوانەی کە بەرهەمهێنی زانست و هزر نین؛ دەقی پاراوی ئەدەبی بە زمانی ئەو نەتەوانە بە زۆروزەوەندی دەبینرێت. هەموو ئەدەبێکی خۆماڵیانە بە زمانی خۆماڵی دەنووسرێتەوە، دەقێک کە ڕەنگدانەوەی "شێوەی ژیان"ی گەل یان جڤات و جڤاکی ئەو گەلەیە. هەموو فەرهەنگێک "ئەزموونێکی پێوەژیو"ی هەیە کە بە پێزێکی زمانیی بەرچاو دەتوانێت دەری ببڕێت. لە باری هزرییەوە ئێمە دوو ڕووبەرمان هەن:

١. ڕووبەری بیرلێکراوە
٢. ڕووبەری بیرلێنەکراوە

– ڕووبەری بیرلێکراوە، بریتییە لەو ڕووبەرەی کە فەرهەنگی گەل و جڤات و جڤاک و نەتەوە لە "شێوەی ژیان"ی خۆیدا ئەزموونی کردوە و ناوی لە دیاردە جیاجیاکانی ئەو "شێوەی ژیان"ە ناوە. ئەمە "ڕووبەری ئاشنا"یە.

– ڕووبەری بیرلێنەکراوە، بریتییە لەو ڕووبەرەی لە فەرهەنگی گەل و جڤات و جڤاک و نەتەوەیەکی دیاریکراو و لە "شێوەی ژیان"یدا ئەزموون نەکراوە و لە ژینگە و هزر و دابودەستوور و نەریتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەدی ناکرێت؛ ئەمە "ڕووبەری نائاشنا"یە.

ئەرکی وەرگێڕان ئەوەیە کە "ڕووبەری نائاشنا"، ئاشنا بکاتەوە. وەرگێڕان، بەریەککەوتنی دوو فەرهەنگی جیایە لە دوو زمانی جیادا.

زمانێک کە لێی وەردەگێڕین، ڕووبەری نائاشنایە. هاوتاکردنەوەی وشەکان و زاراوەکان، لە سەرەتادا بەراوردی دوو زەینە، پاشان دوو زمان. هەموو زمانێک ئەزموونی فەرهەنگیی خۆی هەیە کە دەتوانین پێی بڵێین "ژینگەی زمانی". لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە تا دەگات بە هزر و فەلسەفە و زانست چەندین توێژی دەربڕینی زمانی هەن کە ئێمە لە وەرگێڕاندا دەبێ بەرەنگاریان ببینەوە. ڕکێفی مانای دەق لە "ڕووبەری بیرلێنەکراوە"دا کارێکی چەتوونە. لە بیرۆکەی نووسەرەوە تا ژینگەی زمانیی کۆمەڵگەیەکی فەرهەنگی کە ئێمە چەنگەوبازی دەبین چەندین ئاستی جیاوازی دەربڕینی زمانی هەن کە دەبێ لە زمانی دووەمدا دەستنیشان بکرێن و هاوتا بکرێنەوە. "زاراوەکان" کە بابەتی ئەم باسوخواسەی ئێمەن ڕەنگە یەکێک لە کێشەدارترین بەشی وەرگێڕانی دەق بێت.

بە ڕاڤەی "دیاردە" وشە (ناو و بەشەکانی) دێنە کایەوە. هەر ڕووبەرێکی واتایی کە بیری لێدەکرێتەوە یان "هەستەکی" (حسی)یە یان ئاوەزەکی (عقلی).

بینینی "جوان"، بیرۆکەی جوانی لە لای ئێمە گەڵاڵە دەکات. ئەم بیرۆکەیە لە شێوەی چەمکی "جوانی"دا خۆی دەنوێنێت. واتە چەمک زادەی "بیرۆکە"یە. لە شیکردنەوەی چەمکی "جوانی"دا پێویستیمان بە پاژەکانی دەزگایەکی چەمکی هەیە کە هەرکام لەو پاژانە "زاراوەکان"ن. بۆ نموونە "جوانیناسی" بە زانستێک دەگوترێت کە دەپەڕژێتە سەر شیکردنەوەی چەمکی "جوانی".

ئەرکی زاراوەکان ئەوەیە کە لە پرۆسەیەکی دابەشکاریی مەعریفیدا دەزگایەکی چەمکی ڕوون بکەنەوە. واتە ئەگەر چەمک "هەمەک" بێت، زاراوە ڕوونکردنەوەی "هەندەک" دەگرێتە ئەستۆ. بەکارهێنانی زاراوە ڕێ لە پاتەوپات و درێژدادڕی دەگرێت. واتە زاراوە لە پەنای چەمکدا "جێگیربوونی واتایی" سیستمێکی هزری دەگرێتە ئەستۆ کە لە بواری زانست و هزرین و فەلسەفەدا "پۆلێنبەندیی دانایی" پێ دەگوترێت.

ئێمە لە وەرگێڕاندا –بەپێچەوانەی نووسین– دەکەوینە دۆخی بەراوردەوە. ئەم "دۆخی بەراورد"ە سوود و زیانی خۆی هەیە. ڕەنگە یەکێک لە سوودەکانی بەراوردی دوو دەق لە کاتی وەرگێڕاندا کە زیاتر "بەراوردی وشەیی"یە لەوەدا بێت کە ئێمە لە "پلەبەندیی واتایی" ئاگادار دەکاتەوە. واتە هۆشیارمان دەکاتەوە کە دۆخی هاوواتایی دۆخێکی ڕێژەییە. وشەکان ئەگەرچی لە فەرهەنگدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە تەنیشت یەکەوە بەگوێرەی دووری و نزیکی پێوەندیی ماناییان ڕێک خراوە، بەڵام تەنیا لە دۆخی بەراوردی مانای وشەیی بەپێی بەستێن دەتوانین وشەی شیاو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین. بەراوردی وشەییی نێوان وشەکانی دوو زمان سوودێکی گرنگی هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کە بەباشی لە پۆلێنبەندیی واتاییی وشە هاوواتاکانمان تێدەگەین. وەرگێڕان ڕەهەندە جیاجیاکانی مانا بەگوێرەی بەستێنەکەیان وەدیار دەخات.

لایەنێکی دیکەیش باری جوانیناسیی وشەییە. بۆ نموونە وشەکانی "گلارە"، "گلێنە"، "سۆما"، بیلبیلە"، "ڕەشێنە" هاوواتان و لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا بەپێی ناوچە جیاجیاکان بەکار دێن. بەڵام پەیبردن بە ئاخێزگە و ڕەهەندی سەرهەڵدانی وشەکە ڕوانینی جوانیناسانەی زمانی کوردی لە وشەیەکدا دەردەخات. لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەک وەک "سۆما" سەرەڕای هاوواتابوونی لەتەک وشەکانی دیکەی هاوواتای خۆیدا جیاوازییەکی دیکەیشی هەیە. "سۆ" واتای ڕووناکیی بینایی دەگەیەنێت. "ئاسۆ" واتە "سۆ"یەکی گەورە. "بێسۆ" واتە بینایی لێ بڕاوە.

"Optics" بە زمانی فارسی "نورشناسی"یە، بە عەرەبی پێشتر دەگوترا "علم ظواهر و المرایاء"، دواتر لە زمانی عەرەبیدا وشەکە زیاتر لە واتا نیوتنییەکەی نزیک کرایەوە و "علم البصریات"ی بۆ دانرا. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووک زاراوە فارسی و عەرەبییەکە ناتوانن تەواوی مەبەستەکە بپێکن. لە ڕوانگەی "نیوتن"ەوە "نور" یان "بینراوەکان و بینایی" لایەنێکی بابەتەکەیە. مەبەستی "نیوتن" "نور و بینایی و توانستی بینایی"ە. دەگرێ توانستی بینایی هەبێت بەڵام دیاردەی ڕووناکی نەبێت؛ لەو کاتەدا "بینین" نارەخسێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر "توانستی بینایی" نەبێت، سەرەڕای هەبوونی "ڕووناکی" دیسان "بینین" نارەخسێت.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانەدا ئێمە پەی بە واتای چەمکی دەبەین و پاشان بەئاسانی دەتوانین لەو لۆژیکە تێبگەین کە لە زاراوەسازیدا یارمەتیمان دەدات. لایەنێکی دیکەیش دەرخستنی پلەبەندیی واتاییە. "سۆناسی" باشترین زاراوەیە کە دەتوانین بۆ "Optics" پێشنیاری بکەین. وەرگێڕان دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە بە یارمەتیی زمانی یەکەم، پەی بە "پلەبەندیی واتاییی" زمانی خۆمان ببەین. من ئەم پرۆسەیە بە "زوڵاڵکردنەوە" و "زوڵاڵنوێنی" ناودێر دەکەم. بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی کە هێشتا ئاکادیمیایەکی زمانی بەبڕشتی نییە و هەموو ئەرکەکە دەکەوێتە سەر وەرگێڕ و نووسەرەکانی، شارەزاییەکی ڕێژەیی لە زمانناسی و لقەکان و تکنیکەکانی زاراوەسازی گەلێک گرنگە. ئاخاوتن ناتوانێت "شێوەی کارکردنی دەزگای زمان"ێک دەربخات؛ بەڵام وەرگێڕان دەتوانێت ئەم کارەمان بۆ بکات.

وەرگێڕان زیانی خۆیشی هەیە؛ زیانەکەی بەپارسەنگکردنی زمانی بێگانەیە. مەترسیی وەرگێڕان، زیاتر بۆ تازەکارەکانە کە فۆرمەکانی دەربڕینی ڕێزمانیی زمانی یەکەمیش وەردەگێڕن. واتە ڕێزمانی زمانی یەکەمیش وەردەگێڕن. "هێردەر" فەیلەسووفی ئاڵمانی دژی بزووتنەوەی وەرگێڕان و لایەنگرانی بزاڤی ڕۆشنگەریی ئاڵمان بوو. سەردەمانێک هەندێ لە بیرمەندان و ڕووناکبیرانی ئاڵمانی دەیانگوت کە ئێمە دەبێ میراتی هزریی جیهانی ئەنگلۆساکسۆن وەربگێڕین. "هێردەر" دژی ئەمە بوو؛ ئەو لەو بڕوایەدابوو وەها کارێک دەبێتە هۆی ئەوەی تاهەتایە هزری ئاڵمانی ببێت بە کۆیلەی هزری ئەنگلۆساکسۆن. بۆیە پێشنیاری دەکرد لە شیعر و ئەدەبی فۆلکلۆرەوە دەست پێبکەن.

هەڵبەت پرسیارێکی گرنگ لێرەدایە کە ئایا هەموو وەرگێڕێک هورمی زاراوەسازیی هەیە؟! دیارە لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان باسی وەرگێڕانە باسی دەقی نووسراو ناکەین، ئەگینا هەمان پرسیار بۆ نووسەریش ڕەوایە.

وەرگێڕی زمانزان و وەرگێڕی بوارێک یان چەند بوارێکی دیاریکراو کە پێوەندییان بە یەکدییەوە هەبێت لە ڕەوتی ئەزموون و کار و سەروساخت و چەنگەوبازبوون لەگەڵ بوارەکەی دەتوانێت لە چوارچێوەی بواری خۆیدا زاراوەکانی پێشنیار بکات. زیاتر لەوەش گفتوگۆی نێوان وەرگێڕی بوارەکانە کە زیاتر گرنگی بە زانستیبوون بدەن نەک "من منۆکێی" کەسیی خۆیان!

لە پێوەندی لەتەک زاراوەسازیدا ناتوانین بڵێین وەرگێڕ هەموو جارێک دەتوانێت لە پێشنیارکردنی هاوتای زاراوەیەکی تایبەتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام گرنگیی وەرگێڕان لەم بارەوە بەرچاوڕوونییەکە کە تێگەیشتن لە زاراوەکە بۆ زمانی دووەم دروستی دەکات.

ئەم بەرچاوڕوونییە دەبێتە هۆی بەرینبوونەوەی ڕووبەری بیرلێکراوەی زمان. بەم واتایە کە ئاسۆیەکی واتایی نوێ بەڕووی زماندا دەکاتەوە. من وای بۆ دەچم کە وەرگێڕان هەمیشە ڕووبەری بیرلێنەکراوەیە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە پاش هەر دەقێکی وەرگێڕدراو ڕووبەری بیرلێکراوەی زمان بەرفراوانتر دەکاتەوە. چونکە لە ڕێگەی بەریەککەوتنی دوو دەقەوە ئەزموونەنەکراوەکانی زانین، دەخاتە نێو جەغزی زانینەوە. هەموو چەمکێکی نوێ دەتوانێت هێشوویەکی زاراوەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دەزگایەکی هزری دابڕێژێت کە دەبێتە هۆی ئەوە کە هێڵی ستوونیی زمان (هزرین و زانست) قووڵتر بکاتەوە و هاوسەنگییەک لەنێوان هێڵی ئاسۆیی و هێڵی ستوونیی زمان دروست بکات.

بەبێ توانای وێناکردنی واتای چەمکی، ئێمە ناتوانین زاراوەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک دابڕێژین. هەموو چەمکێک واتایەکی هەمەکی وەردەگرێت کە زاراوەکان وەک "هەندەک" پاژەکانی شی دەکەنەوە. کاتێک باسی سیستمێکی چەمکی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە بەشەکانی ئەم سیستمە لە باری نیشانەناسییەوە بەگوێرەی زاراوەکان "نیشانەدار" کراون. "واتاداری"، بەگوێرەی سیستمێکی نیشانەییە کە ئامانجەکەی ڕەخساندنی "تێگەیشتن"ە. وەرگێڕان وەک پرۆسەیەکی ڕاڤەیی دەروەست نابێ واتاکان "دەور" بداتەوە، بەڵکو دەبێ واتاکان لە زمانی دووەمدا هاوتا بکاتەوە، بەباشی ڕێز لە ناسنامەی کەرستە زمانییەکان بگرێت و لە هەمان کاتدا ئاگاداری ڕێڕەوی ڕستەسازیی زمان بێت. ئەوەی کە دەگوترێت "وەرگێڕان خیانەتکردنە لە دەق" لەو کاتەدایە کە ئێمە "واتاکان" دەور دەدەینەوە و ڕێز لە ناسنامەی یەک بە یەکی کەرستە زمانییەکان ناگرین و لە ڕەوانبێژییەکی ساختەدا لەنێو ڕستەدا دەیانتوێنینەوە. بەداخەوە هەندێ جار بەناچاری ئەمە ڕوو دەدات و لە هەموو زمانێکیشدا دەکرێ ڕووبدات! تەنیا لەبەر ئەوەی "دەقاودەقکردنەوە" مەحاڵی وەرگێڕانە. ئەمە ئەو شتەیە کە من بە "مەودای پڕنەکراوەی واتایی" ناودێری دەکەم.

هەموو زمانێک کەم و زۆر توانستی داڕشتن و لێکدان و ڕۆنانی بەگوێرەی تایبەتمەندیی ڕێزمانیی خۆی هەیە. داهێنانی هزر و کەرستەکانی ژیان لە هەموو فەرهەنگێکدا خەرمانی وشە و زاراوەی زمان زیاتر دەکات. ئەو وشانەی کە بەرهەمی داهێنراوی کۆمەڵگەیەکی تایبەتن بە دژواری وەردەگێڕدرێن یان هەر وەرناگێڕدرێن. هەر بۆیە بەشێکی بەرچاوی ئەم داهێنانانە ئەگەر بەجیهانی بکرێن، دێنە نێو زمانەکانی دیکەوە و بەناچاری لە زمانی دیکەدا بەکار دەهێنرێن

بەشێک لە زاراوە و وشەکان بەرهەمی ڕامان و بیرکردنەوەی زانستی یان فەلسەفین. هەرچەند ئەم وشانە بەرەنجامی سیستمێکی هزری یان زانستین، بەڵام لە باری وێنایی و ماناکێشەکێ (تداعی معانی)وە ئێمە دەتوانین لێیان تێبگەین. هەر بۆیە دەتوانین بیریان لێبکەینەوە و هاوتای شیاویان بۆ پەیدا بکەین؛ بەو مەرجەی لە لۆژیکی واتایی و ئاخێزگە و بەستێنی واتاییان تێبگەین. بە بڕوای من، هەمیشە کەرتێک لە مانا لە زەینی ئێمەدا هەیە کە لە تێگەیشتن لە واتا و چەمک و زاراوە بێگانەکاندا یارمەتیمان دەدات. ئەم کەرتی واتاییە، ڕەنگە بەرهەمی تێڕامانی دیاردەیی ئێمە لە ژینگە و سروشت و دۆخی دەروونی و ناخەکیمان بێت کە بەگوێرەی ماناکێشەکێ دەتوانێت لەو مانایە تێبگات کە لە چەمک یان زاراوەیەکی بێگانەدا پەپکەی داوە. بۆ نموونە

لە تێگەیشتن لە زاراوەکانی وەک "جزر و مد" چەشنی دیاردەیەکی جوگرافیایی کە لە زانستی جوگرافیادا بە هەڵکشانی ئاوی دەریا – بەگوێرەی هێزی کێشمانی مانگ – دەگوترێت، پێش دۆزینەوەی ئەم دیاردەیە، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نەبوو. هاتنە ئارای ئەم زاراوە زانستییە و پێویستیی تێگەیشتن لێی بووە مایەی کنەی زمانیی ئێمە. ئەم زاراوەیە لە زەینی زمانیی خەڵکدا بەشێوەی خۆڕسک جێی خۆی کردەوە. لە "ڕشتەی مرواری"دا بۆ زاراوەی "جزر" و "مد"، "نیشتاو" و "خێزاو" بەکار هاتوە. ئەم وشەیە بەئاسانی دەتوانێت واتای جوگرافیایی "جزر و مد" بگەیەنێت. ئەم تێگەیشتنە لەبەر گیرسانەوەی وشەی "ئاو" لە پاڵ "نیشت" و "خێز" وێنای جوگرافیایی "جزر و مد"ی ڕەخساندوە. واتە زەینی ئێمە توانیویەتی شوێنپێی نیشانەیی واتا هەڵبگرێتەوە و لەو لۆژیکە تێ بگات کە زاراوەکە لە خۆیدا هەڵیگرتووە. هاوکات ئەم زاراوەیە واتای میتافۆریکیش دەگەیەنێت؛ لە بواری سیاسی و ئابووری بەکار دێت. لە بواری ئابووریدا دەتوانین بۆ ئەم زاراوەیە "هەڵکشان" و "داکشان" دابنێین؛ چونکە پێوەندیی بە پێنوێنی نرخەوە هەیە و "هەڵچوون" و "داچوون" بۆ بواری سیاسی دەگونجێت؛ لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریی سیاسی پێوەندیی بە ڕەفتاری کارەکتەری سیاسییەوە هەیە. پۆلێنبەندیی واتاییی ئەم زاراوەیە بەگوێرەی واتای ڕاستەقینە و واتای میتافۆریک و خوازەیی، بەگوێرەی زمانی کوردی هەمان هاوتاکردنەوەیە. ئەگەر "جزر" و "مد" لە زمانی عەرەبیدا هەم وەک زاراوەیەکی جوگرافیایی لە واتای ڕاستەقینە و هەم بە واتای میتافۆریک بەکار دێت، ئێمە ناتوانین "نیشتاو" و "خێزاو" وەک واتای میتافۆریک بەکار بهێنین. هەر بۆیە ئێمە واتای میتافۆریکی ئەم زاراوەیە لە زانستی ئابووریدا بەگوێرەی بەستێنی ئاماری و ماتماتیکی و لە سیاسەتدا – بەپێی ڕەفتاری کارەکتەری سیاسی – دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە لێک دەدەینەوە و دایدەڕێژین. ئەمە هاوتاکردنەوەیە کە لە زاراوەسازیدا دەبێ ڕەچاوی بکەین و وەرگێڕان گۆڕەپانی پەیبردن بە شێوەی هاوتاکردنەوەی زاراوەییە؛ لەم مانایەدا دەتوانین لە تایبەتمەندیی ڕاڤەییی وەرگێڕان تێ بگەین.

***

**تێبینیی "کوردستان":**

ئەم باسە قەرار بوو لە کۆڕیادی "وەرگێڕان پردە بەهێزەکەی پەیوەندیی نێوان کولتوورە جیاوازەکان"دا پێشکێش بکرێت کە ڕێکخراوی "کەریم عەلەکە" بۆ ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی بانەمەڕ (٢٠٢٤/٥/١٢) لە شاری سلێمانی ڕێکی خستبوو، و لەم کۆڕەدا بڕیار بوو "م. عەبدوڵڵا حەسەنزادە" خەڵاتی وەرگێڕی نموونەیی پێ ببەخشرێت. بەڵام ئەم کۆڕە ئەدەبییە نیوسەعات پێش دەسپێکەکەی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی شاری سلێمانییەوە ڕێگری لە بەڕێوەچوونەکەی کرا.



## حەمید شەریفی:

# دەف زۆرتر لە ناوچەی سنەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تر و هەورامانیش بێبەری نەبووە لەم فەرهەنگە

**ئاماژە: کوردستان خاوەن فەرهەنگ و مۆسیقایەکی دەوڵەمەند و سرنجڕاکێشە. ئەم پاشخانە دەوڵەمەندە فەرهەنگی و هونەرییە ئێعتبارێکی زۆریان بە پێگەی نەتەوەیی کورد داوە و ئەم جوانییانە هەر ساڵە لە دەیان کەرنەڤاڵی تایبەت و لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا خۆیان دەنوێنن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کورد خاوەنی سەرەوەریی سیاسیی خۆی نەبووە و لە نەبوونی دەوڵەت و حکوومەتی خۆماڵیدا کە هەوڵی پارێزگاری و خەملاندنی ئەو کولتوورە بدات، هەمووکات مێژوو و فەرهەنگ و جوانییەکانی کوردستان مەترسی فەوتان و تاڵانیان لەسەر بووە. یەک لەو مەترسییانە خۆ بە خاوەنکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و نەتەوەی سەردەست و بەستنەوەی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان بە مێژووی ی خۆیانەوە بووە.**

**هەر لەو چوارچێوەیەدا "کوردستان" تایبەت بە جەژنی "هەزار دەفی پاڵەنگان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک حەمید شەریفی، هونەرمەند و چالاکی هونەری و ئەدەبی پێکهێناوە.**

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**



**کاک حەمید سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم دیمانەیەدا. بەر لەوەی باسی "جەژنی هەزار دەف" بکەین، دەپرسین دەف وەک ئامێرێکی مۆسیقی لە کوێی کولتوور و مۆسیقیی کوردییدا جێ دەگرێت؟**

دەف یا باشترە بێژین دەپ -چونکە پیتی «ف» بە عەرەب کراوەی پیتی «پ»ییە- سازێکی تەواو کوردییە. ئەم شێوازە لە سازی تەک و تۆمی لەنێو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا هەبووە و هەیە، بەجۆرێک لەلای ئێمپراتۆری ئیلامییەکان دەفی چوارگۆش هەبووە. بەڵام شێوازی سازەکە و ژەنینی جیاوازە. بۆیە ئەم جۆرە لەم سازە تەنانەت تا ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی جیا لە کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێراندا نەناسراو بوو، هەتاکوو «بیژەن کامکار» هێنایە نێو سازە ئێرانییەکانەوە.

**بۆچی هەوڵ دەدرێ مێژووی دەف تەنیا بە خانەقا و عیرفانەوە گرێ بدرێتەوە و ئایا ئەوە مەبەستێکی تایبەتیی لەپشت؟**

سازی دەف سازێکی زۆر کۆنتر لە ئیسلام و عێرفانە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام زۆربەی سازەکان ناچار بوون خۆیان ببەستنەوە بە ئیسلام و بە جۆرێک بە عێرفانەوە کە ساڵگەلێک دواتر بەدوای ئیسلامدا هات. هەر چەند بەر لە هاتنی ئیسلامیش جۆرێک لە نزا و ستایشی خۆاکان هەبووە و ئاواز و سازی بۆ بەکار هێنراوە. بەڵام ئەتوانین بێژین سازی دەف و زۆربەی گۆرانی و تەنانەت زەماوندەکانیش خۆیان بەستەوە بە خانەقاوە، بۆ ئەوەی زیندوو بمێنن. کە خوەشبەختانەش وا بوو. مامۆستا عەلی مەردان چونکی هاتوچۆی خانەقای مامی کردوە لە کەرکووک، توانی زۆربەی ئەو گۆرانییانە بێنێتەوە نێو خەڵک. ناکرێت فەرهەنگێک کە هەتە و ئەتوانی باش کەڵکی لێ وەرگریت، دوو دەستی دووری خەیتەوە بە ناو هەر ئایدۆلۆژیاییکەوە یا ترسێکی سیاسی. با نەهێڵم ئەو بۆ مەبەستی خۆی کەڵکی لێ بگرێت من خۆم بە باشترین شێوە بەکاری بێنم. ئەمن کاتی خۆی چەپێکی وا بووم کە ئەم باسەم پێ زۆر بچووک بوو، لەبەر ئەوەی پێم وا بوو چۆن عێرفانییە ئەبێ بخرێتە لاوە، بەڵام ئێستە وا بیر ناکەمەوە. پێمان سەیر نەبێت کە «داریوش ئێقباڵی» کارێکی هەیە بە ناو: «نفرین نامە» کە تەک و تۆمی خانەقای هەست.

**جەژنی هەزار دەف چییە و فەلسەفە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

نازانم بەڕاستی ئێمە جەژنێکی وامان لە مێژوودا هەبوویێت یا نە، بەڵام تەک و تۆمی دەف و ناوچەی هەورامان و شاخەکانی زاگرۆس جیا لە فەزایەکی عێرفانی، ئەتوانێ فەزایەکی زۆر ئەفسانەیی و خەیاڵی و تایبەت دروست کات. بۆیە لە جەژنی پیرشالیاردا ئەبینین، بگرە هەر ئەمە بیرۆکەی بۆ «بەهمەن قوبادی» دروست کردبێت و لە فیلمێکدا بە ناوی «نیوەی مانگ» بەکاری هێناوە و ئەم جار لە خەڵکێکی زۆرتر و بەتایبەت ژن کەڵکی وەرگرتوە. ئەمەش ناکرێت بێ مێژوو بووبێت و هەروەها کە گوتم جەژنی پیرشالیار نموونەیەکە.

**ئەگەر مێژووی ئەم بۆنەیە بۆ دوور و کەونار دەگەڕێتەوە، ئەدی چۆنە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە پاڵنگان وەک فێستیڤاڵ بووژاوەتەوە؟**

هەروا کە وتم ناوچەکە، شاخەکان، ئەشکەوتەکان، دەنگدانەوەکان و دەنگی دەف و جەژنی پیرشالیار و زۆر شتی تر ئەتوانن ئاماژە بۆ مێژوویەک بەم سازەوە بکات. بەڵام جەژنی هەزار دەف وەک خۆی تازەیە، جەژنی "هالۆڤین" جەژنێکی کۆنی ئیرلەندی-ئیسکاتلەندییەکان بووە، کە لە ڕێگەی پەنابەرەکانەوە ئەڕواتە ئامریکا و نزیک بە ١٠٠ ساڵە بووەتە جەژنێکی جیهانی و هاوکات پیشەسازی و گەشتیاری.

ئایا ئەم جەژنە کە بە تایبەتمەندیی دەفەوە دەناسرێتەوە، تایبەت بە جوغرافیایەکی دیاریکراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە گشتی کوردستانە؟

دەف کە بەسراوەتەوە بە خانەقاکانەوە زۆرتر لە ناوچەی سنە گوازراونەتەوە بۆ ناوچەکانی تر و هەورامانیش بێبەری نەبووە لەم فەرهەنگە، بە تایبەت پاڵەنگان کە بەپێی قسەی بەشێک لە مێژوونووسان، ئەردەڵانەکان لە پاڵەنگانەوە هاتوون. لانیکەم ئەمە زانیاریی تا ئێستای منە. هیوادارم شتی تازەتر لەوانە دەربکەون

ئەو جەژن و بۆنەیە دەکرێ هەڵگری چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەک بێت، عرفانی، ئایینی یان تەنانەت لە ئێستادا وەک ڕاکێشانێکی گەشتیاری؟

عێرفان بە جۆرێک لادان بووە لە دینی داسەپاو کە هەموو شتێک بە تایبەت مووزیک، قەدەغە ئەکات. هەرچەند دوایە بۆخۆیشی ئەبێت بە شێوازێک لە ئایین، بە جۆریک کە «قانع» لە شێعرێکی تایبەتدا وایان پێ ئەڵێت:

**دوێنێ دەروێشێ وتی: کەف بەدەف و دەف بە تەرەب**
**دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب**

**وتم: ئەی ئەحمەقی ئاشوفتە! وەتەن چۆڵە، وتی:**
**دەبە دەب دەب، دەبە دەب دەب، دەبە دەب**

**وتم واچاکە لەفکری خۆیەوە بۆی دەربێم**
**بە مرووری گەلێ ئەییام لەناو بەم دەبە دەب**

**دەفم هەڵگرت و بە حەی حەی دەسی شێخم ماچ کرد**
**وتم لێدەن بە عوومومی لە مەقامی دەبە دەب**

**قانعا! بەسیە، موحەققەق بە، دووسەد وەک من و تۆ**
**تەرک ناکەن بە یەکێ بەزم و مەقامی دەبە دەب**

ئەوەش پێمان دەڵێت کە "قانع" جیا لە هەموو شتێک، مووسیقای باش ناسیوە. بمانهەوێت و نەمانهەوێت کۆمەڵگە هەموو جۆر بیرۆکەی و ئایین و ئاینزای تێدایە و ئەکرێت بەشێک لە فەرهەنگی کۆمەڵگەیەک بێت و تەنانەت بۆ بەشی گەشتیاریش ئەتوانرێ کەڵکی لێ وەرگیردرێت. بە مەرجێ دەستی کۆتا بێت لە پەروەردە و سیاسەت.

**لەو ماوەیەدا هەندێ باس هاتە گۆڕێ کە جەژنی هەزار دەف بۆنەیەکە پێوەندیدار بە ڕۆژی لەدایکبوونی سەعدی. چ پێوەندییەک لە نێوان ئەو جەژنە و سەعدی یان گرێدراوییەکی دیکەی ئەم جەژنە بە کولتووری فارسەکانەوە هەیە؟**

ئەم باسە کە وەک قارچکێک سەری هەڵدا و زۆربەی ڕاگەیاندنەکان باسیان کرد، باسێکی تایبەت بوو. بەڵام کە ئەگەڕێینەوە بۆ مێژوو و باسێک سەبارەت بە زمانی فارسی و ناوچەی فارس و شیراز و ڕەچەڵەکی «سەعدی شیرازی» دێتە ئاراوە، کە تا ڕادەیەک دوور نییە لە ڕاستی. دوای هاتنی ئیسلام زمانی دەرباری ساسانییەکان کە ئەتوانین بێژین کوردی یا باشترە بێژین "مادی"ی بووە و ئێستاش زمانی زۆربەی ناوچەکانی ئێرانە بێجگە لە عەرەب و تورکنشینەکان کە هاوردەن بۆ ئەو ناوچەیە. ئەم زمانە لە دەربار جۆدا ئەبێتەوە و ئەم جار لە زەمانی دەسەڵاتی سامانییەکان کە لە خۆراسانەوە هاتوون، وردە وردە ئەبێتە زمانی دەربارەکانی تەنانەت هەموو دەسەڵاتە تورکەکانی ئێرانیش.

ئەم زمانە کە «دەری»یە. یا بە مانای (درە یا دەرباری) پێویستی بە ئەوە ئەبێت پەیوەندی بە خەڵکەوە بگرێت. چۆن خەڵک هەم زمانی خۆیان هەیە و هەمیش لە ناوەندەکانەوە دوورن. کەوایە ئەبوایا خۆی ناوچەی بکاتەوە. بۆیە زۆرتر خۆی لەگەڵ زمانی بەتایبەت کوردی و ناوچەی شیراز کە ئێستاشی بێتەوە کوردنشینە و ناوەکەشی دوور نییە ئەگەر بڵێین «شاری ڕەز»، نزیک کردەوە و وردە وردە خۆی کرد بە زمانی ئەدەبی و لەو ڕێگەوە هاتە نێو ناوچەکانی تری ئێرانەوە.

ئاخێوەرانی شیراز و پارێزگای فارس لە دێر زەمانەوە تا ئێستا شاخەی لوڕی، بەختیاری و لەکیی زمانی کوردی بووە و هەیە. بۆیە کاتێ زمانی دەری و کوردی لەو ناوچە یەک ئەگرن، ئەبن بە زمانێک کە ئیمڕۆ پێ ئەڵێن زمانی فارسی. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی پارسییەوە نییە، چونکە ئیتر دوای هێرشی عەرەب، پارتێکیش نامێنێت. زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای فارس یا پێشگر یا پاشگری کوردییان هەیە. هەر نەتەوەیەک بێجگە لە کورد لەو ناوچەیە، هاوردەیە.

سەعدی ئەگەر خۆی کورد نەبووبێت حەتمەن کوردی زانیوە. شێوازی شێعری عەرووزی کە لە زمانی عەرەبییەوە دێتە نێو زمانی فارسییەوە ئەبێت بە زمانی فاخر و باڵادەست و دەرباری ئەگینا تا بەر لە «نالی» ئەم شێوازە لەنێو کورددا نەبووە و شێعری کوردی تەنانەت «ئەوێستا»یش بە شێوازی پەنجەیی نووسراوە. دەفتەری یارسانەکان و شێعری گووڕانی، سەیدی، بێسارانی و مەولەوی و فۆلکلۆری کوردی زۆربەی بەم شێوازە نووسراوە کە بە «پهلویات » ناسراوە.

"ذبیح الله صفا " لە کتێبی «تاریخ ایران» ناوی ئەم شێوازەی ناوە (لهجەی محلی شاعران بزرگ ایرانی)، بۆیە بابا تاهیر هەرگیز شێعری عەرووزی نەوت و زۆربەی شاعیرانی تر تەنانەت حافز و سەعدیش «پهلویات»ی لێ ماوەتەوە. هەرچەند گوایا لە کتێبی "معجم الادبا" لە نووسینی «یاقووت حەمەوی» باسی کورد بوونی سەعدی کراوە. هەروەها لە کتێبێک کە لە مامۆستا مەلا عەبدۆلکەریم مۆدەڕس ماوەتەوە کە بەداخەوە بەردەست نییە، ئاماژە بە کوردبوونی سەعدی کراوە. ئەوەش نموونەیەک لە شێعری درێژی موسەلەس لە سەعدی کە دێڕێکی فارسی و دێڕێکی کوردییە

چە باشد گر ز رحمت پارسایی
کِند در کار درویشی دعایی
کِە خَیرِت بوت ازین معنی کِت اَشِنُفت
بِگَی رحمت و سعدی با کِش ای گفت

**بە سۆرانی:**

که خەیرت بێت لەو مانایە کێت ئەژنەفت
بکەی ڕەحمەت وە سەعدی وە کێش ئەوە گۆت

**لەوەدا کە دەستبەسەرداگرتن، چەواشەکردن و بەلاڕێدابردن لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی نەرمی ڕێژیمە ناوەندگەراکان بۆ تواندنەوەی کورد و بێگانەکردنی کورد لە شوناس و کولتووری خۆی بووە، ئەم سیاسەتە لە مۆسیقیدا چۆن جێبەجێ کراوە؟**

لە هەموو ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ئەمە بەدی ئەکرێت، دوای تواندنەوە و پاکتاوکردن کە سەرکەتوو نەبوون تێدا، دەستیان بە ئینکارکردنی کورد کردوە و لەوەش کە سەرکەتوو نەبوون ئەڵێن وایە ئێوە کوردن و ئەمەش فەرهەنگی کوردییە و جار جار بە شاخ و باڵیشیا هەڵدەڵێن و لەم جۆرە جەژنانەشی بۆ ئەگرن بە مەرجێ هیچ خواست و ئیرادەیەکی سیاسی لە پاڵیدا نەبێت. یانی گەیشتوونەتە ئاستێک یا باشترە بڵێین شۆڕشی کوردی ئەوانی گەیاندووتە ئاستێک کە دان بە خۆت و نەتەوەکەت و فەرهەنگ و هۆنەرتا ئەنێن و پێیان خۆشە کە تۆش بەس خەریکی ئەوە بیت و خۆت سیاسی نەکەیتەوە و هەر لەو ئاستەدا بمێنێتەوە. ئەوان پێیان وایە کە هەر نەتەوەیەک کە بەشی فەرهەنگییەکەی ئازاد بێت، بیر لە ڕزگاری سیاسی ناکاتەوە. بەڵام هەروا کە هاتوە، کورد هەمیشە لە پێشڕەویدا بووە و بەپێچەوانەی ڕوانینی ئەوان، کورد هەموو شتێکی سیاسی وێنا ئەکات تەنانەت هەڵپەڕکێیەکەشی. بۆیە ئەوان وەک خۆیان ئەڵێن: "تهدیدها را بە فرصت تبدیل کنیم"، من پێم وایە ئەبێ کوردیش "تمام فرصتها را بە تهدید دوبارە تبدیل کند". ئەوە بەو مانایە کە ئەبێ لە هەر دەرفەتێک کە بۆمان ڕەخسا کەڵک وەرگرین بۆ هەرچی زیاتر پێشڕەوی کردن.


**پێتان وایە کورد بە پێگەیشتوویەکی سیاسیی ئەوتۆ گەیشتووە بەباشی بتوانێ خاوەندارەتی لە هەموو ڕەگەزەکانی شوناسی خۆی و یەک لەوان مۆسیقییەکەی بکات؟**

بەڵێ، گەیشتووە، بەڵام پێویستی بە دەرفەت و کەرەسە هەیە. پێگەیشتن و ئاگاهی بەشێکە و کەرەستە و دروستکردن بەشێکی تر، تەواوی مووسیقیی ڕۆژئاوای ٣ ڕیتم یا تەک و تۆمی هەیە، بەڵام خۆدی شاری "سنە" هەر ئێستا ٣ تەک و تۆمی هەیە کە تاران نایناسێت. یەکێ لەوانە ٨/٧ کە بۆ هەڵپەڕکێ گەڕیان بە کار دێت. بە هەموو تورکەوە کە لە دارێکی گەورە بە ناو«ئۆقۆز»ەوە دێن نە ڕیتمی ٨/٧ یان هەیە نە هەڵپەڕکێ ئەی چۆنە تورکی تورکییە خۆی کردوە بە خاوەنی هەم ڕیتمەکە و هەم هەڵپەڕکێیەکە؟ لە مووسیقی جیهانی بەشێک هەیە بە نێو گامی "کلیسایی" یا مووسیقی "مۆداڵ" کە هی هەزاران ساڵە و سەری لە کلیسا دەرهێناوە یا کلیسا کۆی کردووەتەوە. دوو گام لەم هەفت گامە بە نێو "فریژیەن" (Phrygian mode) و "دووڕیان" ( Dorian mode ) لەنێو کورددا زۆربەی گۆرانیگەل هەورامی و گەڕیان لەخۆ ئەگرێت. ئەمەش هی دراوسێیەتیی کورد و ڕوومەکان و یوونانییەکان و مێسرییەکان بووە تا هاتنی سەلجووقییەکان بۆ ناوچەکە نزیک ١١٠٠ ساڵ لەمەو پێش. بۆیە مووزیکی یۆنانی زۆر نزیکترە لە ئێمەوە تا مووزیکی خۆراسانی و ئێران، ئەمە جیا لە بەیت، حەیران، لاوک، سیاچەمانە، لاواندنەوە، لۆرە و هتد. دەیان مەقامی یارسانەکانە کە نە تەنیا فارس ناناسێت بەڵکوو هەموو ناوچەکە نایناسێ. بۆیە ئەمە پێویستی بە کۆکردنە و پۆلێن بەندی کردن و کلاسەکردنە و ناوێکە بۆ خاوەنداریەتی کردن و بۆ بارهێنانی مووزیکاری کورد. نەتەوەیەک ئەگەر ئاگای لە فەرهەنگی خۆی نەبێت، زوو ئەمرێت. با ئەوش بڵێم «فەرهەنگ» نە «کولتوو» کاتێ خۆمان وشەی وا پڕ مانا و جوانمان بۆی هەیە، لە کۆتایشدا ئەگەر کوردستانێک وا لە ڕۆژهەڵات باسی ئەکەین و وێنای ئەکەین نەتوانێ خاوەنداریەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچە و فەرهەنگ و زمان و شێعر و مووسیقی و هتد. نەکات، زۆر بچووک ئەبێت.

**کاک حەمید ماندوو نەبن، زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا**

سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

هەگبەی شاخ و شۆڕش




## "ئەوە پەت نییە میداڵی ئیفتیخارە"

### شەهید محەممەد مەحموودی



برایم چووکەڵی

پێشمەرگە کێن؟ ئەو لاوە تێکۆشەرانەن لەپێناوی وەدیهێنانی ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیاندا، دەستیان لە خۆشییەکانی ژیان هەڵگرتوە و دەشت و دۆڵ و چیا و لێرەوارییان لە باوەش گرتوە. پێشمەرگە کێن؟ ئەو ڕۆڵە بوێر و خۆنەویست و جوامێرانەی لە بەرامبەر هێرش و پەلامار و گڕ و باڕووت و ئاگر و ئاسنی دوژمنانی ئازادیدا سینگیان کردۆتە قەڵغانی گوللە و فشار و زەبروزەنگی چەوسێنەران لە خەبات ساردی نەکردونەتەوە، هەنگاوی پێشل نەکردون و چۆکی پێ دانەداون. کە سەیری مێژووی خەبات و خوێنی ڕۆڵەکانی کورد دەکەن، دەبینی بە هەزاران کوڕە کوردی دڵ پڕ لە ئاوات بونەتە قوربانی و، گیانیان بەختی ئامانجەکانی گەل کردوە و سەری بەرزیان کردوەتە بەردەبازی ڕێگای سەرکەوتن. یەکێک لەو ڕۆڵە قارەمانانە بۆ گەلەکەی ژیا و هەر لەو ڕێگایەشدا سەری دانا شەهید محەممەد مەحموودی ناسراو بە محەممەد هەڵانییە کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا یاد و ناوی بەرز ڕادەگرین. شەهید محەممەد دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەشییەتی.

شەهید محەممەد مەحموودی ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی ئەحمەدئاوای هەوشار چاوی بۆ ژیان کردەوە. محەممەد سەرەڕای زیرەکی و وریایی بەڵام تەنیا هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندی و وەک منداڵی زۆربەی بنەماڵەکانی ناوچەی هەوشار بەهۆی نزمیی باری ئابووری وازی لە خوێندن هێنا. ئەو هەر تەمەنی منداڵییەوە شانی دا بەر کار و کاسبی و ئارەقەڕشتن و هەر لەو تەمەنەشدا بوو کە مەرگی دایکی خەمێکی قوورس و گران و لەبیرنەکراوی خستە سەر دڵی محەممەد.

محەممەد بە مێرمنداڵی و لە تەمەنی شلکی و ناسکیدا بۆ وەدەستهێنانی کارێکی باشتر و بردنەسەری باری ژیانی بنەماڵەکەی ڕووی کردە شاری تاران و لە شیرکەتەکاندا دەستی کرد بە کرێکاری. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە ئیجباری گیرا و لە پادگانەکانی تەورێز و عەجەبشێر خزمەتی زۆرە ملێی سەربازیی پێ کرا. ئەو لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پاشایەتیدا تێکەڵ بە شەپۆلی شۆڕش بوو و لە خۆپێشاندانەکانی ناوچەی هەوشاردا چالاکانە بەشداریی کرد و ئازایانە ئەرکی سەرشانی بەڕێوە برد.

محەممەد بە ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان چەکی پڕ شانازیی پێشمەرگایەتیی کردە شان و لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی شەهیدانی هەوشاردا سازمان درا. شەنگەسواری ناوچەی هەوشار لە شەڕی داسەپاوی سێ مانگە لەبەرانبەر هێرش و پەلاماری لەشکری کۆنەپەرستی بۆ سەرکوردستاندا، ئەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبوردوویی لە خۆی نیشان دا. زۆر کەمی پێ چوو لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا سەداقەت و فیداکاریی خۆی بەکردەوە سەلماند و بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی هەوشار. ئەوە بوو هەر لە پاییزی ئەو ساڵەدا (١٣٥٨ی هەتاوی) بەهۆی ئازایەتی و کردەوە و ئاکاری پەسند و جوامێرانەی بەرپرسایەتیی پەلێک لە پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی شەهیدانی هەوشاری پێ سپێردرا.

محەممەد لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییەدا بە بەشداری و ئازایەتی‌نواندن لە شەڕەکانی گوندەکانی ئەحمەدئاوا، حەسەن‌ئاوا، چەمی‌بارعەزیز، بە سزاگەیاندنی چەند خائین و گەلفرۆش و، زەبر وەشاندن لە مۆڵگەکانی نێو شاری تیکاب وەک فەرماندەیەکی کارامە و بەئەزموون ناوبانگی دەرکرد. ئەو تایبەتمەندییانە وای کرد وەک جێگری فەرماندەری لک دیاری بکرێ و لەم بەرپرسایەتییەشدا بە دەست بەسەرداگرتنی مۆڵگەی نێوان ئاغەجەری و قۆزلوو لە شەوی ١٢ی بانەمەری ١٣٦١ی هەتاوی ناوبانگی پتری دەرکرد. لەو عەمەلیاتەدا کە لەسەر داوای خەڵکی ئاوایی و لەبەر بەردەوامیی جیناتەتەکانی هێزەکانی ڕێژیم کرا، هەرچی لە هێزی ڕێژیم نەکوژرا بەدیل گیران و پایەگاکە بەتەواوی داڕما.

شەهید محەممەد مەحموودی پێشمەرگەیەکی بەنەزم و گوێڕایەڵ بۆ ئەرک و مەئمورییەتەکانی حیزب بوو. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو، بەڵام سەد مخابن ڕۆژی یەکەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی وێڕای ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار کە لە گەشتی سیاسی نیزامیدا بوون، لە گوندی کولتەپەی جەهانگیرخان لە ناوچەی فەیزوڵابەگیی سەقز کەوتنە گەمارۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە. دوژمن لە شارەکانی تیکاب، ساینقەڵا، سەقز و دیواندەرەوە هێزی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێکی ناردبووە سەر ئەو پۆلە پێشمەرگەیە. لە شەڕی دەستەویەخە و نابەرانبەری ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دوژمندا کە بیست هیندەی پێشمەرگەکان دەبوون، دوژمن زەبرێکی بەژانی لە دەستی محەممەد و هاوڕێیانی پێشمەرگەی وێ کەوت و دەیان کەس لە هێزەکانی کوژران و بریندار بوون.

مخابن لە بەردەوامیی شەڕەکەدا و لە کاتێکدا هێزی لەئەژمارنەهاتووی دوژمن چوار دەوری پێشمەرگەکانی گرتبوو، محەممەد و ٥ پێشمەرگەی هاوڕێی بە ناوەکانی کەریم قارەمانی، ڕەسووڵ عەولادی، خالید جەدی، خالید مینایی، ڕەئوف وەیسی هەتا دوا فیشەک شەڕیان کرد، بەڵام دواجار بە دیل گیران و لە شاری تیکاب ئێعدام کران.

سڵاو لە ناو و یادیان.

# پێویستیی شیکاریی و خەسارناسیی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




جوغرافیای نائارام و گرژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەک و ڕووداوە گرنگەکانی جیهان لەلایەکی دیکەوە، پێویستیی چاوخشاندنێکی هەمەلایەنە و خەسارناسیی خەباتی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دەدەن.

ناوچەیەکی پڕ لە مەترسی و مەترسییەکانی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی زۆرێک لە ستراتیژییەکانی شەڕ و خەبات هەیە کە دەبێت نە وەک ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەڵکوو بە پێویستییەکی مێژوویی هەژمار بکرێت. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵات، لە سەروبەندی لانیکەم قۆناغی نوێی ٨٠ ساڵەی خۆی و ساڵانێک خەباتی دژ بە دوو دەسەڵاتی داگیرکەر و تاوانکار، ئێستا خۆی لە بارودۆخێکی زۆر گرینگدا دەبینێتەوە. هۆکارەکانی ئەم دۆخە ئاڵۆزە دەتوانرێت لە دو بەشدا پێناسە بکرێت. سەرەتا باس لە هۆکارەکانی گرێدراو بە ناوچە و جیهان دەکەین.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ناوچەیەک پڕ لە گێژاو

ڕەنگە بتوانرێت نەوت و شەڕ بە دوو تایبەتمەندیی دیاری ناسینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لانیکەم لە سەدەی ڕابردوو دابندرێت. هاوکات لەگەڵ دروستبوون یان بە واتایەکی باشتر دروستکردنی جوغرافیای ساختە و دەستکردی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن زلهێزە گەورەکانی جیهانەوە، ئاڵۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکان لەم ناوچەیەی جیهاندا وای کردووە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە ببێتە ناوەندی قەیران و ئاڵۆزی. نەوت لەبری ئەوەی ببێتە مایەی ئارامی و ئاسوودەیی بۆ دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەک دیارییەکی ئیلاهی، بووەتە هۆکاری شەڕ، نائەمنی و ناسەقامگیری. هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کۆوەیت بەهۆی تەماحی داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی ئەم وڵاتەوە دەتوانین بە یەکێک لە گرنگترین قەیرانەکانی پێوەندیدار بەم باسەوە ناو ببەین، کە تەنانەت دوای ئازادکردنەوەی کۆوەیتیش لە دەست دەست سەدام، لێکەوتەکانی کاریگەرییان لەسەر حکوومەتی بەعس و تەنانەت عێراقیش لە دوای سەدامەوە بۆ چەندین ساڵ مایەوە و سەرەنجامەکەی جگە لە لەنێوچوون و مردن هیچی تر نەبووە. هەڵبەت نابێت لە دەستتێوەردانەکانی زلهێزەکانی جیهان لە زیادکردنی ڕەهەندەکانی نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش چاوپۆشی بکرێت. هاوکات لەگەڵ نەوت، ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینی و سنوورە ساختەکان لەلایەن زلهێزە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان کردوە بە یەکێک لە ناوەندە هەمیشەییەکانی قەیرانەکان لە جیهاندا. دووانەی شیعە و سوننە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێران و عەرەبستانی سعودییەوە فەرماندەیی دەکرێن، پرسی فەلەستین و خەباتی کورد لە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە سووریە، تورکیە و ئێران دەکرێت بە بەشێک لەو ئاڵۆزییانە لە ناوچەکەدا دابندرێن.

## کۆماری ئیسلامی و هیلالی شیعە

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ چەندین ساڵە قەیران و ناسەقامگیری هەناردەی وڵاتانی ناوچەکە دەکات. دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە هیچ شتێکدا سەرکەوتوو نەبووە، لە دروستکردنی قەیراندا پلەی هەرە سەروو بەدەست دەهێنێت. ئێستا هێزە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان زۆر زیاتر لە پێشوو دەسەڵاتی بەکردەیان گرتۆتە ئەستۆ و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ دەکەن.

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە بۆ ڕزگاربوون لە مردن پەنا بۆ هەر ڕێگایەک دەبات و هیلالی شیعە لە ڕاستیدا هیچ شتێک نییە جگە لە هەناردەکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکان و خەریککردنی ڕکابەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هێزی بەوەکالەت.

نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگە دۆزینەوەی بەکرێگیراو و نۆکەری گوێڕایەڵە، نەک هێزی باوەڕمەندی شیعە. بۆیە حەماسی سەلەفی و ئەنسارولڵای زەیدی مەزهەب دەبنە بەشێک لەم پڕۆسەیە.

## شەڕی ئۆکراین و جەمسەرگیریی تازەی جیهانی

هێرشی پوتین بۆ سەر ئۆکراین دەتوانێت وەک سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهان بەتایبەتی ڕووسیە و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا سەیر بکرێت. پوتین نیشانی دا کە وەک دیکتاتۆرێکی گەمژە جگە لە داگیرکردنی ئۆکراین بە هیچ شتێکی تر ڕازی نابێت. هاوکات لەگەڵ وەی دیکتاتۆری کرێملین شەڕێکی نوێی لە ناوچەی بەڕواڵەت ئارامی ئورووپا دەست پێ کردوە، بەتوندی خەریکی سەرکوتکردنی نەیارەکانی لە نێوخۆی وڵاتدایە. ململانێی نێوان ناتۆ و ڕوسیە لە شەڕی ئۆکراین، پاڵپشتی دارایی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکراین دۆخەکەی زۆر لە پێشوو ئاڵۆزتر کردوە. پوتین کە پێشبینیی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکی زۆر خێرای لە شەڕی ئۆکراین دەکرد، خۆی لە شەڕێکی تەواوڕەهەند و پەرتبووندا دەبینێتەوە. شەڕێک کە سەرەنجامەکەی جگە لە وێرانکاری و کاولبوون هیچی تر نابێت. پێناچێت پوتین بە ئاشتی و چۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکان ڕازی بێت لەکاتێکدا هەوڵ دەدات پێگەی ڕوسییە وەک زلهێزێکی جیهانی وەربگرێتەوە

جگە لە هەلومەرجی ئاڵۆزی جیهانی و ناوچەیی، پێویستە ئاوڕێکیش لە فاکتەرە نێوخۆییەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی کورد لە ئێران بدەینەوە.



ڕەزا دانشجوو

## جیاوازیی نەوەکان و دابڕانی سیاسیی

جیاوازیی نەوەکان بە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی دادەنرێت، کە سەدەی بیست و یەکەم و پێشکەوتنی تێکنەلۆژی خێراییەکەی زۆر زیاتر کرد.

گرینگترین دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە سەرهەڵدانی جیاوازیی گەورە بوو لە هەڵوێستی کۆمەڵگە و بەتایبەتی گەنجان. جیاوازی بەها و بایەخەکان، تێڕوانینە فیکریەکان، چاوەڕوانییەکان لەنێوان نەوەی نوێ و دایک و باوک و گروپە تەمەنییەکانی تردا وای کرد نەوەی نوێ ئامادە نەبێت ڕۆڵی پاوانخوازانەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو نەخش و نۆرمانەی ئەوان پێناسەیان کردوون قبوڵ بکات. ئەم جیاوازییە لە نێوان نەوەی گەنج و نەوەکانی تردا پێی دەوترێت "جیاوازیی نێوان نەوەکان" (Generation Gap). جیاوازیی نێوان نەوەکان هەر بەتەنیا جیاوازیی تەمەن نییە، بەڵکو کۆمەڵێک نۆرم و بەهایە کە دوو نەوەی جیاواز ناتوانن لەسەری ڕێکبکەون. ئەگەر ئەم بۆشاییە بەردەوام بێت و لە ڕاستیدا زمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکەکەی نەدۆزرێتەوە، ئەم بۆشاییە دەتوانێت ببێتە هۆی دوژمنایەتییەکی ئاشکرا لەنێوان نەوەکان و جۆرێک لە پچڕان لە نێوانیاندا، کە بە "دابڕانی نەوەکان" (Generation Cleavages) ناو دەبرێت.

ئەم قۆناغە دەتوانێت نیشانەی دەستپێکردنی قەیرانی کۆمەڵایەتی بێت، قەیرانێک کە بە هۆی پارچەپارچە بوونی کۆمەڵگەوە دەبێتە هۆی زۆر ئەنجامی نەخوازراو. ئەگەر پرۆسەی پێکهێنانی بەهاکان سەردەمانێک لە ناوەندە پەروەردەییەکان و خێزانەکاندا بووبێت، ئێستا دەستڕاگەیشتنێکی بەربڵاو بە تێکنۆلۆژیی پەیوەندییە مۆدێرنەکان بەتەواوی ئەم نۆرمانە و پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردنی گۆڕیوە.

شیکاران بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی بۆچی دیاردەی "دابڕانی نەوەکان" ڕوو دەدات. هەندێکیان گەشەسەندنی ئابووری بە فاکتەری سەرەکی دەزانن، هەندێکی دیکەش بەدوای ڕەگ و ڕیشەی خۆیدا دەگەڕێن لە گەشەسەندنی کولتووریدا. یەکێک لە گریمانە گرنگەکان لە ڕەوایەتیدان بەم دیاردەیە، لەسەر بنەمای پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتییە (Social Modernisation)، کە لەسەر بنەمای ئەو پرۆسەیە نەوەیەکی نوێ بە بەهای نوێیەوە دروست دەبێت.

دەبێ قبووڵ بکرێت کە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات لە دەیەی هەشتەمی خەباتی خۆی لەدژی کۆماری ئیسلامیدا بە هۆی جیاوازیی نەوەکان و نەبوونی زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا خۆی لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا دەبینێت کە دەتوانێت دەسپێکی قۆناغێکی زۆر مەترسیدار بێت.

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەیتوانی و لە ئەگەری چالاکبوونەوەیدا دەتوانێ ڕێگایەک بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێکی هاوبەش لە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم ناوەندە کە بەداخەوە بەهۆی کێشەی لایەنەکانی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا تووشی ڕاوەستان و جمان هات، لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو و نیشانی دا بوونی ناوەندێکی لەو جۆرە چەندە دەتوانێت گرنگ و کاریگەر بێت.

چاوخشاندنێکی کورت لە فاکتەرە ئاماژەپێکراوەکان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەسارناسیی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەدژی کۆماری ئیسلامی چەندە گرینگ و پێویستە. خەسارناسییەک کە دەبێت بە لێکدانەوەی زانستی و هەمەلایەنەی بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و ڕەچاوکردنی بارودوخی ناوچە و جیهان تاقمێک ئەلتەرناتیڤ و ڕێگەچارەی ڕوون بۆ تێپەڕکردنی ئەم قوناغە هەستیار بدۆزێتەوە. خەسارناسی، شیکاری و لێکدانەوە تایبەتی دونیای دینامیکی ئەمڕۆن. پێویستە بۆ وڵامدانەوەی هەر حاڵەتێک و سیناریۆیەکی نەخوازراو ئامادە بین. زانیاریی و بە ئاگابوون گرنگترین ئامرازی خەباتە و خەسارناسیی شیکاری و لێکدانەوە بێگومان لە ئامرازەکانی پێشکەوتنی زانست و تێگەیشتنن، شتێک کە نابێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێی بخات.

***

کوردستان
ژمارە: ٨٧١
٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٣ _ ٢٠ی مەی ٢٠٢٤

# تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ئێران، جیهان کەی وەخەبەر دێ؟





د. مەجید حەقی

ڕۆژێک دوای هێرشی درۆنی و مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، دەیوید کامێرۆن (David Cameron) وەزیری دەرەوەی بریتانیا دوای سەردانی بۆ ئیسرائیل ڕایگەیاند ئێستا هەموو جیهان نێوەرۆکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناسێ و دەزانێ کە ڕێژیمی ئێران، ڕێژیمێکی شەڕئەنگیز و مەترسیدارە. چەندین ساڵ بەرلەوەی ئێران لە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ڕێژیمی ئێران هێزی مووشەکەکانی خۆی لە ڕێگەی تێرۆریزمی دەوڵەتی و هێرش بۆ سەر بنکەی پەنابەرانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و بارەگانی حیزبە کوردستانییەکان و جاروباریش هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە نێوخۆی عێراق و باشوور تاقی کردبۆوە. بەڵام هیچکام لەو هێرشانە کە بوونە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و ژمارەیەک لە خەڵکی باشووری کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە شێوەی جیدی وەرنەگیرا.

هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتیی جیهانی لەو ڕۆژەدا دەرکەوت کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی جەهادی دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند. ڕێژیمی ئێران هەرلەو ساتەدا نیشانی دا شتێک ناناسێت بەناوی پەیمانە نێونەتەوەییەکان و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ کە دەوڵەتی ئێرانیش واژۆکاری ئەو پەیمانانە بووە. یان داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ و دواتر چەند جار هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەکانی بریتانیا و عەرەبستانی سعوودی دەریخستووە کە ئەم ڕێژیمە پێملی هیچ پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی نییە.

لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا جیا لە ئاپارتایدی سیستماتیک دژی نەتەوەی کورد، تۆڕەکانی تێرۆریستیی ئێران لە هەر جێگەیەک بۆیان لوابێت خۆیان لە ئەنجامی تاوانی دژی مرۆڤی نەپاراستوە و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی کوردستانی و ئەندامانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لەلایەن تێرۆریستانی سەر بە ئێران کوژراون و بریندار بوون کە بەرچاوترینیان تێرۆری ڕێبەرانی کورد -د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، و د. سادق شەرەفکەندی- لە هاوینی ساڵەکانی ١٣٦٨ و ١٣٧١ی هەتاوی بووە.

هێرشی ٢٥ی خاکەلێوە بۆ سەر ئیسرائیل ڕاستییەکی شاراوەی بۆ جیهان ئاشکرا کرد. لە ئاوریلی ٢٠٢٢دا دوو مانگ دوای هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، سەرانی ناتۆ لە کۆبوونەوەی بەرزی خۆیاندا دەوڵەتی ڕووسیەیان وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دێموکراسی و ئاشتیی جیهانی و حکوومەتی چینیان وەک مەترسییەکی جیددی بۆ داهاتوو لە قەڵەم دا. چین دووەمین ئابووریی جیهان دوای ئەمریکا، خاوەنی پێوەندییەکی ئابووریی بەهێزە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەت یەکیەتیی ئورووپا. ئەمە کە چین و ئەمریکا لەسەر پرسی تایوان ناکۆکییان هەیە و ڕکەبەری یەکترن لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیی سەربازی و ئابووریدا شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەڕەشەی چین بۆ سەر تایوان و پابەندیی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بەرگریکردن لەو وڵاتە "شەبەحی" شەڕی جیهانیی سێهەم دەخاتە ڕوو. بەڵام ئێستا دەتوانین بڵێین ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت هەرکات بیهەوێ جیهان بەرەو وێرانکاری ببات.

جیهان ئەمرۆ دەبێ تێگەیشتبێت کە سەرەرای ئەوەی چین هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا، بەڵام چین ئاگاداری ئەو ڕاستییەشە کە ئەگەر کێشەکانی لەگەڵ جیهان لە ڕادەیەک زیاتر قووڵ بێتەوە، ئەوا زەرەرمەندی یەکەم لەو نێوەدا خۆی دەبێت. دوای ئەوەی چین لە دێسامبری ساڵی ٢٠٠١دا بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانیی بازرگانی، سەدان میلیۆن کەس لە خەڵکی چین لە هێڵی هەژاری ڕزگاریان بووە و ئابووری و ژیانیان بەرەو باشتربوون چووە. چین ئەمرۆ عەمباری هەموو کاڵاکانی جیهانە. کەوابوو لە ڕووی ئابوورییشەوە بێت ڕۆژاوا و چین ناتوانن کێشەکانی خۆیان زۆر قووڵ کەنەوە. بۆ حیزبی کۆمۆنیستی چین مادام خەڵکەکەی کاریان بە سیاسەت و ڕەخنە لە دەوڵەت نەبێت، خۆشبژێوی ژیانی خەڵک زۆر گرینگە و نایهەوێ هێزی ئابووریی خۆی فیدای ئایدیۆلۆژیی سیاسی بکات؛ بەڵام ئێران!

ئێران خاوەنی ٩٪ی سەرچاوە ژێرزەوییەکانی جیهانە و ژمارەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە نزیک ١٪ی هەموو جیهانە. بەپێی ڕاپۆرتی سندوقی جیهانیی پووڵ لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئابووریی ئێران کەمتر لە نیو لە سەدی ئابووریی جیهانە. بەو پێیە کۆماری ئیسلامیی ئێران شتێکی نییە بۆ دۆڕاندن. ئێستا بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووە کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکانیش دەرفەتن بۆ ئەوەی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی و هەڕەشەئەنگێزانەی خۆی لە ناوچەدا پەرە پێ بدات و ببێتە هۆی کێشە و سەرئێشەی پتر لە جیهاندا. وڵاتێک کە خاوەنی ٩٪ سەرچاوەی ئابووریی جیهان بێت، سەرمایەی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی پرۆکسییەکانی خۆی و پشتیوانی لە هێزە تێرۆریستییەکان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر هەر هەموو جیهان. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئانقەست گفتگۆکانی بە هێنانەگۆڕی داخوازی نەشێن (نامومکین) بە چەقبەستوویی هێشتووە، بۆ ئەوەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ئێران بتوانن پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بەرەو پێش بەرن. بەوە ئەوان دەتوانن هەم لەلایەک ئیدیعا بکەن کە ئێران وڵاتێکی ئەتۆمی نییە و جارێ پابەندە بە پەیمانی قەدەغەی گەشەکردنی چەکی ناوکی و لەلایەکی دیکەوە دەستی بەسەر پەلاپیتکە بێت بۆ هەڕەشەکردن لە جیهان.

لەو سەردەمەی ئێمە تێدا دەژین، کەمتر وڵاتێک هەیە بە ئاست کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاشتیی جیهان. زۆرترین وڵاتانی ڕکەبەری جیهان لە ڕکەبەرییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی خۆیان لانی کەمی نۆرمەکانی یاسای نێونەتەوەیی ڕەچاو دەکەن. لەو نێوەدا ئێران سیمای تاریکی هەموو حکوومەتەکانی جیهانە و نەتەنیا هەڕەشەیە لەسەر خەڵکی ئێران، بەڵکوو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکات. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر هەموو وڵاتانی هاوسێی خۆیشی و ئەگەر ڕۆژێک پێی بکرێت بە مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی دڵی ئورووپا و ئەمریکاش دەکاتە ئامانج.

سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا هەتا ئێستا لە سەپاندنی گەمارۆکان و سزادانی ئابووریی کۆماری ئیسلامیدا کورت کراوەتەوە، بەڵام گەمارۆکانی تا ئێستای ڕۆژاوا لەسەر ڕێژیمی ئێران کاریگەر نەبوون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان نەوەستاندوە. ڕێژیمی ئێران و سپای پاسداران وێرای دەوڵەتە پاوانخوازەکانی دیکە بە کەلکوەرگرتن لە دۆخی ئاڵۆزی نێونەتەوەیی فێری ئەوە بووە گەمارۆکان بۆخۆی بکاتە دەرفەت، هەم بازیان بەسەردا لێ بدا هەم و دوور لە چاوەدێریی نێونەتەوەیی گەشە بدات بە تواناییە چەکداری و سەربازییەکانی خۆی و هێزی ماسوولکەیی خۆی بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و هەڕەشە لە جیهان پەروەردە بکات. لەو نێوەدا کەمایەسییەکی دیکە ئەوەیە کە ڕۆژاوا هێز و توانای نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی پشتگوێ خستووە. بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەزاڵەهاتوو لە ڕێژیمی ئێران، نەتەوە بندەستەکانی ئێران باشترین دەرفەتن و دەتوانم بێژم تاقانە هێزن کە ڕێژیمی ئێران لێیان دەترسێ و نیگەرانی بەهێزبوونیانە. ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەبوا هەتا ئێستا بۆیان دەرکەوتبا پشتیوانیی سیاسی لە خەباتی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە کە ئێران ناچار بە گۆڕانی ڕەفتاری خۆی دەکات لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

> **ڕێژیمی ئێران وێرای دەوڵەتە پاوانخوازەکانی دیکە بە کەلکوەرگرتن لە دۆخی ئاڵۆزی نێونەتەوەیی فێری ئەوە بووە گەمارۆکان بۆخۆی بکاتە دەرفەت، هەم بازیان بەسەردا لێ بدا هەم و دوور لە چاوەدێریی نێونەتەوەیی گەشە بدات بە تواناییە چەکداری و سەربازییەکانی خۆی و هێزی ماسوولکەیی خۆی بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و هەڕەشە لە جیهان پەروەردە بکات. لەو نێوەدا کەمایەسییەکی دیکە ئەوەیە کە ڕۆژاوا هێز و توانای نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی پشتگوێ خستوە**

هەلومەرجی دوای هێرشی ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، دەرفەتێکی تازەی بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی ئێران خوڵقاندوە. فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێران وای کردوە کە لە ئێراندا هیچ هێزێکی سەرانسەری نەبێت و بەکردەوە کۆکردنەوەی سەرنج بۆ سەر هێزە بەناو سەرانسەرییەکان -کە بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە هێزی ناوەندگەرا و پاوانخوازن هەتا سەرانسەری- خوڵقاندنی دەرفەتە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێستا کە نێوەرۆکی شەڕەنگێزانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان ناسراوە، پێویستە قووڵایی خەباتی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەت نەتەوەی کورد بەرینتر بێتەوە. کاتی ئەوە هاتوە لە تەنیشت بەرزکردنی دۆسیەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە سیاسیەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران، دۆسیەی ئاپارتایدی سیستماتیکی نەتەوەکان، هەڕەشەکانی هاوبەشی ئێران دژی نەتەوە بندەستەکان و جیهانی بخرێتە گەڕ و پۆتانسیەلی خەباتی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان زەق بکرێتەوە.

ڕووی قسەی من لە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە: ئێمە ناتوانین تەنیا بە پێڕەوی کردن لە شێوازی ڕابردووی دیپلۆماسی و پێوەندییەکان پرسی نەتەوەیی خۆمان بەو ئاستەی کە پێویستە بەرز بکەینەوە و پشتیوانیی جیهان بەرەو لای خۆمان ڕاکێشین. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بایەخەکان، دروشمەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی نەتەوەییدا دابڕێژرێت و دیپلۆماسیی نەتەوەیی جێگەی دیپلۆماسی پەرتەوازە و بێ دوورەدیمەن بگرێت. بەوە لەوانەیە جیهان دەنگی ئێمە ببیزێت و لە پەراوێزەوە ببین بە فاکتەری دیاریکەر.

***

## ویستگە

# لە هەموو لایەکەوە دژی ژنان



ئاسۆ مینبەری

لەوەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، ژنان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە، گوشارگەلێک کە زۆربەی جار ئایین و مەزهەب گرینگترین ڕۆڵیان لە پەرەسەندنیاندا هەبووە و ڕێژیم لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی گوشارێکی چەند قات بخاتە سەر ئەم توێژەی کۆمەڵگە.

لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، دەسەڵاتی ئاخوندی لە ئێران هەوڵی داوە لە هەر ڕێگەیەکەوە ژنان تووشی هەڵاواردن و پەراوێزخستن بکات، لەلایەکەوە بە دانانی گەشتی ئێرشاد و کۆنترۆڵکردنی جلوبەرگ و قژیان لە چوارچێوەی گەلاڵەگەلی جیاوازی وەک گەلاڵەی نووری ئێستادا و لەلایەکی دیکەوە بە دەستێوەردان لە ژیانی تاکەکەسیيان و بڕیاردان لەسەر پرسی منداڵبوون و وەچەخستنەوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە داخستنی ناوەندەکانی پشتیوانیکردن لە ژنان و دەسبەسەرکردنی چالاکانی بواری ژنان. لە ڕاستیدا هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم دژی ژنان لە ڕاستای سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی خۆیدایە؛ ئەم ڕەوتە لە کتێبە دەرسییەکانەوە دەست پێ دەکا و دواتر دێتە نێو کتێبەکانی پۆلەکانی سەرەوەتر و دوای ئەوەش ژیانی تاکەکەسییان داگیر دەکات بە جۆرێک کە ژنان بە هیچ شێوازێک ناتوانن هەست بە ئارامی و ئەمنییەت لە ژیانی خۆیاندا بکەن.

ئەوەی کە ئێستا زیاتر لە هەر شتێک ژنانی خستوونەتە ژێر گوشارەوە یەکیان بابەتی گەلاڵەی نوور و توندوتیژیی هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵ کچان و ژنان و هاوکات هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی هاندانی خەڵک بۆ وەچەخستنەوە و بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتی -بەتایبەتی پاش جەختکردنەوەی عەلی خامنەیی لەسەر ئەم بابەتە- گرتووەتە بەر بەڵام نەک هەر نەیتوانیوە خەڵک ڕازی بەوە بکات بەڵکوو ڕێژەی زاوزێ بەردەوام دابەزینی زیاتریشی بە خۆیەوە بینیوە

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕێژیم لە درێژەی سیاسەتەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت باسی لە بەخشینی ٨٠ هەزار پارچە زەوی بەو بنەماڵانە کردوە کە منداڵی سێهەم یان زیاتریان دەبێت.

پێشتریش ساڵی ١٣٨٩ و لە کاتی سەرۆککۆماریی مەحموود ئەحمەدینژاددا، دەوڵەت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت بەڵێنی دابوو بۆ هەر منداڵێک کە لە دایک ئەبێت هەژمارێکی بانکی بکاتەوە و یەک ملیۆن تمەنیش دەخاتە هەژمارەکەوە و هەموو ساڵێکیش ١٠٠ هەزار تمەنی بۆ زیاد دەکات بەڵام تاکوو منداڵەکە تەمەنی نەگات بە ١٨ ساڵ ناتوانێت پارەکەی وەربگرێت.

پاش ماوەیەک لە پەسەندکردنی ئەم گەلاڵەیە دەوڵەت پارەی هەژماری منداڵەکانی بۆ خۆی هەڵگرتەوە و لەسەر بەڵێنی خۆی نەما. هەر لە ڕۆژی شەممە ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵیشدا ئیبراهیم ڕەئیسی لە ڕێوڕەسمی "خەڵاتی میللی جەوانیی حەشیمەت" ڕایگەیاند، خەڵک دەبێت بزانن کە لەباربردنی کۆرپەلە لە ڕوانگەی شەرعەوە نایاساییەوە و کوشتنی مرۆڤە. ڕەئیسی لە درێژەی قسەکانیدا بە ئاماژەدان بە قەیرانی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری ڕایگەیاندوە کە لاوەکان دەبێت کولتووری قەناعەتکردنیان هەبێت. سەرۆککۆماری ئێران لەم پێوەندییەدا زیادی کردوە کە یەکێک لە موعجیزەکانی قورئان ئەوەیە کە هەر کەس هاوسەرگیری دەکات دۆخی ئابوورییەکەی لەوەی کە هەیە خراپتر نابێت.

ئەم قسانەی ڕەئیسی لە کاتێکدایە کە ڕێژەی ئاماری جیابوونەوە بە هۆی کێشەی ئابووری یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تەڵاق لە ئێراندایە. دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە و بە بیانووی جەوانیی حەشیمەت، لەباربردنی کۆرپەڵەی قەدەغە کرد. ئەمە پرسێکە کە زۆربەی چالاکانی بواری ژنان ئەمە بە دەستێوەردانێکی بێشەرمانە لە مافی ژیان و مافی هەڵبژاردنی ئەم توێژە دەزانن و هەر بۆیە بەتوندی دژایەتیی لەگەڵ دەکەن. هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی هەینی، ٢١ی بانەمەڕ، ١٦ ڕێکخراوی مافی مرۆیی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد کە سەبارەت بە سەرکوتی مافی هەڵبژاردن و تەندروستیی ژنان لە پرسی دووگیانبوون و پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی ڕەگەزیی ئەم توێژە لە ئێران هەڵوێست بگرن.

واژۆکەرانی ئەم بەیاننامەیە بە ئاماژەدان بەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بە پەسەندکردنی یاساگەلێک کە باس لە هەڵاواردن دەکەن، بەتوندی دەستپێڕاگەیشتن بە چاوەدێریی بێهداشتی و دووگیانبوون و خزمەتگوزارییەکانی کۆنترۆڵکردنی حەشیمەتی بنەماڵە سنووردار دەکاتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کردەوانە وەکوو تاوان پێناسەیان بۆ بکرێ و نەتوانن ئەو خزمەتگوازییانە پێشکەش بکەن، کە ئەمە خۆی زەوتکردنی مافی سەربەخۆیی ژنان سەبارەت بە جەستەی خۆیان و هەڵاواردنی سیستماتیکە. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەباربردنی منداڵ بە شێوەی نایاسایی لە ئێران بە هۆی گوشارەکانی ڕێژیم و سنووردارکردنی دەسپێڕاگەیشتنی ژنان بە خزمەتگوزاریی تەندروست و بەجێ، ئاسەواری خراپ و قەرەبوونەکراوی لەسەر ژیانی ژنان دەبێ.

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیم لە ساڵی ٩١ەوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت، مافی دووگیانبوون بۆ ژنان سنووردار کراوەتەوە و ئەمەش دەسپێڕاگەیشتنی ژنان بە کەرەستەکانی پێشگرتن لە منداڵبوون و لەباربردنی کۆرپەڵە بە شێوەی تەندورست و بە دوور لە مەترسیی بۆ ژنانی سنووردار کردووەتەوە. پرسی دووگیانبوون و کۆنترۆڵکردنی جەستە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی ژنانە و کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر هەوڵ بۆ زەوتکردنی ئەم مافە دەدات. ڕێژیم بە سەرنجدانی دۆخی نێوخۆیی خۆی و ڕۆڵی ژنان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە گۆڕانی کۆمەڵگە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە، ژنان سنووردار بکاتەوە وتاکوو بتوانێ پێش بە ڕووداوەکانی داهاتوو بگرێ.

# کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگر


شەهلا دەباغی

ڕەنگە نە ژینا و نە بنەماڵەی ژینا هەرگیز بە خەیاڵیشیاندا نەهاتبێ کە بەهۆی سەفەرێکی ئاسایی بۆ تاران تووشی سەربردەیەک دەبن کە نەک هەر ژیانی ئەوانی گۆڕی، بگرە بوو بە چەخماخەی جوولانەوەیەکی مافخواز لە کوردستان و بەشێک لە شارەکانی ئێران. ڕەنگە ئەوکات کە ڕۆژێکی مانگی سێپتامبری ٢٠٢٢ ژینا دەستبەسەر کرا، ئاگاهانە لەبەرامبەر پۆلیسی ئەخلاقدا پارێزگاری لە مافی خۆی کردبێ، بۆیە کەوتە بەر شاڵاوی زەبروزەنگ و دواتر گیانی بەخشی. هەر چۆنێک بێ لە سیستیمی پۆلیسیی ئێراندا هەر بەرخۆدانێک دەتوانێ ئاکامی چاوەڕواننەکراو بەدووی خۆیدا بێنێ. جا خۆ ئەگەر کورد بی زۆربەی جار ئاکامی بەرخۆدانت مەرگی جەستەتە. بەڵام داگیرکەر قەت ناتوانێ لە هێزی ئەو مەرگانە تێ بگا. هەر ئەمجۆرەی جوانەمەرگ بوونی ژینا بوو بەهۆی جوولانەوەیەکی بەرین. جولانەوەیەک کە لەگەڵ جوولانەوەکانی پێشتر جیاوازییەکی قووڵ و بەرچاوی هەبوو.

جوولانەوەی ژینا لە کوردستان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە هەم کوردانە بوو و هەم لایەنگری مافی ژنان و هەم پێی لە ویستی دادپەروەری زەحمەتکێشانی کوردستاندا هەبوو. جوولانەوەی ژینا بۆ جیهان پەردەی لەسەر ئەو زوڵمانە لادا کە زیاتر لە سەد ساڵە لە جوغرافیای ئێران و زیاتر لە چل ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی ئاخووندەکاندا لە کورد دەکرێ.

لە ڕۆژانی جوولانەوەی ژینادا بە دەیان دەق نووسران و دەیان پەرفێرمانس و شانۆ لەسەر شەقامەکانی تاراوگە نیشان دران. یەک لەو دەقانەی کە نووسرا چامەشێعری "کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگردا" لە نووسینی پێشمەرگە و شاعیر ئاکۆ ئەلیاسی بوو.

کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگردا پێش ئەوەی تەنیا شێعرێک بێ گێڕانەوەی مێژوویەکە. گەڕانەوەیەکە بۆ سەردەمانی کۆن. ئەو کات کە ژن، سروشت، دایک، ئاو و نوور سەرچاوەکانی ژیان دەهاتنە ئەژمار. ئەوساکە ژن دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگەدا دەشکا و ژیان ڕووناکی بوو.

ژینا کچێکی زۆر ئاسایی، بەدوای ژیانێکی زۆر ئاسایی بوو کە مافی هەر ئینسانێکە لەسەر ئەم گۆیە. ژینا نوێنەرێکی ئاسایی نەسڵی خۆی بوو هەر بۆیە مەرگی ژینا هەموو ئینسانە ئاساییەکان کە ژیانێکی ئاساییان لێ هەستێندراوە و کەوتوونەتە کوت و زنجیر هێنایە شەقام.

ژینا تەوارێک کە بۆ سەفەرێکی ئاسایی دەچێتە شارێکی غەریب، ئەو شوێنەی کە بۆتە کۆگای سامان و غەدر، ژینا شەپۆلێک لە ڕووناکیی زێڕینە، ژینا کەنیشکێک لە دلۆڤانیی نوور، ناسکە ڕێواسێک کە لەناو بەفری زستان سەری هەڵداوە و بە ئەلفوبێی شاخ و ڕووباران گوڵی گرتوە، بەسەر پەیژەی تریفە و شەتاوی خۆرا سەردەکەوێ تا ڕووناکی بخاتە هەرێمی قیرەقیڕ. بەڵام ژینا دەکەوێتە بەر غەدری هەمیشەیی تاران.

تاراوگەی تاران ژنکوژە. تاران لەنجە و جەستەی ژنی ئەوپەڕ تا "سیغە" گەرەکە و حوکمی ئاخوندەکان بەردەوام هەوڵی بزرکردنی ژنیان داوە. جا خۆ ئەگەر ئەو ژنە کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگری کوردستان بێ ئەوا مەرگی لە حوکمی غەزایە و شەرعی.

زەردەی قژ و چاوی ژنی کورد کە تا ئێستاش نەچۆتە ژێر حوکمی پەچە و شەرعی تاران، وەک تیرڕێژ دەڕژێتە هەناوی داگیرکەرانی تاران. ژنی کورد کە بۆن و ڕەنگی تریفە و بەفر و گوڵ و ڕووبار و عەشقی لێوە دێ، فرشتەیەک کە چل ساڵە نەچۆتە نێو دنیای تاریکی دین و کۆڵەباری پەیامی "ژن ژیان ئازادی" لەسەر شان هەڵگرتوە، ژنی کورد هەر ئەو کات کە تاران وەک مارێک دمی لە خوێنی خەڵک نا، بوو بە هاواری تۆڵە، ئێستا دەیهەوێ لە هەرێمی غەدر دا بپشکوێ.

کیژۆڵەیەکی کورد هەموو جوانەکانی مێژوو دەگرێتە باوەشی خۆی. ئیدی مێژوویەکی تازە بەدەست ژن جێی بۆنی زوڵف و خاڵی ژنانی سەمەرقەند و بوخارا دەگرێتەوە. ژن دەبێتە میسکی ئازادی و هەموو ژنانی دنیا چاوی لێدەکەن و لێی فێردەبن. ژینا دەبێتە ڕەمزی ئازادی و ماف و بەرخودان. ژینا چاوی دنیا دەهێنێتە سەر وڵاتی مێهر و نوور کە سەردەمانێک لانکەی تەمەدوون و گەشە بووە. وڵاتی کوردان کە لە ڕۆژی یەکەمەوە "نا"ی بە ئاخوند و شەرع کوت.

جوولانەوەی ژینا شاخ و شەقام لێک دەبەستێ و لەسەر شەپۆلی کورتی قەڵاوە دەڵێ "ئێرە دەنگی ڕۆژهەڵاتە" یا باشترە بڵێین "ئێرە دەنگی کوردستانە". کچێک گیانی دەبەخشێ بەڵام بورکانێک لە پێناو مافی ڕەوا دا دەتەقێتەوە. ئێرە دەنگی مەشخەڵانی ڕزگاری دژی شەوی داگیرکارییە.

ژینا دەبێتە تاجی سەر. ژنی کورد لە پێناو ئازادی و ژیان دا هەمیشە پێشەنگ بووە و ئەوە تازە ئێستا دنیا دەیبینێ. ژینا/ژنی کورد دوور لە جیهانی مۆدێلینگ و فەشن، دەبێتە ئۆلگوو و ژن دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەکانی خۆی کە بریتییە لە نوور، ئاو، خودایەتی. ژینا دەبێتە ڕەمز. ڕەمز بۆ ژنایەتی، دایکایەتی، خوڵقاندن، ئازادی و لە هەمووان گرینگتر دەبێتە ژندارک، دەبێتە لەیلا، دەبێتە ڕەمزی ڕزگاری، داد و یەکسانی.

کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگر، ژینا گیان تۆ نامری. ناوت بۆتە ڕەمز.

***

**سەرنج:**

ئەم دەقە خوێندنەوەیەکی ئەدەبی-سیاسییە بۆ شێعری "کناچەیەک لە ئاوریشمی ئاگر"، هۆنراوەی ئاکۆ ئەلیاسی.

# خۆڕاگری و ئیرادە


حەسەن قارەمانی


فوتۆ: کەیوان فاتحی

"خۆڕاگری و ئیرادە" ڕوح و ئیرادەی گەلی کورد لە بەرانبەر تاڵی و ناخۆشییە مێژووییەکان و ئاڵنگارییەکانی هاوچەرخدا لەخۆ دەگرێت. کورد بە درێژایی سەدەکانی خەبات و تێکۆشانی، پابەندبوونی بە ناسنامە و ماف و خواستەکانی بۆ خۆی نیشان داوە و بە خۆڕاگری پێچ و گەوەکانی مێژووی بڕیوە.

خۆڕاگری پێناسەی گێڕانەوەی کوردی دەکات، کە ڕەنگدانەوەی توانای بەرگەگرتن و خۆگونجاندنی لەگەڵ نەهاتییەکاندا هەیە. لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەوە تا ئاڵۆزییە جیۆپۆلەتیکییە مۆدێرنەکان، کورد ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگی جۆراوجۆر بووەتەوە، وەک تەریککستنەوە، کۆمەڵکوژی، پەراوێزخستن و سەرکوتی سیاسی. بەڵام سەرەڕای ئەم ئاڵنگاریانە، نەوەکانی کورد میراتی کولتووری و زمان و هەستی ناسنامەی بەکۆمەڵیان پاراستووە. ئەم خۆڕاگرییە تەنیا تاکتیکی مانەوە نییە بەڵکوو بەڵگەیە لەسەر ئەو هێز و خۆڕاگرییەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا چەسپاوە

لەگەڵ خۆڕاگریدا ئیرادە، ئیرادەی نەگۆڕ بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکان سەرەڕای بەربەستەکان بەشێک لە مێژووی کورد بۆ چارەی خۆنووسین بووە. ئەم ئیرادەیە لە ئازایەتیی تێکۆشەرانی کورد لە بەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و لە کۆڵنەدانی سەرکردە سیاسییەکاندا بەدی دەکرێت.

هەروەها "خۆڕاگری و ئیرادە" سروشتی گونجاوی سیاسەتی کوردی لە وەڵامی هەلومەرجی پەرەسەندندا بەرجەستە دەکات. بە وردبوونەوە لە ئاڵۆزییەکانی ژێئۆپۆلۆتیکی هاوچەرخدا، سەرکردەکانی کورد نەرمی و وردبینی ستراتیژییان نیشان داوە. ئەوان هاوپەیمانییان دروست کردوە، خەریکی دیپلۆماسی بوون و سوودیان لە دەرفەتەکان وەرگرتوە و بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی کورد لە چوارچێوەی ڕیشاڵی گۆڕاوی دینامیکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا. کۆڵیان نەداوە.

جگە لەوەش خۆڕاگری و ئیرادە جەخت لەسەر گرنگیی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەکات. سەرەڕای دووبەرەکیی نێوخۆیی و جیاوازی ئایدیۆلۆژی، کورد لە بەدواداچوونی ئامانجە هاوبەشەکانی خۆیدا دانی بە پێویستیی کردەوەی بەکۆمەڵدا ناوە. چ لە چیاکانی کوردستان یان لە هۆڵەکانی حکوومەت، یەکگرتوویی کورد هێزێکی بەهێز بووە لە پێشخستنی ئەجێندا و خواستە سیاسییەکانیان. بەڵام ئەوە لە بەردەوامیی خۆیدا پێویستیی بە خۆڕاگریی زیاترە. لە دۆخی ئێستادا سیاسەتی کوردی ڕووبەڕووی پرسگەلێکی ئاڵۆز بووەتەوە کە پێویستی بە چارەسەری داهێنەرانە و یەکڕیزی نێوان گەلی کورد هەیە.

سەرکردە سیاسییەکانی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە داڕشتنی ڕەوتی داهاتووی سیاسەتی کوردیدا. بە گوێگرتن لە ڕەخنە و تێڕامان لە هەڵە مێژووییەکان دەتوانن کار بۆ کولتوورێکی سیاسی گشتگیرتر و کاریگەرتر بکەن. لە ڕێگەی هاوکاری و یەکڕیزییەوەیە کە گەلی کورد دەتوانێت ڕێ بۆ بەدەستهێنان ئامانجەکانی خۆی بپێوێت.

مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد داستانێکی حەماسییە، چیرۆکی گەلی کورد چیرۆکی قارەمانێتی و مەینەتییە. لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی مۆدێرن، کورد خەباتی کردوە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی و دەستەبەرکردنی جێگایەک لە جیهاندا وەک نەتەوەیەکی دانپێدانراو. لە دیمەنە سیاسییە ئاڵۆزەکەی ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبینەوە. لە ڕکەبەریی ژێئۆپۆلەتیکیەوە تا دابڕانی نێوخۆیی، بۆیە ڕێبەرانی کورد دەبێت هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکاندا پێک بێنن.

ڕۆڵی سەرکردەی سیاسیی مۆدێرن لەم سەفەرەدا زۆر گرنگە. پێویستە هەم پراگماتیک و هەم خاوەنبۆچون بن، بتوانن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دانوستان بکەن و لە هەمان کاتدا دڵسۆز بن بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی خۆیان. بەڵام سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، گرنگە لەبیرمان بێت چیرۆکی گەلی کورد چیرۆکێکی بەرخۆدان و هیوایە. لە ڕێگەی چەندین سەدە لە ناخۆشیدا، بە خۆڕاگرییەک کە جێگەی ستایشە، بەردەوام بوون لە خەباتکردن بۆ دۆزی دادپەروەرانەی خۆیان و بە سەرکردە لێهاتوو و پابەندەکان لە سەرکردایەتیدا، هیوایەک هەیە کە ڕۆژێک بێت ئەو ئازادییە بەدەستبهێنن کە تامەزرۆی بوون. لێرەدا بە کورتی چەند خاڵێک دەستنیشان دەکەین:

## میراتی مێژوویی

مێژوو لە شوێنی خۆیدا ناوەستێت؛ چیرۆکێکی زیندووە کە نەک هەر ڕەنگدانەوەی ڕابردووە بەڵکو ڕێگەی پێشەوە لە دیمەنی سیاسی ئەمڕۆدا ڕووناک دەکاتەوە. بۆ گەلی کورد، مێژوو زیاترە لە کۆکراوەیەک لە ڕووداوەکان و بیرهێنانەوەیەکی بەردەوامە بۆ هەوڵدان.

لە دڵی ئەم میراتەدا ئایدیاڵە بنەڕەتییەکانی وەک چارەی خۆنووسین، شوناسی کولتووری و پرسی یەکگری هەیە. ئەم پرەنسیپانە بەردی بناغەی جیهانبینیی سیاسیی کورد بوون و بە درێژایی مێژوو ڕێبازی تێکۆشەران و ڕێبەرانی کورد بۆ خەبات لەپێناوی چارەنووسی خۆنووسین کە هێزی بزوێنەری خەباتی کورد بووە بۆ داڕشتنی چارەنووس و پاراستنی ناسنامەی سیاسی خۆی.

کولتوور و ناسنامەی کورد هەمیشە بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەست بووە بە خواستە سیاسییەکانیانەوە. کورد بە پاراستن و بەهێزکردنی میراتی کولتووری خۆی، بەرخۆدانێکی لە بەرانبەر ئاسمیلەکردندا بەرجەستە کردوە و هەستێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی لە نێو گەلەکەیدا پەروەردە کردوە. ئەم دەوڵەمەندییە کولتوورییە بووەتە سەرچاوەی هێز و ناساندنی گەلی کورد لە جیهاندا.

هاوپشتی چ لە نێوخۆی گەلی کورد و چ لە دەرەوە لەگەڵ گرووپە چەوساوەکانی دیکە، بەشێکی چەقی شوناسی بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە. کورد بە یەکگرتوویی ڕاوەستان لە دژی دوژمنە هاوبەشەکان شەڕی کردوە و لە هەوڵی ئازادی و دادپەروەریدا پشتیوانی یەکتری کردوە. لە دیمەنە سیاسییە ئاڵۆزەکەی ئەمڕۆشدا، میراتی مێژوویی بەردەوامە وەک بناغەیەک بۆ ئایدیاڵ و بەهاکانی کورد. وەک بیرهێنانەوەی خۆڕاگری و کۆڵنەدانی گەلی کورد و وەک ڕێنوێنییەک بۆ ئاواتەکانی داهاتوویان بەرەو جیهانێکی باشتر.

## ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکانی ئەمڕۆ

لە گۆڕاوەی دیمەنی سیاسەتی ئەمڕۆدا، خەباتی کورد هێزێکی دینامیکییە کە بەردەوام خۆی لەگەڵ ئاڵنگاری و دەرفەتی نوێدا دەگونجێنێت.

دابەشبوونە نێوخۆییەکان و جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکانیش بوونەتە بەشێک لە واقیعی سیاسیی کورد. سەرەڕای هەوڵێکی هاوبەش، لەنێو دیمەنی سیاسیی کورددا ڕێباز و ستراتیژی جیاواز هەیە، کە هەندێکجار دەتوانێت ببێتە هۆی گرژی و ململانێ لەنێو خودی بزووتنەوەکەدا.

جگە لە ئاڵنگارییە نێوخۆییوکان، گەلی کورد ڕووبەڕووی کاریگەریی ئەکتەرە دەرەکییەکان و فاکتەرەکانی دەسەڵاتیش دەبێتەوە. هەر لە زلهێزەکانی هەرێمەوە تا دەگاتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەرژەوەندی و ئەجێندای جیاواز ژینگەی سیاسی بۆ کورد ئاڵۆز کردوە. گەشتکردن بەم شەڕە ژێئۆپۆلۆتیکییانە نەک هەر کارامەیی بەڵکوو توانای هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ دینامیکی جیهانی فراوانتری دەوێت. گەلی کورد و سەرکردەکانی لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەدا، بە پێداگرییەوە لە درێژەدان بە خەباتی خۆیان دەمێننەوە. خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعە نوێیەکان و گەشتکردن بە ئاڵۆزییە سیاسییەکان، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لە ڕێگاکەیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەردەوامن لە بوون بە هێزێک بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن.

## ئاڵنگارییەکان و دەرفەتەکان

لە دونیای خێرای سیاسەتدا، سەرکردەکانی ئەمڕۆی گەلی کورد لە پێگەی داڕشتنی داهاتووی خواستە سیاسییەکان دان. بە تێگەیشتن لە وانەکانی ڕابردوو و کراوەیی بەڕووی بیرۆکەی نوێدا، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەشتکردن بە دیمەنی سیاسیی ئاڵۆز و دروستکردنی کولتوورێکی سیاسیی گشتگیرتر و کاریگەرتر دەبنەوە.

سەرکردەکانی ئەمڕۆ بە سودوەرگرتن لە ڕێنماییەکانی مێژوو دەتوانن تارە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی کورد بەیەکەوە ببەستنەوە و بۆچوونی نوێ بۆ داهاتوو ڕۆ بنێن. بە گوێگرتن لە ڕەخنەکان و بیرکردنەوە لە هەڵەکانی ڕابردوو، دەتوانن ڕێگاکانی باشترکردن و پەرەپێدانی ستراتیژییەکان دەستنیشان بکەن کە زیاتر لەگەڵ پێداویستی و خواستی خەڵک لەم سەردەمەدا بگونجێت.

بەشێکی کاری سەرەکی و ناوەندی سەرکردایەتی ئەمڕۆ بریتییە لە پێشخستنی یەکڕیزی و هاوکاری لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. بە دروستکردنی پرد بەسەر دابەشبوونە ئایدیۆلۆژی و جوگرافییەکاندا، دەتوانن بزووتنەوەیەکی بەهێزتر و یەکگرتووتر دروست بکەن کە ئامادە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی پێشەوە. یەکگرتوویی کلیلی سەرکەوتنە بۆ گەلی کورد و بە پێکەوە کارکردنە بەرەو ئامانجە هاوبەشەکان بگەن.

ڕێبەرە سیاسییەکانی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەیە لە پێشخستنی گەلی کورد بەرەو ئایندەیەکی گەشاوەتر. لە ڕێگەی ئازایەتی و پابەندبوون و سەرکردایەتیی خۆیانەوە دەتوانن ڕەوتی داهاتووی سیاسەتی کوردی و کۆمەڵگایەکی بەردەوامتر و گشتگیرتر بۆ نەوەکانی داهاتوو دروست بکەن.

## ڕەنگدانەوەی کۆتایی

مانای قووڵتری سیاسەت لە بڕیار و کردەی سادە تێدەپەڕێت؛ ڕەنگدانەوەی بەها و خەون و تەماحەکانی نێوەوەمانە وەک مرۆڤ. بۆ گەلی کورد، سیاسەت سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئومێد و بیرهێنانەوەی بەردەوامی توانای سروشتی خۆیانە بۆ داڕشتنی چارەنووسی خۆیان. گەلی کورد و ڕێبەرانی بە دەستگرتن بە ئایدیاڵە مێژووییەکانیان و گەشتکردن بە لابیرینتە سیاسییەکانی ئەمڕۆ، ڕووبەڕووی ئەو دەرفەتە دەبنەوە کە داهاتوویەکی ئازاد و پڕ لە دەرفەت بۆ هەموو خەڵکی وڵات چێ بکەن.

لە نێوەڕۆکی سیاسەتدا بەدواداچوونی بنەڕەتیی خەڵک بۆ ئازادی و دادپەروەری و کەرامەتدایە. بۆ گەلی کورد ئەم ئایدیاڵانە تەنیا چەمکی ئەبستراکت نین بەڵکوو واقیعێکن کە ڕۆژانە خەبات دەکەن بۆ بەدیهێنانی. بە تێگەیشتن لەوەی سیاسەت تەنها بردنەوە یان دۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا نییە، بەڵکو دروستکردنی جیهانێکە کە هەموو تاکێک دەرفەتی گەشەسەندن و گەیشتن بە توانای تەواوی خۆی هەبێت، سەرکردەکانی کورد دەتوانن بەردەوام بن لە دەنگدان بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنخوازی.

دیمەنی سیاسیی ئەمڕۆ پڕە لە ئاڵۆزی و ئاڵنگاری، بەڵام هاوکات پڕە لە دەرفەتی گۆڕانکاری و باشتربوون. بۆ گەلی کورد گرنگە تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییشدا بەردەوام بێت لە دەستگرتن بە بەها و ئایدیالی خۆیەوە .

لە کۆتاییدا: سیاسەت بیرهێنانەوەیەکی بەردەوامە بۆ توانای ئێمە بۆ کاریگەریکردن لەسەر جیهانی دەوروبەرمان. بۆ گەلی کورد دەرفەتێکە بۆ داڕشتنی داهاتووی خۆی و دروستکردنی دونیایەک کە زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕ و بەهاکانی نێوەوەی خۆیدا بگونجێت. سیاسەتی کوردی خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەند و فرەلایەنە. بە تێگەیشتن لە بەستێنی مێژوویی و ڕەنگدانەوە لە واقیعە هاوچەرخەکان، گەلی کورد و سەرکردە سیاسییەکانی دەتوانن کار بۆ ئایندەیەکی ئاشتی و سەقامگیری و چارەی خۆنووسین بکەن.

# زینوێ بەتەم، ئاوێنەیەک بەرەو نیشتمانم

## (١-٢)

قادر عەلیخا




**پێشەکی**

باسکردن لە نایەکسانی و زۆرداری هەرگیز کۆن نابێت. هەتا ئەو کاتەی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە دەژی وەستانەوە بەرانبەر زۆرداران و خوێنمژان، ئەستەمە ببێتە کارێکی قیزەون و نامرۆڤانە. هەتا بووە زۆرداری هەبووە و زۆرلێکراویش لە ڕووی ڕاپەڕیوە و هەوڵی سەربەرزی و ئازادیی خۆی و لەناوچوونی ئەوی داوە. ئەم ململانێیە هەر بووە و هەتاهەتایە هەر دەشبێت. لە هەر شوێنێک زۆرداری هەبێت ـ کەسانێکیش دەبن ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێت ـ بە ڕوویدا دێنەوە و هەموو شتێکی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و مل نادەن. ئەوانە بەو کارەیان خۆشی و خەوی زۆرداران ناخۆش دەکەن. زۆر کەڕەتیش شادییان لێ دەکەن بەشین. کام زۆردار هەیە گەلی چەوساندبێتەوە و توانیویە هەموو تەمەنی بە ئاسوودەیی بژی و خەون و خەیاڵی لێ نەشێوێت؟ وەک دەڵێن: «دایکی دز ڕۆژێک سینگ دەخوات و ڕۆژێک سینگ دەکوتێت.» مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەم نموونانە. زۆرداریش وایە. ماوەیەک شادە و سەردەمێک چاوبەفرمێسک. ژیان پڕە لە چیرۆکی زاڵم و مەزڵووم.

ئەم چیرۆکانە خۆشترین سەربردەن بۆ خوێنەر و گوێگر. ئەوان بە تامەزرۆییەوە دەیانبیستن و دەیانخوێننەوە. دەبنە بەشێک لە چیرۆکەکە و هەڵوێست دەگرن. ئەگەر قارەمانی چیرۆکەکە لە بەندیخانەدا بێت، ئەوان بە تاسەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکەن و لە بیری تۆڵەساندنەوەدا دەبن. ئەگەر دەربەدەر دەکرێت، ئەویندارانە چاوەڕێی گەڕانەوەین، هەتا بێتەوە و لمبۆزی زۆرداری لە خۆڵ وەردات.

گێڕانەوەی سەربردە بەشێکە لە مێژووی هەر نەتەوەیەک. ئەوە ئەرکێکە و لە ئەستۆی ئەو کەسانەدایە هێزی نووسینیان لە بیرگەدایە. ئەوە ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆڤانەیە. ئەوانەی وا توانایی ئەو گێڕانەوەیان هەیە، پێناوداری گەلەکەیانن و بە هیچ کلۆجێک نابێت خۆیانی لێ ببوێرن.

ئەگەر "جان ئیشنان بەک" لە "هێشووەکانی تووڕەیی"دا باسی ئەو سەردەمەی ژیانی هەژارانی گەلی ئەمریکای نەکردایەت، ئێستا چۆن ئێمە ئاوا بەجوانی ئەو دەرد و ئازارەمان هەست پێدەکرد.

ئال کوتی: "ئەگەر سەرەوژووریمان بێتە سەر ڕێ لە گەرمادا دەسووتێین. دەبێت هەندێک لەو کەلوپەلانەمان فڕێ دەینە خوارێ. نەدەبوو قەشەمان لەگەڵ خۆمان هێنابایەت.» (ل ١٦٨) «زۆری بۆ دامەچۆ، شتێکی هەر لێ دەکەین. بەڵام نابێت کارێکی وا بکەین هەموو پێ بزانن. منداڵەکان بەرگەی برسییەتی ناگرن و زوو دەمرن، منداڵ هەر دووڕۆژ دەتوانێت خۆی ڕابگرێت.» (ل ٣٣٨) یان ڕۆمانە بەهێز و سەرنجڕاکێشەکەی «هێنریک سیکویچ» کە دوای نزیکەی ١٨٥٠ ساڵ بە خەیاڵ و لە ڕۆمانێکی مێژووییدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٧ی زایینی و باس لە سەردەمە تاریکەکەی «نیرۆن» دەکات و خوێنەر دەباتە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاری "ڕۆم"ی ئەوسا و لە ناکەسی و خوێنمژییەکانی ئەو زاڵمە دەدوێت و وێنەیەکمان لەو ڕۆژگارە پڕ ئازارە بۆ دەئافرێنێت.

"لە سەردەمی ئیمپراتۆری"نیرۆن"دا شاری ڕۆم لیپاولیپ بوو لە ترس و تۆقاندن. ڕۆژ نەبوو نیسێی کوندی شووم خۆ بە سەر ماڵێکدا نەکێشێت و ژمارەیەکی زۆر تووشی دڵەڕاوکێ نەکات. سەربازەکانی نیرۆن ڕوویان لە هەر ماڵێک دەکرد ئازار و مەرگیان بە دیاری بۆ دەبردن." (ل ٤٩)

کامران حامیدیش بە بیرێکی نوێ و تێڕوانینێکی تازە لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوورەمان دەدوێت و پلاسی لەسەر هەڵدەداتەوە و بۆ خوێنەرانی تامەزرۆی ڕۆمانی کوردی دەگێڕێتەوە. زۆر بە شێنەیی و لەسەرەخۆ، بە یارمەتی وشەی ناسک و ڕستەی شیرین خوێنەر پەلکێش دەکاتە نێو ڕۆمانەکەوە. بەرە بەرە باسەکە دەکاتەوە و بە خوێنەر دەڵێ: دەیهەوێت باسی چی بۆ بکات. ئەم ڕەوتە هێور هێور بیچم دەگرێت و خوێنەریش دەبێتە بەشێک لە ڕۆمانەکە و ئەویش لە هەر بەشێکیدا دەبێتە خاوەن هەڵوێستی خۆی. لەوانەیە ئەگەر ئەو سەردەمە کە هێشتا ڕۆمانی کوردی بەتەواوی بیچمی نەگرتبوو ئەو باسانەیان بنووسیایەتەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش و شیرین نەگووراین. چونکە لەو سەردەمەدا نە پەخشانی کوردی ئەوەندە ڕەنگین بوو، نە نووسەرانی ئێمەش ئەوەندە شارەزای بوار و تکنیکی ڕۆماننووسین بوون.

نووسەری "زینوێ بەتەم"یش وەک "هێنریک سیکویچ" بەهێزی زانیاری و باڵی خەیاڵ، خوێنەرەکانی دەباتە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوو. لەگەڵ کەرەستە و شێوەی ژیان و گیروگرفتەکانی ئەو مرۆڤانەی لەو سەردەمەدا ژیاون، تێکەڵکردنی خوێنەر بەو سەردەمە کارێکی دژوارە. خوێنەرێک کە ئێستا زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی دنیای پێشکەوتووی لە بەردەستدایە، زۆر لەو کار و کردەوانەی بەلاوە نامۆ و دژوارە، بە یارمەتی ئەم گێڕانەوە زەنگینە دەبێت بە بەشێک لەو مرۆڤانەی لەو سەردەمەدا ژیان و تێکەڵ بە تەنگ و چەڵەمەکانیان دەبێت. ئەو ژیان و سەردەمەی نووسەر باسیان لێوە دەکات سەردەمی ساکاری و سادە ژیان بووە. هەر بۆیە نووسەریش بە زمانی سەردەمی خۆیان باسەکەی خۆی دەگێڕێتەوە و ئەو تکنیکەی بۆ گێڕانەوەکەی هەڵیبژاردووە تکنیکێکی ساکار و دوور لە ئاڵۆزی و هەزار و دوولاییە.

**کاکڵ**

"زینوێ بەتەم"، ئاوێنەیەکە لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە. ئەو سەردەمەی کە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی تێدا خولقاوە، ڕۆژگارێکی تەریک و پاشخراوەیە. هیچ کەرەستەیەکی نوێ لە بەردەست خەڵکیدا نیین، کەرەستە نوێکان زۆر کەمن، ئەگەر هەشبن، ئەوە بەدەست دەسەڵاتدارانەوەن و ئەوانیش بۆ سەرکوتی خەڵک و خۆشیی خۆیان، کەڵکیان لێ وەردەگرن.

هەموو نەتەوەیەک بەشی خۆی دەرد و ئازاری هەیە، بەڵام نەتەوەی ئێمە دەرد و ئازارەکەی چەند قاتە. چیرۆکی ئەو دەرد و ئازارانە دەبێت بنووسرێنەوە و باس بکرێن. فەوتانی ئەوانە و لەنێوچوونیان، زیانێکی مەزن لە سامانی نەتەوەییمان دەدات، مانەوە و هەڵگرتنی ئەو دەرد و ئازارانە لە توێی ڕۆمان و چیرۆکەکاندا، دەبنە ئەزموون و بەرەکانی داهاتوو کەڵکیان لێ وەردەگرن.

ڕۆمانی چینایەتی زۆر لەمێژە سەری هەڵداوە و لە زۆر وڵاتانیشدا وەلا نراوە و باسی لێوە ناکرێت. ویستی نوێ و باسی تازە هاتوونە ئاراوە. بەڵام ئەم باسە بۆ ئێمەی کورد باسێکی بڕاوە نییە و زۆرن ئەو بەسەرهاتانەی دەبێت بگێڕدرێنەوە. ئەو بەرە نووسەرەی ئەو ژیانەیان ئەزموون کردووە، دەبێت هەوڵ بدەن ئەوانە بنووسنەوە، چونکە ئەگەر ئەوانە خەمساردی بکەن و پشتگوێی بخەن، بەرەی داهاتوو ئەوەندە لەو کەش و ژینگە دوور دەکەوێتەوە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو بەسەرهاتانە بنووسنەوە و ئەوانیش بە دەردی هەندێک لە بەیتەکان و حکایەتە کۆنە و ئەفسانەییەکانمان دەچن.

ئەگەر کامران حامیدی لە ڕۆمانی "زینوێ بەتەم"دا ئاوڕ لەو مێژوویە دەداتەوە، کارێکی بەجێیە. قەڵەمێکی ئاوا شارەزا و دەوڵەمەند بە وشە و دەستەواژەی گوندی و ناسینی باری ژیانی ئاژەڵداری و وەرزێڕی، دەبێت بەو کەرەستانەی لە بەردەستیدان ئاوڕ لە باسێکی ئاوا بداتەوە و ئەو ژیانە پڕ لە نەهامەتی و کۆڵەمەرگییە بنووسێتەوە و بە بیانووی ئەوەی کە ئەو باسانە سەردەمیان بەسەر چووە لە گێڕانەوەیان درێغی نەکات. هەتا بەرەی نوێ هەستیان پێ بکات و ڕێگەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ملهوڕان و زۆرداران لە کوڕە ئازاکانی ئەو سەردەمە چەقبەستووە فێر بێت و خۆی بۆ تەیار بکات.

دیارە هەر سەردەمێک زاڵمی خۆی هەیە و هەتا گەیشتن بەو کولتوورەی زاڵمبوون ببێتە شوورەییەکی ئەوەندە گەورە، کەس نەوێرێت خۆی لە قەرەی بدات، بەربەرەکانێش هەر دەبێت.

حامیدی لە "زینوێ بەتەم"دا یەکلایەنانە هەڵی نەکوتاوەتە سەر لایەنێکی تایبەتی کۆمەڵگە. لایەکی ڕەش و لایەکی سپی نەنواندووە. ئەگەر مراد و سمایل و سولەیمان و عەولامان هەیە، ئەوە خەلیفە و برایمی قاوەچی و حاجی باییز هەن. ئەگەر حەمەدئاغا و ڕەشکۆمان هەیە و خەرێکی بەرماوخۆری و گورگەمێشین، قادراغاشمان هەیە و پشت لە ملک و سامان و خۆشڕابواردن دەکات و ڕێی نیشتمانپەروەران دەگرێتە بەر. ئەو باسی ڕاستییەکانی سەردەمێک دەکات کە زۆرتر وەک وێنەیەکی ڕەش یان سپی گەیشتوونەتە دەستی ئێمە. بەڵام شارەزایانە ڕەنگاڵەیان پێ دەبەخشێت و وەک ئەوەی هەبوون، پێشکەشی خوێنەرانی دەکات.

قەڵەمی نووسەر قەڵەمێکی ئازا و وریا و شارەزایە لە گێڕانەوە. لە سەرەتای هەر بەشێکدا هەر لە یەک دوو ڕستەی دەسپێکدا خوێنەر پەلکێش دەکاتە قووڵایی باسەکەوە. ئەگەر باسی خەم بێت، تێکەڵ بە دەریایەک لە خەمی دەکات و دەیکاتە هاوبەشی کەسانی نێو ڕووداوەکە و ئەژنۆی خەمیان پێ لە باوەش دەگرێت. ئەگەریش باسی شادی بێت، بە پلەزیقانیان دەخات و سەمایان لەدڵ دەگێڕێت. ئەگەر باسی ئازایەتی بکات، ئەوە ورەی بە هەناودا دەکات و ڕایدەپەڕێنێت و وانەی نەترسانی بە گوێدا دەخوێنێت. ئەوانە هونەری نووسین و کاری کەسانی شارەزا و بەئەزموونی ئەو بوارەیە. کامران حامیدی، یەکێکە لەو کەسە شارەزاو خامە ڕەنگینانە.

لەم ڕۆمانەدا بە سەدان وێنەی جوان لە دیمەنە تایبەتەکانی کوردستان نەخشێندراوە. ئەو وێنانە ئاوێنەیەکی باڵانوێنن و جوانییەکانی کوردستان دەخەنە بەر چاوی خوێنەر. جوانن و دڵگر و خوێنەرپەسەندن. ئەو سروشتەی ڕۆمانەکەی تێدا خولقاوە، ژینگەیەکی کوێستانییە. پڕە لە ڕەنگی گوڵ و بۆنی گیا و هەناسەی هەور و خرمەی باران. کامێرای قەڵەمەکەی حامیدی لە هەموو لایەک دەڕوانێت. ئاسمان، ڕووبار، چیا، پێدەشت و گوند. سەردەکێشێتە نێو ماڵە قوڕینەکان و دیمەنی ئاوری تەندوور و شوێنە گەرمەکان دەگرێت. خۆیدەکات بە نێو دڵ و هەناوی مرۆڤەکاندا و لە خەیاڵ و ئاوات و ترس و دڵەکوتێیان دەپرسێت. بۆ نەخشاندنی دیمەنەکانی لە هەموو ئەو کەرەستانەی لە بەردەستیدایە بەجوانی کەڵک وەردەگرێت. گیانلەبەر و ڕووەک، گیا و گوڵ، هەور و باران، چیای هەڵەمووت، لێڕەوار و دارستان، کانی و ڕووبار، ڕێگە، ماڵ و دیوەخان و مرۆڤ.

"هەوری بۆر گەواڵ گەواڵ دە باوەش ئاسناندا دەخزان و پێش چاوی ڕۆژیان دەگرت. هەتاوی پایزی خۆی لە دەستیان ڕادەپسکاند و ماوەیەکی تر چاوی لە زەوی دەبڕی، هەتا بە یەکجاری لە هەموو لایەکەوە لێی وەر دەهاتن و نوقوم دەبوون.» (ل ٣١) "تاریکی وەک خەوی قورس دەهات بەسەر زەینی زەوی و ئاسماندا زاڵ بێت، تاک تاک جریوەی ئەستێران لە گۆشە و کەناری ئاسمان کەمۆکێک ئەو خەوەیان ڕاماڵ دەدا.» (ل ٤٣)

نووسەر سەرەڕای ئەوەی کە زۆر جوان و شارەزایانە ڕووداوەکان وێنا و تەمسیلیان دەکات، بە هەڵسوکەوتی قارەمانەکانی چیرۆکەکەی و ئەو ڕووداوانەی دەیانئافرێنێت، باس لە ژیانی کوڵەمەرگی و تەنگ و چەڵەمەکانی خەڵکی ئەو سەردەمە دەکات. زۆر جاریش خۆ لە تەمسیلکردنەکە لادەدات و لە زاری خۆیانەوە باسی ڕوانگەکانی خۆی بۆ ژیان دەکات. "مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی، لە هەموو زەمانێکی، لە هەموو خاڵێکیدا بە شێکی زۆرتر لە ژیان، بە حەقی خۆی دەزانێ". (ل ١٤٥)

**(بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا)**

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# کاتێک ئیمام جومعە و شتی دیکە کاتین

ئیمام جومعە لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان دوو جۆرن و ئیمام جومعەی خۆرهەڵاتیش بە سەر دوو جۆری دیکەدا دابەش دەبن.

لە نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامیدا لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئیمام جومعەی شاران بە فەرمانی دوندی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرێن و هی گوندۆکانیش لەبەرانبەر وەرگرتنی زەکات و بەرات لە خەڵکی ئیماندار و هێندێک جار بێئیمانیش، لە مزگەوتان خەڵکەکە بەرەو دینداری نێریکێش دکەن.

ئیمام جومعانی خۆرهەڵاتی کوردستان، زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی گوندان بەشی زۆری ئەوانەی شارانیش ئەوەندە دڵیان بە دەستەڵات خۆش نییە و لە ئاکامدا بێ سێودوو لێکردن دەبێت بڵێین پیاوی باشن. بۆیە دەڵێم پیاوی باش، دوو لە ڕووی فیمێنیستان و پەرژینێکی بەگوڵ لەنێوان من و ژنانی یەکسانیخواز دابێت، لە هەردوو بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش تاقە یەک ژن وەک دەڵێن بۆ دەرمانیش بۆی نییە ببێتە ئیمام جومعە. لەبەر ئەوەی ژن زەعیفۆکەیە و لە هەمان کاتیشدا مێینەیە، ئەو ئیزنەی پێنادرێت خەڵک بە هەر ئامانجێک و بەرەو هەر شوێنێک نێریکێش بکات.

جیاوازیی سەرەکیی نێوان دوو کۆمەڵە ئیمام جومعەی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لەوەدایە ئەوانی خۆرهەڵات هەمیشەیی و ئەوانەی ئێران زۆربەیان کاتین. ئەمەشیان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە لە ئێران کێشەی مرشتەبوون و کەوتنە سەریەک و ئاوسانی ژمارەی ئیمام جومعان هەیە، بەڵکوو دەستەواژەی ئیمام جومعە لە دوو وشەی "ئیمام" و "جومعە" پێکهاتووە. لە ئێرانیش هیچ کەسێک بۆی نیە پێ بخاتە پێڵاوی ئیمامەوە و تەنیا یەک ئیمامان هەیە و ئەوانی دیکە کاتین.

لەم بابەتەدا ئێمە لەبەر ئەوەی بەشێک لە ئیمام جومعەکانی کوردستان باشن گلەیی و گازندەمان لە ئیمامانی جومعەی هەمیشەیی کوردستان کەمترە، ڕووی قسەمان لەگەڵ ئەواندا نیە و لەنێوان ئەوان و ئیمام جومعەی کاتیی شارەکانی ئێران پەرژینی بە گوڵ و ڕیحان دادەنێین و ئیزن نادەین بۆن و بەرامەشیان تێکەڵی یەکتر ببێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئیمام جومعەی کاتی و لە حەقیش لا نەدەین ئەم کاتیبوونە زۆر شتێکی باشە. بۆ نموونە ئەم کاکە کازمەی خۆمان لە تاران ئیمام جومعەی کاتییە. مەبستم کازم سدیقیە، بەشێکی خەڵک ئەوەندە بوختانیان پێ کرد، هەتا بوختانەکە وەڕاست نەگەڕا لە دوای نەبوونەوە.

مامۆستا کازم ئیمام جومعەی تارانە و لە تارانیش کۆمەڵێک ئیمام جومعەی کاتیی دیکە هەن، بۆ وێنە ئەحمەد خاتەمی یەکێک لەو ئیمام جومعە کاتییانەیە ئەگەر دەست بە خوتبەی هەینی دەکات، زەوی و ئاسمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بۆ هەموو جورە پرسیارێکی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی وڵامێکی کۆنکرێتی پێیە. ئیمام جومعەیی هەمیشەیی تارانیش ئێران و تووران و ڕێبەری هەموو جیهانە و پشتی خاتەمی دەگرێت و کەس ناتوانێت گومان بخاتە سەر وەڵامەکەی و پێی بڵێت پشت ئەم چاوە قووڵانەت برۆیە. بۆ وێنە ئەگەر جارێک بێتە سەر مینبەر و بڵێت کازم سدیقی ئیمام جومعە کاتییەکەی دیکە زەویی لە گرانترین شوێنی باکووری تاران نەدزیوە و گەندەڵیی نەکردوە، هەتا ماوەیەکی باش و بە شێوەیەکی کاتی ئاو بە ئاگردا دەکرێت.

دیارە باکووری تاران شوێنی دەوڵەمەندانە و لەوێ بە شێوەی کاتی و هەمیشەیی باس لە پارەی زۆر و زەویی و زاری بەنرخ دەکرێت. بەڵام لەو شاری "وەرامین"ـەی ئێستا کەوتووەتە باشووری تاران، هەفتەیەک لەمەوبەر ئیمام جومعەی کاتیی ئەوێ ئاوێکی ساردی بە هۆشی دەسکرد و دۆزینەوەی هەساران و دەکارکردنی وەزی پاک و ئەم شتانەدا کرد و ڕۆیشتە سەر مەبەستێکی کاتیی زۆر گرینگ و لە خوتبەکەیدا فەرمووی هەندێک لە ژنان و کچان پارەیەکی زۆر دەکەنە تێچووی ڕێکخستنی دەموچاو و خۆجوانکردن و چاندنەوەی نینۆک و نەشتەرگەریی لووت و ئەم بەزم و ڕەزمانە و قورساییەکی زۆری ئابووری دەخەنە سەر هاوسەرانیان و لە زۆر بوارەندا گوناهبار دەبن و تەناتەت زیان بە جەستەی خۆشیان دەگەیەنن.

حوجەتولئیسلام "سەید موحسین مەحموودی" کە ئەویش وەک کاک ئەحمەد خاتەمی سەیدە، لە خوتبەکەیدا هەم لە ناڵی دا و هەم لە بزمار. ئەو چەکوشەی دایوەشاندە بزمار ئەمە بوو گوتی، ئەو دایک و باوکانەی خوا کچی پێداون پێویستە ڕێز لە ئەم چاکەیەی خوا بگرن و چاکەی هەبوونی کچ زۆر بەرزە و پێچەوانەی بیرۆکەی خۆرئاواییەکان ڕوانین بۆ کچ و ژن لە ئیسلامدا ڕوانینێکی شەهوەتاوی نییە.

ئیمام جومعەی وەرامین دەڵێت نابێت کچان و ژنانی ئێمە لاسایی خەڵکی وڵاتانی خۆرئاوا بکەنەوە و چاندنەوەی نینۆک و نەشتگەریی لووت و سوورکردنی لێویان لێ فێر بن. ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بێت، ئەم ئیمام جومعەیە باشی بۆ چووە و لە بنەڕەتدا زۆر باش لە بابەتەکان گەیشتوە. ئەو باش دەزانێت دوو گەڕەکی زۆر جودای "وەرامین" و "لەواسان" لە تاران چەندە لە یەکتر جودان. لەنێو هەوای پاک و بێگەردی لەواسان لەسەر ئەم زەوییە جوانە ڕوخسار و ڕازاندنەوەی دەموچاوی ژنان لە بەرەبەیانەوە هەتا ئێوارە تۆزی لێ نانیشت و لەلای وەرامین و قەرچەک ڕۆژانە ژنان بە دەم و چاو شوشتن و نوێکردنەوەی ڕێکخستنی دەموچاو ڕاناگەن و ئەنجامی هاوبەشی ڕێکخستنەوەی ڕووخساریش لەوێ وەک ئەرکی ئیمام جومعایەتی کاتییە.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:871 20 May 2024

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com
ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# لە کۆڕێکی شایاندا ڕێز لە سەلاح پایانیانی، دانەری فەرهەنگی زارەکیی موکریان نرا



ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ نووسەر و فەرهەنگنووس، بەڕێز سەلاح پایانیانی، دانەری فەرهەنگی زارەکیی موکریان لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان ڕێکخست.

سەرەتای بەرنامەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر دوکتور سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دێموکرات باسێکی لەسەر زمان و گرینگیی فەرهەنگی زارەکیی موکریان پێشکەش کرد و زەحمەت و ماندووبوونەکانی بەڕێز سەلاح پایانیانی بەرز نرخاند. پاشان کاروان عەبدوڵڵا بەرپرسی دەزگای موکریانی باسێکی کورتی سەبارەت بە گرینگی و چۆنیەتیی چاپکردنی فەرهەنگی زارەکیی موکریانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەش کرد.

نێوئاخنی بەرنامەکە پێکهاتبوو لە چەند پارچە موسیقا لەلایەن گرووپی هونەری "ئاڵا"وە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا دانەری فەرهەنگی زارەکیی موکریان، کاک سەلاح پایانیانی وێڕای سپاسی بەشداربووان و پێزانین بۆ ڕێکخەرانی ئەو کوڕە، باسێکی کورتی لە بابەت کەموکوڕی و ئاستەنگەکانی نووسینی فەرهەنگی وشە لە زمانی کوردیدا و هەروەها گرینگیی دانانی فەرهەنگ لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا پێشکەش کرد و سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە بە درێژایی چارەگە سەدەیەک لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا هاوکار و پاڵپشتی بوون.

بەرنامەکە بە ڕێزلێنان لە مامۆستا سەلاح پایانیانی و خاتوو لەیلا نوورانی هاوژینی ناوبراو کە لە کۆکردنەوەی ئەم گەنجینە پڕبایەخەدا هاوکار و پاڵپشتی بووە و بە پێدانی چەپکەگوڵی وەفا و ڕێزلێنان لەو دوو بەڕێزە کۆتایی پێ هات

سەلاح پایانیانی لەدایکبووی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٧هەتاوی لە شاری مەهابادە و پتر لە ٢٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لەسەر تەواو کردنی فەرهەنگی زارەکی موکریان داناوە

# ”ز“، یەکەم بەرهەمی سینا خەلیلی، پێشمەرگەی لاوی حیزبی دێموکرات چاپ و بڵاو کرایەوە




چیرۆکی ”ز“ لە نووسینی پێشمەرگەی لاوی حیزبی دێموکرات، سینا خەلیلی، چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم چیرۆکە باس لە ژیانی دانیشتووانی شارێک دەکات کە توانای مانەوە و دروستکردنی ژینگە و ژیانی خۆیان نییە. چیرۆکەکە لە زمانی کچێکەوە نووسراوە و نووسەر هەوڵی داوە بابەتەکانی کۆچ و دیلبوون بەرجستە بکاتەوە.

بابەتی سەرنجڕاکێشی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە شوێن و ساڵ و هیچ ناوونیشانێکی ڕوون نییە و تەنانەت ناوی کاراکتەرەکانیش لە پیتەکاندا کورت بووەتەوە. هەروەها چیرۆکێکی تەم و مژاوی و ئاڵۆزە کە باس لە دەروونی نائارامی کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە دەکات و دیزانی بەرگەکەی لەلایەن شاهۆ ئەحمەدییەوە کراوە.

سینا خەلیلی لاوی تەمەن ٢٣ ساڵی خەڵکی مەهابادە کە لە ساڵی ٩٩ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران بووە. سینا خەلیلی لەمبارەوە بە کوردستان میدیای وت: "ئەم کارە یەکەم بەرهەمی منە، بە واتایەکی تر بەرهەمی ئەم دۆخە قورس و گرانەیە کە تێیداین. ئەوەی بۆ من گرینگ بوو و ببووە کێشەیەکی فکری لام، مامەڵەی تاکی خۆرهەڵات لەگەڵ خاک و نیشتمانی خۆی و جیهانی دەرەوەی خۆیەتی، واتا نیشتمانی خۆی بە دۆزەخ و وڵاتە ئورووپاییەکانیش وەک بەهەشت سەیر دەکات و هەموو ڕێگەکان دەبڕێ و دەست بۆ هەموو شتێک دەبات بۆ گەیشتن بە وڵاتە ئورووپاییەکان. لێرەوە من بەپێی بۆچوون و دونیابینیی خۆم تیشکم خستووەتە سەر هۆکارەکانی ئەم نەفرەتەی تاکی خۆرهەڵات لە خاکی خۆی و خۆشەویستیی بۆ وڵاتانی بێگانە. لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێک بابەتی تریشم باس کردووە و هەوڵم داوە ئەم جیهانە لە چاوی کچێکی ٣٦ ساڵەی بەندکراوەوە ببینم."

بەر لە ماڵاوایی

# ئێمە ”پاژ“ نین، گشتین وەک هەر گشتێکی دی



ئەلبورز ڕۆئین تەن

لە سەفەری بەمدواییانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئێران و لەو کۆبوونەوەیەیدا لەگەڵ خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بووی، خامنەیی گوتی کوردەکان پاژێک [جزء] لە ئێمە [دەسەڵاتی تاران]ن. ئەو قسەیەی خامنەیی بە خوێندنەوەیەکی ڕواڵەتبینی لەوانەیە وا لێک بدرێتەوە کە خامنەیی بایەخ و گرینگی بە کوردان داوە، بەڵام بە لێوردبوونەوە لە مەبەستە شاراوەکانی پشتی ئەم ڕستەیە تێدەگەین هەتا چ ئاستێک ئەو تێڕوانینە بە کەمزانین و بچووکردنەوەی نەتەوەی کوردی مەبەستە، نەتەوەیەک کە خاوەن زمان، مێژو، کولتوور و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیەتی و بەڵگە مێژووییەکانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەسەلمێنن کە کۆنترین نەتەوەی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایەیە.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو تێڕوانینەی خامنەیی [کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی فارس-شیعە دەکات] کە لە ڕوانگەیەکی خۆبەزیاترزانینی خۆی و بە کەمزانینی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ، نوێ نییە. ئەو ڕوانگەیە سەدان ساڵە بە شێوەی جیاواز و بە سیستماتیک جێبەجێ دەکرێ بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێت فارسبوون یا وەک ئەو بیرکردنەوە، یا زیاتر لە ئەو واتە فارس چوون ببێتە بایەخ لە کۆمەڵگەدا. بۆیە ئێستاش کاتێک کوردەکان فارسی قسەکردنەکەیان باش یا بە بەشێوەزاری تارانی نەبوو گاڵتەی پێ دەکرێت و، هەم لەم ڕوانگەیەوە منداڵی کوردستان بە دێهاتی و منداڵی تارانی بە گەورەبووی مەکۆی شارستانییەت دەزانرێت. هەر لە ڕوانگەی ئەوانەوە گەورەترین شانازیی کوردەکانەکانیش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ئاگایان لە سنوورەکانی وڵات هەیە و خۆیان گوتەنی «مرزبانان غیور»ن. وەک بڵێی کوردەکان لەم وڵاتەدا بۆ ئەوە لەدایک نەبوون بژین و مافی وەکیەکیان لەگەڵ هەموو دانیشتووانی وڵات هەبێت، بەڵکوو تەنیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی وڵات لە دایک دەبن؛ وڵاتێک کە نەک هیچ خێروبێرێکی بۆ کوردەکان نەبووە، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری سەرکوت و هەژاری و بەشمەینەتییەکان هەر بەر کورد کەوتوە. تەنانەت ئەگەر کورد بەو پەڕی قارەمانی و ئازایەتییەوە ئەو سنوورانەش بە گوێرەی ویستی حوکمڕانانی تاران بپارێزێت، ئەوا دیسان هەر بە مەترسی سەیر دەکرێن و دەبێت لە تارانەوە حوکمڕانی بکرێن و هەر ئەوەندەیان بەسە پێیان بڵێن: «مرزبانان غیور»!

ئەم تێڕوانینە لە ڕێگەی حکوومەتی تارانەوە وەک سیستمێکی بەڕێوەبەری لە کوردستان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتی و کەرتەکان لە پەروەردەوە بگرە هەتا ئاوەدانی و کشتوکاڵ جێبەجێ کراوە. ئامانجی یەکەمیش لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە ئەوەیە هەستی باوەڕ بەخۆبوون لە تاکی کورددا بکوژێت و لەبری ئەوەی هەست بە بوونی خۆی وەک کورد بە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی بکات، خۆی بە کەمتر لە ئەویتران بزانێ و پێویستی بەوە بێت بڵێ من ئەندامی نەتەوەیەکی ساختەی وەک ئێرانم.

خۆ ئەگەر باس لە هۆکارەکانی چارەسەرنەبوونی پرسی کورد بکەین و بابەتەکانی وەک ژێئوپۆلۆتیکی کوردستان، دڕندەیی داگیرکەران، یەکگرتوونەبوونی کورد، هاوکێشە نێونەتەوەییەکان و....هتد بە هۆکار دابنێین، هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەو باوەڕبەخۆنەبوونەی کورد دەگەڕێتەوە کە دوژمن بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لە ڕێگەی ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتی ناوەندییەوە خستوویەتیە نێو مێشکی تاکی کوردەوە. هەر ئەوەش وا دەکات کورد بەردەوام داوای مافی خۆی لە کەسانێک بکات کە باوەڕیان بەو مافە نییە و لە باشترین حاڵەتدا کورد بە «بەش» دەزانن ئەو بەشەی تەنیا ئەرکی هەیە نەک هیچ مافێک و گەورەترین شانازیشی ئەوە دەبێ ئەگەر سنوورەکان باش بپارێزێ.

لایەنێکی دیکەی ئەو قسەیەی خامنەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەش بەردەوام دەبێ فەرمانەکانی تەواو یا گشت جیبەجێ بکات، چونکە تەواو ناتوانێ بە دوای «بەش»دا بێت. لێرەدا هەبوونی بەش تەنیا بۆ خزمەتکردنی تەواوەکە مانا دەکرێت و دەبیندرێت. ئەوە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر هەرێمی کوردستانیشدا زۆر بەڕوونی دیارە و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوو، بەتایبەت سیاسەکانی ڕێژیم لە چەند ساڵی ئەمدواییانەدا لەم ڕوانینەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو دەستێوەردان، تۆپباران، مووشەکباران، نانەوەی کێشە و ئاژاوە بۆ کورتکردنی دەستی تۆ لە مافەکانت بە مافی خۆی دەزانێ و هەرچی ئەویش بیهەوێ و ئیرادەی بکات وەک ئەرکێک چاوی لێ دەکات خستوویەتە سەر شانت بەبێ ئەوەی دان بە بوونی هیچ مافێکت دابنێت.

هەر بۆیە ئەو ڕستەییەی خامنەیی کە دواتر وەک تەنیا ڕستەی بڵاوکراوەی نێورۆکی دیدارەکەی لەگەڵ بەڕێز نیچیروان بارزانی، سەرۆکی هەرێم بڵاو کرایەوە و بە پەڕی زانینیەوە لە تێڕوانینی ناوەند یا تاران بۆ نەتەوەی کوردەوە سەرچاوەی گرتوە، پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت. نێوئاخن و مانای ئەم ڕستەیە زیانەکانی لە مووشەکباران و دوژمنایەتیی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی زیاترە، چونکە ئەو ڕستەیە کە دەربرینی تێڕوانینی ناوەندە بۆ کورد، دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کات بیهەوێ بە کەیفی خۆی دژایەتیت بکات و هێرش بکاتە سەرت و ئەوەش بە مافی خۆی بزانێت.

بە خۆشیەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵسوکەوتی سیاسی و ژیرانەی خۆی نیشانی داوە وەک کۆمەڵگە و وەک نەتەوە نەک خۆی بە کەم یا بەش نازانێت، بەڵکوو خۆی بە هاوشان هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم جوغرافیایە دادەنێت. هەر ئەوەش پێویستە ببێ بە ڕوانگەی سیاسەت هەتا ئەوکات لە داواکارەوە بۆ پارێزەر و ئەستێنەر بگوڕێ، چونکە تەنیا ئەوکات لە ڕۆژگاری ڕەشی ژێردەستەیی ڕزگارت دەبێ و ئازاد وەک هەموو ئەوانی دیکە سەیر دەکرێی، نە زیاتر و نە کەمتر.